ئەفسانەی

# کوێرئۆغڵی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

یەشار کەمال

ئەفسانەی

# کوێرئۆغڵی

شوکور مستەفا
لە تورکییەوە کردوویەتی بەکوردی

ناوی کتێب: ئەفسانەی کوێرئۆغڵی
نووسینی: یەشار کەمال
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: شوکور مستەفا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٦ی
سالّی ٢٠١٠ی دراوەتێ

هۆ براینە، هۆ دۆستینە، هۆ ئەو کەسانەی لە ڕێگە و بانان، لە ملە و بەندەن و سەرکەلان، لە تەویلە و پشتیر و کێڵگە و مەزرایان، لە بێروون و سارا و دەشت و پێدەشتان گوێتان لێ ڕاگرتووین، ئەی خوێندەوارینە، هۆ ئەو کەسانەی دەپرسن، یا دەزانن دنیا چەند چمک و سووچ و قوڕنە و کون و کەلێنە. هۆ ئەوانەی حەوت ئیقلیم و هەر چوار قوڕنەی دنیا گەڕاون، داستانێکتان بۆ دەگێڕینەوە... مرۆ لەم دنیایەدا لە چ دەگەڕێ، بگەڕێ لە دۆستایەتی، لە برایەتی، لە خۆشەویستی دەگەڕێ، با درێژە بەقسان نەدەین، بێ سوودە... با یەکە یەکە دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی کوێرئۆغڵی بکەین. با بگەڕێینەوە بەرەو ساڵەکانی دوور، ساڵە کۆنەکان. باسی بەسەرهاتەکانی کوێرئۆغڵی بگێڕینەوە. دەماخی گوێدێرانی پێ چاخ بێ، سەر و دڵیانی پێ ئاسوودە و ڕەحەت بێ، بەرۆکی مەردانەیان نەکەوێتە دەستی نامەردان. سڵاوێکی گەرم و گوڕیش لە ناخی دڵەوە بۆ ڕۆحی ڕەوانی ئەو مامۆستا داستانبێژانەمان کە بەر لە ئێمە هاتوون و ڕۆیشتوون و بەئاوازێکی خۆش چیرۆکەکانی کوێرئۆغڵییان بۆ خەڵک گێڕاوەتەوە. ڕۆحیان پێ شاد بێ.

وا دەگێڕنەوە:

ئەو سـەردەمـە ئەسـتـەمـبـۆڵ پادشانـشـین، بۆڵوو بەگنشـین بوو. دیارە کوڕانـی عوسمان دەستیان بەسەر ئەستەمبۆڵێ ڕادەگەیشت.

هـیچ پێویسـتی بەکەلاخسـتن و بواردنیان نییە، کەس نییە نەیانناسێ. دەوجا با ئێمە لە بەگی بۆڵووەوە دەست پێ بکەین.

بەگی بۆڵـوو، ئەو سـەردەمـە بەگـێک بوو هێندەی پـادشـاکـانی عـوسـمـانلی گـرنگ، ئـەوەندەی وان بەشـان و شـەکـەوت بوو. لاو بوو، قـۆز بـوو. هـۆزەکـەی خۆشیان دەویست، شانازییان پێوە دەکرد.

ئەم بەگـە کـەڵەگـەتە، ژیرە، قـۆزە، دادپەروەرەی بۆڵـوو، جـوانـتـرین ئەسـپ و مـاینی سـەر دنیای لە بۆڵوو، بەخێـو دەکرد. ناوبانگی ئەو ئەسـپ و مـاینانەی ئەو پێی دەگەیانـدن تخـووبی ئەنەدۆڵێی بەزاندبوو، گـەیشـتـبـووە هیندسـتـان و فەرەنگستان و ئێران و تووران.

کە دەیانگوت: بەگی بۆڵوو جـوانتـرین ئەسـپی وەکو با، وەکو پەلەوەر، وەکو تریشقە بەبیراندا دەهات.

سـەر بێ سـەرێشـە نابێ. بەگی بۆڵووش سـەرێشـەیەکی زۆر گەورەی هـەبوو. بەڵام چ سـەرێشەیەک، تووشی دوژمنت بێ. دەرد و سـەرێشـەکەی ئەوەبوو هـەر لە کۆنەوە نێـوانی لەگەڵ پادشـاکـانـی عوسـمـانلیدا ناخـۆش بوو و لەگەڵیـاندا هەڵی نەدەکرد.

ئەم نێوان ناخۆشییەیان شتێکی زۆر بەتالووکە و پڕمەترسی بوو.

دەیانتوانی ڕۆژێ بەگایەتییەکەی لە دەست، ئەسپ و مـایینەکانی لە پاوان و لەوەڕگان، کەللەی سـەریشیان لە لەشی بستاندبایەوە. هـەر بەگێک عـوسمانلی بەچاوی نەنگ تەمـاشـای کردبا، هـەرچییـەکی کردبا سـەری لە گێژاو و کێشـە پێ رزگار نەدەکرا.

بەگەکانی بۆڵوو خـۆیان لە زۆر بەڵای لابەلای عـوسـمـانلییـەکان دەپاراست. دەیانپـاراست، بەڵام لـەسـەریان بـەچەند دەکـەوت؟ بەگ لە کـۆشـک و تەلاری عـوسـمـانلیـیـەکـانـەوە دەنگ و باسـی وای بەرگـوێ دەکـەوتەوە بـەجـارێ

دەیشڵەژاند. مەڵێ، پاتشا ناو و شۆرەت و شان و شکۆی بەگی بۆ قووت نەدەچوو، گۆیا خەریکی بەسەردادانێتی و هاکا پڕی دایێ. ئەویش لەپاش هەموو دەنگ و باسێ بەدیاریی گەورە و گرانبایی کینە و تووڕەییی پاتشای خاو دەکردەوە.

ئەم بەگە بەختەوەرە هاتبا ئەم سەرێشەیەی لە کۆڵ بایەوە ئیدی لە دنیادا لە خۆی بەختەوەرتر نەدەبوو. جا سەبارەت بەمە بوو، بەگی بۆڵوو، بۆ ئەوەی بچێتە دڵی عوسمانلییەکانەوە و لەگەڵیاندا ئاشت بێتەوە هیچ هەل و دەرفەتێکی لەدەست نەدەدا. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ڕۆژێک دێ بەو ئاواتەی خۆی بگا و بە بەختەوەرییەکی هەتاهەتایی شاد و شوکور ببێتەوە.

لەمەڕ ئەسپەکانی بۆڵووەوە گوتمان ناوبانگیان دنیای سەرانسەر داگرتبوو. کەس نەبوو لە چینەوە بۆ ماچین، لە ئێرانەوە بۆ تووران ناویانی نەبیستبێ. کێ ئەم ئەسپانەی – کە ئەم ناوبانگەی پێ بەخشیبوون – بەخێو دەکرد؟ سەرەک مەیتەریان کێ بوو؟

ئەوی ئەم ئەسپانەی بەخێو دەکرد پیر یوسفیان پێ دەگوت.

ئەویش هێندەی بەگی بۆڵوو – بگرە پتریش – ناوبانگی دنیای گرتبووەوە. دەربارەی ئەمیش لە هەموو گۆشە و کەناری دنیادا سەدان چیرۆک و حەکایەتی سەیر – سەیری لە ئاوەز و خەیاڵ بەدەر بەرگوێ دەکەوتنەوە، هەر دەتگوت لە بنیادەم لەدایک نەبووبوو، لەماینان کەوتبووەوە. نەء، ئەو زمانی ئەسپانی دەزانی، شەوانە تا بەرەبەیان لەگەڵ ئەسپان داخاوت، گوێی دەدایە دەرد و ئازاریان، دەبوو بەهەتوانی برینیان، لە هەرچی ئەسپی دنیاوە هەیە، لە ڕەگ و ڕەگەمای ئەسپانەوە، شانموونەی ئەسپان، دووعا و سەلامی بۆ دەهات. پیریوسف نەبوو، سەرەک مەیتەر نەبوو، پاتشای ئەسپان بوو... زۆری بەتانا نەڕۆین، هەموو بوونەوەرێ، مێشەنگ، مەل، مێروو، هەر تیرەیەکیان بگری شایەکیان هەیە، پیریوسفیش شای ئەسپان بوو. هەر لە دووررا لە ئەسپێک ڕامابا، تا حەوت پشتانی بۆ دەژماردی. بیری لە هەرچی کردباوە،

تەمەنی چەند با، چەند جوانووی هەبایە، هەمووی دەزانی.

ئەوجا با بێینەوە سەرەوکاری پیریوسف و چیرۆکەکەی بگێڕینەوە. ئەم پیریوسفە کێ بوو و چ کارە بوو؟ ئەوانەی بینیبوویان و ناسیبوویان و بیستبوویان وایان دەگێڕایەوە کە:

لە تیرەیەک بوو، ڕەنگە دە هەزار ساڵ دەبوو، ئەسپی رەسەن و جوانیان پێ دەگەیاند. جێگە و ڕێگایان نێو جەنگەڵ و لێڕەواران بوو، لە داوێنی چیایەکی ترۆپک بەهەور و هەڵا و تەم و مژ، لە داوێنێکی پڕ کانی و کانیاوی پڕ بۆن و پونگ و گوڵاڵە زەردە، لە شوێنێکی زۆر بەپیت و بەرەکەتدا بوون، بەردت لێ چاندبا دەڕوا، دارستانێکی بەچیمەن و هەرێز بوو. هەموو بەهارێ وەنەوشەی تا چۆکان دەهات، ئەو ناوە تا ئاخر و ئۆخری هاوین وەنەوشەی کەروێشکەی دەکرد و بۆن و بەرامەی دەوروبەرانی مەست دەکرد.

لەم پێدەشتە جوان و ڕەنگینەدا بەسەدان، بەهەزاران ئەسپی ڕەسەن دەلەوەڕان. حیلەی ئەسپ ئەو مەڵبەندەی سەرلەبەر دەهەژاند. بەسەدان ماین با باڵی دەشەکاندەوە، جوانوو بەدواوە، لەو دەشتە سەرسووک و ئازاد، بەختەوەرانە دەهاتن و دەچوون. بەهەزاران ئەسپ لەو دەشتە بێ ڕەوکەوان و بێ ڕێشمە و لغاو... ئیدی بەهەشتێکی ئەسپان بوو بۆ خۆی. خەڵکی ئەم شوێنەش تەنیا کارێکیان هەبوو، ئەویش ئەسپ بەخێوکردن بوو. کاریان ئەوەبوو، ڕەگەز ڕەگەز، تیرە تیرە، جۆر جۆر ئەسپان بۆ دنیا پەروەردە بکەن. خەڵکی ئەم مەڵبەندە کاری چاندن و داشتن و دروێنە و شتی وایان نەدەزانی، جا وا زانیشیان چیی لێ بکەن. بەسایی ئەسپەوە لە هەموو لایەکی دنیاوە زێڕیان ڕێژنە ڕێژنە بەسەردا دەباری. پاتشا و میران ڕەوە ڕەوە ئەسپیان لێ دەکڕین. ئەم خەڵکە ئەسپپەروەرانە هێندە بەختەوەر بوون هیچ خواستییەکیان لە خوا نەبوو. ساڵێک لە ساڵان کارەساتێکیان بەسەرهات قەتیان نەدیتبوو. لەم خاکە ئەسپپەرەوەرەدا بوو بەقات و قڕ. تەڵێ گژوگیای نەهێنا، تنۆکێ باران لە هەوران نەباری، زەوی قڵیش قڵیش دەقڵیشاوە. لەو خاکە وشک و برینگە هەوری تۆز و خۆڵی وا هەڵدەستا چاو چاوی نەدەدیت. پیاو هەرچەندی

کـردبا هەناسـەی بۆ نەدەدرا. خـەڵکەکە لـە برسـان وەکـو مـەڕ و بزن ئەرزیان دەلستەوە.

ئینسانەکان، زۆرتر ئەسپان وردە وردە پەکیان کەوت. لێرە و لەوێ بەسەدان جـوانووی مـردوو کەوتبوون، مـاینەکـان دەسـتـیـان بـەلاداهـاتن کـرد. هەندێ ئەسپ، پاش ئەوەی تنۆکێ ئاو، تەڵێ گیایان وەچەنگ نەکەوت سـەری خـۆیان بەرەو چیاکان هەڵگرت، بـەرەو وڵاتێکی پاراو و بەبژیو کۆچیان کرد. کانیـاوی چیـاکـانیش چۆڕیان لێ بڕابوو، دار و درەخت وشک بووبوون، ئەسـپـەکـان چیاکانیشیـان بەجێ هێشت. ئەو ئەسـپە دۆسـتانەی لە نێو گوندەکەدا، لەبەر دەرکی مـاڵان قـەیرێ دەوەسـتـان چاوەڕێیـان کـرد. لەو مـەڵبـەندەدا لـە تاکـە ئەسپێک بەولاوە هیچی دیکەی لێ نەما.

لە پاش ئەسپەکان ئینسانەکانیش ئیدی بەرگەیان نەگرت، هەریەکە لە لێفە شڕ و شڕوشیتاڵی خۆی نەوی و مـاڵ و منداڵی وەدووی خۆی دا و ئەستـەمبۆڵ خۆت بگرە هـاتم، ئەدەنە لە کوێی هـاتم، ئورفـە، ئیزمـیر خـۆتان بگرن وا هـاتین، هەموو لێیان دا ڕۆیشتن. لە ئینسانەکانیش بەتەنێ باوکی یوسف مایەوە.

باوکی یوسف لەگەڵ زایێ بوون و لەناوچوونی هەر ئەسپێکدا ئەویش زایێ دەبوو و دەمرد، لەگەڵ هەڵاتن و تێتـەقاندنی هەر ئەسـپێکدا لایەکی جـەرگ و هـەناوی دەڕۆیشت و دەتوایەوە، ئەویش بـەرگـەی ئەم ئیش و ئازارەی نەگـرت، کەوتـە نێو جـێوە. ئەو ئـەسـپـەی هـەڵنەهـاتبـوو و بەتەنیـا لە گوندا مـابووەوە ئەسـپـەکـەی باوکـی یوسف بـوو. ئەسـپـێکی بۆرە، پـاڵ و بژی وەکــو هـەور هـەڵکفـابوو. لەوەتی باوکی یوسف نەخـۆش کەوتبـوو، دەرکەی حـەوشـەی بسـتـێ بەجێ نەدەهـێشت. بەچاوی پڕ خـەم و کـەسـەرەوە، بەئازارێکی بێ سنوورەوە لەبەر دەرکە، بێ ئەوەی جووڵە بکا ڕاوەستابوو.

باوک ڕۆژێکیان کوڕەی بانگ کرد، گوتی:

«کـوڕم یوسف، سـواری ئەم ئەسـپـە بە، لەم ناوەی دوورخـەوە، ئەم ئەسـپـە دۆسـتـە، ئەسـپـێکی تا بڵـێی رەسـەنە ئینسـانەکـان ڕۆژێک ئاتاجی ئەم جـۆرە

ئەسپانە دەبن، با نەمرێ، با بۆ خۆی بژی و تۆرە و سۆرەی لێ بکەوێتەوە. با ڕەسەنی ئەسپە بۆرە کوێر نەبێتەوە.»

یوسف گوتی:

«فەرمانت لەسەر سەرم، باوە گیان. دەیبەم لە مەڵبەندێکی بەراوی زەنوێر و هەرێزاوی بەرەڵڵای دەکەم و دەگەڕێمەوە.»

یوسف بۆ سبەینێ زوو تاریک و ڕوون سواری ئەسپەکە بوو، باژۆ. زەوی وا تەرەکیبووەوە، کەند کەند، شەقار شەقار دەمی کردبووەوە، ئەسپە بۆرە بەسەر هەموو کەند و لەندێکدا وەکو باڵدار باڵی گرتەوە. دڕی بەهەوری تۆز و خۆڵ دا و لە وڵاتی قات و قڕ دەرچوو. بڕۆ بڕۆ تا گەیشتنە دەشتێکی بەراوی پڕ گیاوگۆڵی بەپیت و فەڕ. یوسف لە ئەسپەکە دابەزی، زین و لغاوی لێ کردەوە، هەردوو چاوانی ماچ کرد و بەرەڵڵای کرد. ئەوجا بەپێیان ملی ڕێگای گرت، بەهەزار دەردی سەری و پێ کوتران و ماندوو و شەکەتبوون، پاش چەند ڕۆژان گەڕایەوە بۆ ماڵ. بەڵام چی ببینێ. هەردوو چاوی وەکو کووژەکەی شین کرایەوە. ئەسپە بۆرە وەکو بەرزەکی بانان جوان و زەریف لەبەر دەرکەی وەستابوو.

یوسف گوتی:

«باوە بەوەندە سوێند و بەوەندە قورئانە بردم، مەڵبەندێکی بەگژوگیا و بژیوم بۆ دێتەوە، بڕوات بێ بابە ئەسپەبۆرەم برد لەوێندەرێ بەرەڵڵام کرد. بڕوا ناکەی فەموو بڕوانە پێ و پلم.»

باوکی گوتی:

«باوەڕت پێ دەکەم کوڕی خۆم، باوەڕت پێ دەکەم، بەڵام هەمیسان بیبەوە، ئەمجا بۆ مەڵبەندێکی دیکەی ببە، بۆ مەڵبەندێکی ببە لە مەڵبەندەکەی خۆمان بچێ، بۆ داوێنی چیایەکی ببە کوڕم، بەڵکو ئەم جارە نەگەڕێتەوە. حەیفە با ئەسپە بۆرە لە نێونەچێ.»

یوسف هێشتا ماندوێتیی نەحەسابووەوە. خۆی هەڵدایە سەر ئەسپە بۆرە.

باژۆ، زۆر ڕۆیشتن، کەم ڕۆیشتن، چەندین ڕێگە و بان، چەندین هەڵەت و زوورگیان بڕی، چەندین زەویوزاری بەراو. چەندین دەشت و پێدەشتی بەگیا و گوڵیان دیت. نەدەوەستان. ئیدی یوسف لە پاشان مەڵبەندێکی دیتەوە کوتومت وەکو مەڵبەندەکەی خۆیان دەچوو. لە ئەسپەکە هاتەخوار، ڕێشمە و لغاوی لەسەر داماڵی، زینەکەی لێ کردەوە، دووجاری هەردوو چاوان ماچ کرد و تێی ڕاخوڕی:

«ئەسپە بۆرە، ئەسپە بۆرە، گیانەکەم ئەسپە بۆرە دەزانم دۆستی، برای، هاوڕێی، هاودڵی، لێمان جوێ نابیەوە، بەڵام لەوێ بمێنیەوە لە برسان دەمری، مەگەڕێوە! جارێکی دیکە مەگەڕێوە ماڵ! چونکە باوکم جارێکی دیکەشت دەنێرێتەوە، هەرچی دەقەومێ لە من دەقەومێ، چەندین ڕۆژە هاتوچۆ دەکەم بەزەییت پێمدا بێتەوە.»

یوسف دووعاخوازیی لە ئەسپەکە کرد و بەڕێ کەوت. کە گەیشتەوە ماڵێ پێڵاوی بەپێوە نەمابوو. پێستی ژێر پێی بەجارێ داماڵکابوو. هەرکە گەیشتەوە ماڵێ چ ببینێ، ئەسپە بۆرە دیسان لەبەر دەرکە وەستابوو. یوسف لە تووڕەییيان سەری ئاوسا، بەڵام هیچی بەئەسپە بۆرە نەگوت.

یوسف گوتی:

«باوە، باوە! ئەمجارە بڕوام پێ بکە، بەوەندە سوێند و بەوەندە قورئانە ئەمجارەشم برد، ها ها پێ و پلم چیی بەسەرهاتووە.»

باوکی گوتی:

« بڕوام کرد کوڕۆ، بڕوام کرد. ئەمە کەڵە نێرێکی دەریایە. پێنج ساڵی ڕەبەقم لە گوێی دەریایێ چاوەنۆڕ کرد، ئینجا لە پڕێکا گوتم، ئەمە ئەسپێکی ڕەسەنە. بشمرین بەجێنان ناهێڵێ، بەڵام چەندین ساڵە دەریای نەدیتووە، زۆر لە مێژە بەتاسەی دەریاوەیە. ئەمجارەشی ببەوە، لە گوێی دەریایەکی بەجێ بێڵە...»

باوکی نەخۆش لەوەندی پتر قسە نەکرد، بێدەنگ بوو، سەری بەسەر

سەرینەکەدا کەوت. قەیرێ چاوی بەنووقاوی مایەوە. لە پاشان خۆی بەسەر هەردوو ئانیشکیدا دا و ڕاست بووەوە، نکە نک گوتی:

«یوسفەکەم بمبە کن ئەسپە بۆرە.»

«بابە نەخۆشی هەڵمەستە، با ئەسپەکەت بێنمە کن.»

باوکی بە ئیلحاحەوە گوتی:

«هەڵم گرە، هەڵم گرە.»

باوکی شۆڕبووەوە چەند ورتەیەکی بەگوێی ئەسپەبۆرەدا چرپاند و ئەمجا هەردوو چاوانی ماچ کردن و گوتی:

« برۆ ئۆغرت خێربێ هەرە ئازا و بوێرەکەم، هەرە سەر ڕاستەکەم، دۆستە گیانی بەگیانییەکەم، ئەسپە بۆرە برۆ ئۆغرت خێربێ هەی لە برای باوکی و دایکی لە پێشترم، برۆ ئۆغر هاودڵەکەم.»

یوسف تەماشای کرد باوکی خۆی بە ملی ئەسپەکەدا هەڵواسیوە و حاڵی وەستانی پێوە نییە، لێی نەوی هەڵی گرت، بردی لەسەر جێگەکەی بەئاسپاییەکەوە درێژی کرد.

باوکە لە پاش ئەوەی لەسەر جێگەکەی کەمێ ماندوێتیی حەسایەوە، بانگی کوڕەی کرد، گوتی:

«هەردوو چاوەکەم کوڕم، زینە سوورمەچنە ئاوزەنگی زێڕەکە لە ئەسپە بۆرەی هاودڵم کە، دیسان هەر ئەو لغاوە زێڕەی کە لە باوکەوەم بۆ ماوەتەوە لە زار دە، سینەبەندە، مروایچنە مەرجانداره بەماشەڵڵاکەی لە سینە کە، حەمایلەکەشی هەر پێوە کە و بیبە لەو گوێ دەریایە بەرەڵڵای کە.»

ئەو تاخمە زین و سینەبەندەی باوکی دەیگوت، لە پیرانیانەوە بۆ بەجێ مابوو و ئەم تاخمە خەزێنەیەکی دێنا. یوسف دوودڵ بوو، ئەم زین و سینەبەندە لە ئەسپەبۆرە کەم، نەیکەم، ئیدی هەروا بیری دەکردەوە، باوکی گوتی:

«کوڕۆ، کوڕۆ، کوڕۆ لاوچاکەکەم، تیرەی مرۆڤ، ڕووناکی هەردوو دیدەکانم، ئەم تاخمە لەگەڵ ئەسپەکاندا هاتە ماڵی ئێمە. لێی گەڕێ با لەگەڵ دوا ئەسپیشدا. بڕوا.»

یوسف هەناوی لە بەر بڕابوو، بەڵام هیچی لەگەڵ باوکی پێ نەکرا. زینەکەی لە ئەسپە کرد و سینەبەند و لغاو و ڕێشمەی لێ دا، ئەسپە لە نێو ئاورینگ و بریق و باقدا چریسکایەوە. یوسف لەگەڵ سپێدەی بەرەبەیانێکدا ئەسپەکەی بەرەو نزیکترین دەریا ئاژۆت.

دیسان لەپاش چەندین ڕۆژ لەگەڵ شەبەقدا گەیشتە گوێ دەریایەک، گەیشت بەڵام دەریا هار و شێت بووبوو. شەپۆل هەریەکە بەبالای منارەیەک، سەرترۆپکەکانی کەفی سپی، بەگوڕ و هۆڕ دنیای هێنابووەوە یەک، ئەو ناوە ناڵەناڵی بوو.

لەو گوێ دەریایە لە ئەسپەکە هاتە خوارێ. هەرکە هاتەخوار و نەهاتە خوار دەریای تاین نیشتەوە و وەکو بەرخی لێ هات. یوسف ڕێشمەکەی دەستی بەکەڵپووسی زینەکەوە بەست و هەردوو چاوی ئەسپەبۆرەی ماچ کرد. شەپێکی لە لاتەنگەی دا گوتی، ماڵ ئاوا...» ئەمەی گوت و بەرەڵلای کرد.

ئەسپەکە، داپەڕی، ئەوجا شاخی کرد، یەک دوو سەڵەف کلکی کرد بە بەیداخ، بەو قومەڵانی گوێ دەریایەدا ئەم سەر و ئەوسەری کرد، ئینجا بەرەو نێو دەریا تێی تەقاند. بەجۆرێ بەو سەر ئاوی دەریایەوە غاری دەدا وەکو بەخوێ ڕێدا بڕوا، دەست و پێی وەبەر ئاو نەدەکەوت، دەتگوت باڵداره دەفڕێ.

یوسف تا ئەسپە بۆرەی لێ دوور کەوتەوە و لەو سەر دەریایەوە هەر هێندەی خاڵێکی سپیی لێوە دیاربوو، چاوی بەدوایەوە بوو و سەیری دەکرد، لە پاشان بەجارێ لە چاوان ون بوو. ئەویش ڕێ و ڕاست گەڕایەوە.

یوسف پێی وابوو هەرکە بگاتە ماڵەوە دیسان ئەسپە بۆرە لەبەر دەرکەی ماڵێ دەبینێتەوە، بەڵام ئەمجارە هێندە دڵگیر نابێ. چونکە لە گەڕانەوەی ئەمجارەیدا ئەسپەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێناوە. کوڕە وای بڕیار دابوو

ئەمجارە ئەسپەبۆرە ببڕای ببڕای نەگێڕێتەوە.

لەسەر گردۆڵکەی ژوور گوندەکەیانەوە سەیرێکی ماڵەوەی کرد. ئەگەر زین و ئەسپەبۆرە گەڕابوونایەوە، پێش دەرکەی ماڵیان ئاورینگ و تیشکی زێڕ دای دەگرت. بەڵام کە هیچی نەدیت کزە لە جەرگیەوە هات. کەواتا ئەسپەبۆرەش هەرکە گەیشتبووەوە مەڵبەندی خۆی ئەوانی لەبیر چووبووەوە و بەجێی هێشتبوون! و باوک و کوڕ لە گوندە وێرانەکەیاندا بەتەنیا مابوونەوە.

یوسف گوتی:

« باوە، باوە! ئەسپە بۆرە نەگەڕاوەتەوە.»

باوکی دەستە لاوازەکانی بەسەروچاویەوە گرتبوو، نەگەڕانەوەی ئەسپەبۆرە بەندی دڵی پساندبوو. بەڵێ ئەسپەبۆرەی بۆ دەریای خۆی گەڕاندبووەوە، بەڵام بەهیوای گەڕانەوەشی بوو.

کەواتا ئەسپە بۆرەش ئەوی بەجێ هێشت.

«نەگەڕایەوە کورم، بینایی هەردوو چاوانم، لاوچاکی تیرەی مرۆ، ئەسپە بۆرە نەگەڕایەوە ها؟ ڕۆیشت؟»

ڕوون بوو باوکە نەیدەویست ئەسپەکە لەوێ بمێنێتەوە و بەو قات و قڕییە لە برسان هەڵترۆپێ، دەشیزانی نەگەڕانەوەی ئەسپەکە زۆری ئازار دەدا و لە ئاکامدا تووشی دیق دێ، ئیتر هەر ئاخ و داخی بوو.

«ئاخ ئەسپە بۆرە!»

ماوەیەکی خایاند، باوک لە توێی جێ ڕاست نەبووەوە، یوسف ویستی باوکە نەخۆشەکەی بەکۆڵیدا دا و لەم سووتمان و قات و قڕەی ڕزگار کا و بۆ وڵاتێکی دیکەی ببا. بەڵام باوک بەمە قایل نەبوو. دەیویست لەو مەڵبەندەی خۆیدا کە ڕۆژانی ئاسوودە و خۆشی تێدا بردبووەسەر و ئەسپی وەکو مراوی تێدا بەخێو کردبوو بمرێ.

ڕۆژێکیان بانگی کوڕەکەی کرد گوتی:

«کوڕم، من کەمم ماوە، ئامۆژگارییەکانم ئەمەیە، کە لە ڕەفتاری باوکت لانەدەی. چاکەش و خراپەش، بەرزی و شان و شکۆش، نزمی و پەستیش لە ڕەفتاری باوکەوەت بۆ دەمێنێتەوە. ئەم خاکە جارێکی دی نابووژێتەوە، ئەم خاکەی ئێمە تازە رابرد، پووکایەوە و لە برشت کەوت و تێی پەڕی. برۆ وڵاتێکی بەبژیوی جوانی دیکە بۆ خۆت ببینەوە. لەوێ ئەسپی جوانتر ڕەنێوهێنە. نەکەی ببی بە بەندەی بەندان، نەچییە ژێر فەرمان و وەرە و برۆی بەندانەوە، بچییە ژێر باندووریان ئەوە سوور لێت روون بێ کە دەردی سەری و بەڵای زۆر گەورەت بەسەر دێ، خاوەن فەرمانی خۆت و سەربەخۆ و ئازاد بە. ئەم دنیا پان و بەرینە بەئەسپی جوان و ڕەسەن پەرژین کە و لەسەر ئەم ڕەفتارە بەردەوام بە.»

یوسف بەڵێنی بە باوکی دا گوتی:

«فەرمانت بەسەر سەرم باوە. بەسەر سەرم. دەبم بەخاوەن فەرمانی سەربەخۆی خۆم، دنیا بەئەسپی جوان و ڕەسەن پەرژین دەکەم.»

ئیدی بەم جۆرە باوک و کوڕ قسەیان دەکرد، باوک ڕەحەت، یوسف ڕەحەت بوو.

شەوێکیان لەگەڵ تاریک و لێڵەدا باوکە مرد.

یوسفی لە گوندی وێران و بێکەس و بێ خاوەن، بەتاقی تەنیاکەوتوو توورەکە زێڕچنەکەی لە بن عارد دەرێنا و بەنەڕەی شانیدا دا و بەڕێ کەوت. برۆ برۆ، لە مەڵبەندێک دەگەڕا وەکو مەڵبەندەکەی خۆیان. جوان و بەپیت و بەبرشت و بەبژیو بێ و بۆ ئەسپ بەخێوکردن لەباربێ. چەند ڕۆژ و چەندین مانگ گەڕا، منەییی کرد، ئەم لای کرد، نەیدیتەوە، دیتیەوە بەڵام بەفرۆشتن نەیاندەفرۆشت، دەیانفرۆشت بەڵام هێندەیان پارە و خەرج لێ دەویست بەشی نەدەکرد.

لەپاش کێشمەکێشێکی دوور و درێژ ڕۆژێکیان خۆی لە وڵاتی بەگی بۆڵووان گرتەوە. کە چاوی بەم وڵاتە کەوت سەرتاپای نوقمی خۆشی بوو. ئێرە

شـوێنێکی بەراوی بـەباخ و باخـات بوو. دەشـتـەکـە لەبەر ڕەوە ئەسـپـان جـمـەی دەهـات.

وڵاتێک بوو لـە وڵاتەکـەی خـۆی گـەلێ خـۆشـتـر بوو، دەیتـوانی لێرە ئەسـپی جـوانتـر بەخـێوکـا. لەو دەمـەدا. بێ ئەوەی بیـر لە هـیچ بکاتەوە، تەنـانەت بێ ئەوەی ئامـۆژگارییـەکانی باوکی بەبیـردا بێتـەوە ڕێ و ڕاست چوو بۆ کن بەگی بۆڵوو. بەگی بۆڵووی زۆر چـاک دەناسـی. بەگی بـۆڵوو هـەمـوو سـاڵێ دەهـاتە وڵاتەکـەیان جـوانتـرین جـوانووی پـەروەردەی دەسـتی باوکی لێ دەکـڕین و دەگـەڕایەوە. لەگەڵ باوکـیـدا وەکو سـاڵانی سـاڵ پێکەوە گەورە بووبن، وەکـو برایان لێ هاتبوو.

بەگی بۆڵوو هەر کە چاوی پێ کەوت زۆری پێ خۆش بوو، گوتی:

«چاوەنۆڕت بووم پیریوسف. بیستمەوە چتـان بەسـەرهـاتووە، باوکت چۆنە؟ لە گوند مایەوە؟

پیریوسف:

«باوکم مرد.»

بەگی بۆڵوو:

«خـۆت خـۆش جـارێکی دیکە ئەسـپ بەخـێوکـەرێکی وەکو خـۆی نابێـتـەوە و نایەتە دنیـاوە. جـارێکی تر ئەم دنیـایە ئەسـپێکی دیکەی وەکو ئەو ئەسـپـانەی ئەو بەخێوی دەکردن، بەخێو ناکرێن.»

پیریوسف گوتی:

«هـەر کـە ئاخـر ئەسپی ڕۆیشت ئیدی بەرگەی نەگرت. ئەو بەبێ کـوڕ دەژیا، بەڵام بـەبێ ئەسـپ نەدەژیا. نـەخـۆش بوو، لـە داخـان بـەدەم پەژارەی ئەسـپـە بۆرەوە مرد.»

بەگی بۆڵوو گوتی:

«خۆت خۆش، پیریوسف. بەڵام تۆ لە بیری مەکە. کە باوکت مـرد پیشـەکەی

بەتۆ سپارد. تۆش ئازابی وەکو ئەو ئەسپی جوان جوان بەخێودەکەی. گوێدێرە پیــریوسف، تۆ لە بـرام لە پێـشــتـری، باوکت مـنی وەکـو کـوڕی خــۆی خــۆش دەویست، خــۆت دەزانـی نان و نمـەکم زۆر کـــردوون. ئەو ئـەســپـــانەی نێـــو تەویلـەکـەم، ئەو ڕەوانەی ئەو دەشـتـەم زۆرینـەی لەوانەن کـە باوکت بەخـێـوی کردوون، یا لـە ڕەچەڵەک و ڕەگەمـای ئـەوانن. جـا ئێـسـتـا گـوێت لێم بێ.. ئەم ئەسپانە بەتۆ دەسپێرم.

تۆ نەک ســەرەک مـەیتــەر، بگرە برای منـی. لەم بەگنشـینەدا نیـاز و خـوازت بەنیـاز و خـوازی خـۆت، دەست لە کـارت وەرنـادەم، ئەو سـەد مـەیتـەرەت لە ژێر دەستدایە. ئەگەر حەزدەکەی بۆشت زیاد دەکەم. ئەم ئەسپانە هەموو دەکوژی، دەبڕی دەیانفرۆشی ئەسپ ئەسپی خۆتن، کەس لەسـەریان هەڵناداتێ.»

پیریوسف نوقمی شانازی و بەخۆوەنازینێکی زۆر بوو.

بەگی بۆڵوو سـەرلەبەری تـەویلەکانـی، هەزاران ئەسـپـی پێ سـپـارد. ئەویش لەم دنیــایەدا لە ئـەسپ ڕەنێـوهێنان پـتـر هیچ ئـاوات و خـواســتـێکی دیکەی نەبوو... ئامۆژگارییەکانی باوکی هیچ بەبیر نەهاتەوە...

پیریوسف گوتی:

«خۆش بـی، خـوا دەوامت دا بەگم. مـەرج بێ منیش ئەسـپی وات بۆ بەخـێو بکەم لەوەتی دنیا دنیایە و هەتا هەتایە شتی وای بەخۆیەوە نەدیتبێت.»

لەوێ هەڵبڕا دەستبەجێ لەسەر کاری خۆی دامەزرا.

بەگ خانووێکی لە تەک یەکێ لە تەویلەکانەوە بۆ بە دروستکردن دا.

ئیتر هەمیشە لەگەڵ ئەسپەکان پێکەوە بوون، لەگەڵ واندا دەیخوارد، لەگەڵ واندا دەیخـــواردەوە، لەگــەڵ واندا دەنووست، لەگــەڵ واندا بەخــەبەر دەهات. خەمی شـەو و ڕۆژی ئەسپەکان بوو. تەمـاشـای دەرد و نەخۆشییەکانیـان، خەو و خۆراکیـان، جـوانووەکـانی بەدڵ و بەگیانەوە دەکرد. ڕەگ و ڕەگـەماکـانیـانی دەهێنایە سـەر دۆخی خۆی و ڕاستی دەکردنەوە.

لە مـەودای چەند ســاڵێکدا ئەسـپـەکـانی بەگی بۆڵوو گـۆڕان، جـوان و پەرداخ

بوون. ئەسـپی ڕەوەکـانیش جـوێ جـوێ بوونەوە. هەریەکـە لە ئەسـپـەکـانی تەویلەی باوکی یوسفی گەلێ جوانتر بووبوون. ڕۆژێکیان بەگی بۆڵوو بانگی پیریوسفی کرد، گوتی:

«یوسـفی برا، ئەمـە چ سـرِ و حـیکمـەتێکە، کە لـە مـەودای چەند سـاڵێکدا ئەسپەکانی تەویلەم یەکە یەکە گۆڕان و وەکو بایان لێ هات؟»

«تۆ وەخـتی ژن هێنانت هـاتووە. دە ژنێ بێنە، با تـۆش ببی بەخـاوەن مـاڵ و منداڵ!»

بەگ بیسـتبوویەوە کە پیریـوسف کیژێکی دڵداری هەیە. نەیکردە نامـەردی کیژەی بۆ گواسـتـەوە. شاییـەکی شـیاوی بەگلەر و میرانی بۆ یوسـف گێڕا. شاییەکە چل شەو و چل ڕۆژی خایاند.

پیر یوسف دوای ئـەم شـاییـە بەگلەرانـە و مـیرانانەیە هێندەی تر لە ناخی دڵـیـــەوە، ئـەوەندەی دیکە بەپـەرۆشــتـــرەوە بەتەنگی کـــارەکــەیەوە دەهات، ئەسپەکان هێندە جوان و پەرداخ بووبوون، هـێندە چاوێری و خـزمەتیـان پێـوە دیاربوو، لەوبەر خۆرە تیشکیان دەدایەوە.

دوای ژن هێنان بەسـاڵێک پیـریوسف کـوڕێکی بوو. نێـویان لـێ نا عـەلی رووشـەن.

چەند سـاڵێک بەم ڕەنگە ڕابرد. پیریوسـفی سـەرەک مەیتەر دڵی بە بەگەکەی، بەکـارەکـەی، بـەژیان و گـوزەرانی زۆر خـۆش بوو و شـانازیی پێـوە دەکـردن، بەگیش ئەلهەق شانازیی بەپیریوسفی سەرەک مەیتەرەوە دەکرد...

جا بۆ شـانازیی پێوە نەکات، ناوبانگی شان و شـەوکەتی ئەسپەکانی دنیای لەم سەر تا ئەو سەر گرتبووەوە.

لە هیندستانەوە، لە عەرەبستانەوە، لە فـەڕەنگستانەوە، دەهاتن ئەسپیان لێ دەکڕی. پادشا و میر و بەگلەری هـەر حـەوت ئـیقلیم و هـەر چوار قوڕنەی دنیـا دەهـاتنـە خـاک و پای ئەسـپی لـێ بکڕن، ئەسپ ببـینن. ئەمـانەش هـەمـووی لە سای سەری پیریوسفەوە.

ڕۆژێکی گەرمی بەهاربوو، لک و پۆپی دار و درەخت، سەرلەبەری دنیا بۆنی گوڵیان دەدا. بۆنی تۆی شنەبا مرۆی مەست و سەرخۆش دەکرد. خولاسە ڕۆژی گورگانە شەوێ و لای لایەی چۆڵ و چیاکان بوو. پیریوسفی سەرۆک مەیتەری بەگی بۆڵوو لەم ڕۆژە خۆشەدا، ڕەوە ڕەوە ئەسپەکانی بەرەڵڵای لەوەڕی گوێ دەریا کردبوو، خۆشی لەسەر تەپۆڵکەیەکەوە تەماشای ئەسپەکانی دەکرد. ئەسپەکان لەم ڕۆژە خۆشەی بەهاردا دەلەوەڕان، گەمەیان دەکرد، دڵدارییان دەکرد. بەختەوەریی دنیا، بەختەوەریی پیریوسف بوو. جوانووی ناشی و ناشارەزا کە هێشتا لە یەکەم بەهاری تەمەنیاندا بوون، وەکو شێت بووبن لەو دارستانەدا، بەهەموو لایەکدا غاریان دەدا. سەرگەرمی مژینی تامی بەرەڵڵابوونی نێو دنیایەکی تازە و سەرخۆش و مەستی مشتنی شیرەی یەکەم بەهاری تەمەنیان بوون. دەریا کپ و کڕ و بێدەنگ، هەوا و دەوروبەر زۆر خۆش و لەبار، کزە و شنەی با، بۆن و بەرامەی عەتری بەکۆڵەوە، ماینە قەڵەوەکان، ئەسپەکان لەو هەتاوە شلەتێنە، بەئەشقەوە، بەتاسە و ئەڵهاوە، لاتەرکە پان و پۆڕەکانیان دەکشان و لێکیان دەکێشانەوە.

چ بوو، چ قەوما، لە پڕ ئەو ناوە تێک شێوا. دیرەک دیرەک گەردەلوول، لە دەشتەوە، لە دەریاوە، بەحەلحەلەی ئاسماندا بەرزبووەوە. دەریا هاربووبوو، پۆپەی شەپۆلە کەفاوییەکانی لە بەژنی منارانیان تێ دەپەڕاند. ئەو ناوە بوو بەهەرا و گرم و هۆڕ. ئەرز و ئاسمان و دەریا بەیەکدا چرژان و تێکەڵاو بوون. هەموو شتێک: دار و درخت، گوڵ و گوڵزار، هەورەکان، ئەسپەکان، قوم و زیخ و گیا و گۆڵ بەجارێ تێکەڵ و پێکەڵ بوون. هەوری ڕەشی بەچەخماخە و تریشقە دەریای شین و بە شکۆیان لە هەموولاڕا داگرت. هەرکە دەشڵەقی هەورە ڕەشەکانیش دەشڵەقین. فەرتەنە و زریان و هەورەتریشقە دنیای دادەگرت، دەریا هەڵدەچوو، شێت و هار دەبوو، کەفی دەکرد، کەفی بەڕووی هەوراندا هەڵدەپرژاند. دنیا هار و شێت بووبوو. ئەسپەکانی ئەو دەشتە نەیاندەزانی چییان لێ بەسەرهاتووە. بژ و یاڵ و کلکیانی بەم دیو و بەو دیودا دەشەکاندەوە و خۆشیان بەم لا و بەولادا هەڵدەهاتن. با دار و درەختی

ڕیشـەکێش دەکـرد. جـوانووە لاق باریکە یەک سـالانەکـانی لێـرە بۆ هۆ وێ بەکێش دەکرد. ئەسپەکان کلکیان بەرەو با هەڵکردبوو و لە نێو تۆز و خۆڵدا بەدەوری خۆیاندا دەخولانەوە. هەندێ جار تێک دەچرژان و گورمیلە دەبوون و پاشـان بڵاو دەبوونەوە. لەبەر تۆز و خـۆڵ چاو چاوی نەدەبینی، دەریا و تۆز، دەریا و ئاسـمـان، خـۆڵ و ئاسـمـان، دار و درەخت، هـەوران، تێکەڵ و پێکەڵ بوون، هیچ لە هیـچـەوە دیار نەبوو. لەوەتی دنـیـا دنیـایە بەم جـۆرە بەیەکـدا جۆشیان نەخواردبوو.

پیـر یوسف باوەشی لە دارەکـەی کن خـۆی دابوو، خـۆی لە ڕەشـەبا و زریانەکە دەپاراست، بۆ ئەوەی بەر ڕەت و پاڵەپەستۆیان نەکەوێ و بەرەو دەریا و شـەپۆلانی ڕانەمـاڵن، هەرچی لە دەست دەهـات دەیکرد. بەرامـبەر بەم دنیـا هـار و شـێت بووە شـپرزە بووبوو و مـێـشکی هیـشک هەلاتبـوو، چاوەنۆڕ بوو بزانێ ئاکـامی کـار بە چی دەگـا. ڕاوەسـتـابوو بـزانێ ئەم دنیـایە چیی بەسـەر هـاتووە؟ ئێـجگار بەم ئەندازەیە هـار و شـێـتبـوونی و بەجـارێ لە سنوورترازانی تا ئێستا نەدیترابوو و نەبیسترابوو.

پیــریوســفـی دەم و لووت پڕ لە تـۆز و خــوێی تـاڵ بوو بەهەمـــوو هێــز و گوڕێکییەوە باوەشی بەدارەکەی کن خۆیدا کردبوو، نەبادا ڕەشـەبا ڕای ماڵێ، هەرچی وزە و تـوانی خـۆی هەبوو بەخـەرجی دەدا. ترسـێکی ڕێ نیـشـتـبـوو. هـاتوو ڕەشـەبا، دارەکەی لە باوەشـی کردبوو، لە ڕەگ و ڕیشـە هەڵکێشا؟

چ بوو، چ ڕووی دا، لـە نکاو گـرم و هۆڕ کپ بووەوە. ڕەشــەبـا و زریانەکــە دەتگوت نـەبووە و نەدەبێـتـەوە. شـاپێلەکـانی دەریـا کـشـانەوە. ئـەو دەریایەی نەخـتێ لەمـەوپێش هـار و شـێت بووبوو، دەتگوت هـەر ئەو دەریایـەش نەبووە. دنیا بەڕەنگێ نوقمی کڕ و کپی بووبوو چرکە لە هیچەوە نەدەهات، گەڵا دارێک نەدەبزووت. دەریا ڕاست و لووس، نەپێل، نەکەف، گرنجێکی پێوە دیار نەبوو. هەرچی ئەسـپـەکانـی دەشتـەکـەش بوون لەم کڕ و کپییـە لە بڕوا بەدەرەدا ڕەق ڕاوەستابوون، هەریەکە لە شوێنی خۆی وەکو پەیکەر وەستابوو.

لە ناکـاو، لە دووررا لەسـەر دەریاکـە سـەروکەللەی ئەسـپێکی سـپی بەدیار

کەوت، ئەمە سەروکەللەی ئەسپێک بوو چاوە درشتە گەورەکانی لە نێو تیشکدا چریسکە چریسکیان بوو. ئەسپی لەش نوقمی نێو ئاو دڕی بەپیرە دەریا دا، وەکو برووسکە بەرەو کەنار دەهات. لە پاشان ملیشی بەدیارکەوت، زۆری نەخایاند خۆی وا ڕاوەشاند دەسبەجێ وەسەر ئاو کەوت، ئینجا وەکو بەسەر ئاوەکەدا بفڕێ بەرەو کەنار هات. ئەسپە بۆرێک کە بەسەر دەریایەکی شینەوە دەکشا نوقمی تیشک و ئاورینگان بووبوو. لە نێو ئەم کڕ و کپییەدا دەنگی دەست و سمی نەدەهات کە لە ئاوی دەدان. پیریوسف وەکو بڵێی بڕواییی بەچاویدا نەدەهاتەوە، ئەوانەی نەختێ لەمەوپێش ڕوویان دا خەو و خەیاڵ بوون، ڕاستەقانی بوون؟ هەرچەندی دەکرد بەخۆیدا نەدەهاتەوە.

دەوجا ڕاوەستن بزانین چ دەقەومێ؟

پیریوسف لەبەر خۆیەوە گوتی:

«ئەمە کە کەڵە ئەسپی پێ دەڵێن، ئەوە نەبێ؟ تەنانەت ئەو ئەسپەی باوکم کە بۆ دەریا گەڕایەوە هێندەی ئەمە جوان نەبوو.

ئەمە ئەسپەکەی باوکم نەبێ؟ بریا هەموو ئەسپی دنیا لە شێوەی ئەم کەڵە ئەسپە بەحرییە هەڵکەوتبان ئیتر من لەم دنیایەدا چی دیکەم نەدەویست. جووتێ ئەسپی وام هەبوان، جووتێ چاوم هەن هەردووکانم لە بری دەدان...»

ئەسپەکە لە پاش ئەوەی بەدەرکەوت و پێی لەسەر ئەرز دانا، دوای خۆڕاوەشاندنێک، ڕەق ڕاوەستا، ئەوجا سەیرێکی ئەم لا و ئەولای خۆی کرد، کلکی خستە سەر پشتی و بەسەریەوە نووساند و بەرەو لای ئەوماینە بۆرەوە چوو کە لەولایەوە وەستابوو. پیریوسف کە چاوی بەمە کەوت لە خۆشییان شاگەشکە بوو، پەرجووەکە دەهاتە دی. وا دیار بوو جوانووێکی کەڵی دەریای وەچەنگ دەکەوت. بە ڕاستی بەختەوەری بوو نەک گاڵتە. دیارە بازی دەوڵەت بەسەر مرۆوە بنیشێتەوە ئاوها دەنیشێتەوە. دەستی بەهەڵاتن کرد. بەڵام کەڵی دەریا قەت وازی لێ دێنێ؟

نەخێر ئەویش وەدووی کەوت. ماینەکە جارێ لەبەری هەڵدەهات، جارێ

نازی دەفـرۆشت، هەڵات، نازی کـرد، چاوەنۆڕی کـرد، مـاینی بزێو مـایەوەک تامی تامیی پـێ کرد، تەماحی وەبەرنا، ئەسپە گرتی و نەیگرت دیسان لەبەری هەڵات. بەڵام لە ئاکامدا ئیدی هەڵاتنی بەبەرەوە نەما، سەبری لەبەر بڕا، خۆی لەبۆ شل کرد و چاوەڕێی کرد. ئەسپی بەحری ددانی لە پشتی ملی گیرکرد دوو دەستـی لێ پەڕی. پیـریوسف بڕوای بەچاویدا نـەدەهاتەوە. لەخـۆشـیـان وەخت بوو شـێت بێ، نەیدەزانی چ بکا، لەوێ ڕەق ڕاوەسـتـابوو، بڕیاری دا ئەم پەرجـووە لەکن ژنەکـەی، کـوڕەکـەی، لە کن بەگی، لە کن کـەس نـەدرکـێنـێ: هەنگینێ جـوانووی ئـەسـپی دەریا دەبـێ بە ئی خـۆی و بەس. کـێ دەزانـێ ئەم جوانووە لە ئـەسـپی بەحرییـە. کـەی وەخت و سـەعاتی خـۆی هات مـاینە بۆرە جـوانـووێکی بۆ دێنـێ کـوتومت لە ئەسـپـەکـەی دەریـا بچێ. جـوانوویـەکی ئەوتۆ هەمـوو دنیـا سـەربەسـەر بێنـێ. پیـریوسف وەخت و سـەعاتی چاکبوونی مـاینە بۆرەی لە ئـەسـپی دەریا دەسـبـەجێ نـووسی و یاداشـتی کـرد. دەبوو تاوەکـو مـاینە بۆرە جـوانووی دەبێ لە هەرتک چاوانـی پتـر چاودێری بکا. مـاینە بۆرە لەوێ ڕۆژێ بەپاشـەوە گـەنجی پاتشـایانی دنیـای پێ بوو دەبـوو وەکـو چاوی خۆی خزمەتی بکا.

بۆ سـبـەینـێ. زوو دەریا هەمـیسـان هار و شێت بوو. دنیـا شێت بوو. دیسـان وەکو جاری پێشوو کڕ و کپییەک ئەو ناوەی سـەرلەبەر داگرت، دەریا نیـشتەوە و ئارامـی گـرت. لە پاشـــان هەمـدیس ئەسـپــە بۆرەی دەریـا وەدەرکـەوتەوە، ئەمـجارە وەدووی مـاینە شێ کـەوت. مـاینـە جارێ هەڵات، جـارێ وەسـتـا، لە پاشان ڕاوەسـتا، چاوەڕوانی ئەسپی دەریای کرد. ئەسپی دەریا دەسـتێکی لێ پەڕی. پیـریوسف ئیـدی بەرگـەی ئەم خـۆشی خـۆشـییـەی نەگـرت. ئەمـجـارە لەوانەبوو لە خۆشـییـان هەناوی بەربێتەوە. تا ئێـستا دوانـی جێبـەجێ کردبوو، مـاڵی دنیـا لـە لایەک، تەنیـا یەک جـوانوو ئـەسـپی دەریا لە لایەک. پیـریوسف وەخت و سـەعاتی ئەمـیشی لە دەفتـەردا یاداشت کرد، بێگـومـان دەبوو مـاینە شێشـی وەکو چاوی خزمەت بکا.

پیـریوسف لە کـەیفـان هەر ئەوەبوو نـەمرێ. کـابـرا کـێـچـی کـەوتبـووە کـەوڵ

دەبوو هەر هیچ نەبێ پەردە لە ڕووی ئەم پەنامـــە لە باوەڕبەدەرە بۆ یەکێ هاوڕاز هەڵماڵێ. بەڵام لە کەس دڵنیا نەبوو. لەوانەبوو ئەگەر درکاندبای ئەفسوونی ئەسپی دەریا بەتاڵ بایەوە. پیریوسف زاری کلیل دا، سڕ و ڕازە گەورەکەی لە کن کەس ئاشکرا نەکرد. دەمرێ. با بمرێ، تەنیا گیانێک نییە بەگاوگەردوونی ئەسپێکی دەریابێ. ئەسپی دەریا بریسک و باسکی بوو، لە دەریا وەدەر کەوتبوو، دەهات، ئەمجارە دوای ماینە کوێت کەوت، پیریوسف ئەمەشی لە دەفتەرەکەیدا تۆمارکرد. ئیتر دەبوو لە چاوەکانی پتر خزمەتی ئەم سێ ماینە بکا.

پیریوسف بەڕاز و پەنامە قورس و گرانەکەوەی، بەئاواتەکەوەی، بەجوانیی ڕازەکەوەی هات، چەندین ڕۆژ لەو گوێ دەریایە چاوەنۆڕی کرد. مرۆ چاوی تێر نابێ، ئەو خواخوای ئەوەی بوو هەموو ڕۆژێ ئەسپێکی دەریایی لە دەریا وەدەرکەوێ و لەگەڵ ماینێکیشدا... چەندی ماین هەبوون دەیویست هەریەکە جوانووێکی لە ئەسپەبەحری هەبێ، بەڵام هەیهات جارێکی دیکە نەدەریا هار بوو و نەدنیاش شێت بوو و نەئەسپەبۆرەی بەحریش لە دەریا بەدەرکەوت.

پیریوسف لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

«ئەمەم جارێکی دیکە دیتبا، لەم کۆنە دنیایەدا هەرچیم هەیە و نییە، ماڵم، ملکم، ئەسپەکانم، ئەوی هەمە و نیمە، هەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم ئەسپە بۆرەیە ببینمەوە، دەمدا. بۆ هیچم نییە. تەنیا هەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیبینمەوە.»

بەڵام ئەسپە بۆرە بەدەر نەدەکەوت. چاوەنۆڕ بکە. نەخێر، ئەسپە بۆرەی جارێکی دی چاو پێ نەکەوتەوە. پیریوسفیش ئومێدی بڕا.

دەبا هەر بەدەرنەکەوێ، خۆ سێ دانە جوانووی لێ کەوتبووەوە، دایکی هەریەک لەم سێ جوانووانە ڕەسەنترین ماینی ڕەوەکانی بەگی بۆڵوو بوو.

ئەم ئەسپە بەحرییە چۆن سێ ماینی لە هەرە ڕەسەنی لە نێوان هەزاران مایندا هەڵبژاردبوو؟ جێی سەرسوڕمانە؟

پیریوسف ئیدی خەویشی لێ نەدەکەوت. شەو و ڕۆژ، وەک شێت لە نێوان ئەسپەکاندا دەسووڕایەوە و لە کن مایەنەکان بوو. یوسف مەیتەرێکی وای لێ هاتبووە گۆڕێ هەر وا لە دوورەوە لە جوانووێک ڕامابا دەیزانی لە پاش دە ساڵ چۆن ئەسپێکی لێ هەڵدەکەوێ. بەسەدان جوانووی نوێزاوی لە ئاغەڵێکدا دەحاواندەوە، دەیگوت، ئەم جوانووەیان ئی ئەسپە مارۆیە و ئەوەیان ئی فلان و ئیدی سەرلەبەری جوانووی مایەنەکانی بەنیگایەک هەڵدەبژارد و دەری دێنان. مەیتەرەکان داد و هاواریان بوو لە دەستی. شەوانە تەویلە بەتەویلە دەگەڕا، ئەسپەبۆرە وا و جوانووە بۆرە وا و چۆکی ئەسپە بۆرە وا و چاوی ئەسپە ڕەش وا لێ بکەن و ئەمە بکەن و ئەوە بکەن، ئیتر هەر خەریکی فەرمان و فەرمان دەرکردن بوو.

هەرکە وەخت و سەعاتی خۆی هات پیریوسف دەستی بەچاوەڕێکردنی سەری مایەنە بۆرە کرد. خۆ ئەگەر هاتبا زایمانەکە نەختێ درەنگی پێ چووبا ئەوە هەر بەجارێ شێت و هار دەبوو یا لەبەر بێ ورەیی و خۆنەگرتن هەر هێندەی نەدەما شەق ببا.

ئەو با خەریکی چاودێریی مایەنەبۆرە بێ، مایەنە هێنای هێنای، خۆی ڕاگوشی، ڕاگوشی لەپڕ جوانووێکی لێ بەربووەوە نێو داوێنی پیریوسف بێ ئەوەی بێڵێ جوانووەکە وەزەوی بکەوێ، پێچایەوە و هێنای. دەبوو چوارپەلی جوانووەکە تا سێ ڕۆژان بەزەوی نەکەوێ. پیریوسف سێ ڕۆژان نەنووست. جوانووەکەی بەباوەشەوە بوو و نەیدەهێشت دەست و پێی وەزەوی بکەوێ.

بۆ سبەینێ مایەنەشێ زا. مایەنەشێ دایە کەڵەوەکێشی و شاخ و باڵ کردن، جوانووی ئەمیان نەکەوتە داوێنی ئەو مەیتەرەی چاودێریی دەکرد، کەوتە زەوییەکی قومەڵانەوە، دەست و پێی بەر قومەڵان کەوت.

مایەنەکوێتیش هەر وەکو مایەنەشێ دایە شاخ و باڵکردن و سەرکێشی، ئەویش جوانووەکەی لەسەر بەردەڵانێکدا زا. دەست و پێی جوانووەکەی کەوتە سەر بەردەڵان.

ئەم جوانووانە نەکەوتبوونە نێو داوێنەوە، بە عوزرەوە زابوون. جا با واش بێ، پیریوسف دەیزانی عوزریان چییە. ئەو نەختە عەیبە لە کیژی قازییش دەگیرێ.

یوسفی مەیتەر ئەم جوانووانەشی هەڵگرت و بردنیەوە ماڵێ. هێندەیان هۆگر بووبوو، هێندە بەدڵ و بەگیان خزمەت و چاودێری دەکرن، تەنانەت ئەم چاوی متمانەی بەو چاوەکەی دیکەی نەبوو. با جوانووەکان لێرەدا، لە ناو هەزار و یەک ناز و نیعمەتدا فراژی ببن، ئەوجا بێینەوە سەرەوکاری عوسمانلی:

گوتمان بەگی بۆڵوو هەر لە عەزەڵەوە نێوانی لەگەڵ عوسمانلییاندا خۆش نەبوو. بەگی بۆڵوو بۆ سازبوونی نێوانخۆشییان لەگەڵ عوسمانلییاندا دڵی لێی دەدا. ئەوەی ئەم هەل و دەرفەتەی بەفیڕۆ نەبردبا، بەکیسە زێڕی پێ دەبەخشی. ئیدی لەو ساڵانەدا ئەسپەکانی بەگی بۆڵوو نێوبانگییان تا دەهات پتر دەنگی دەدایەوە و هەموو دنیای پڕ کردبوو، تەنانەت باس و خواسیان لە سەرا و دیوەخانی عوسمانلییانیشدا بەسەر زارانەوە بوو، شازادە و سوڵتانەکان هەر کە قسە لە ئەسپەکانی بەگی بۆڵووەوە کرابا هەناسەیان بۆ هەڵدەکێشان. دەنگ و باسی ئەسپەکانی بەگی بۆڵوو بەرگوێی پادشای ئەستەمبۆڵ خۆشی کەوتبووەوە. پاتشا نێوانساردیی بەینی خۆی و بەگی بۆڵووی بەبیردا هاتەوە، بەڵام گوێی نەدایێ. بانگی سەرەک مەیتەری کرد گوتی: «دەچیە کن بەگی بۆڵوو، سەلاممی ڕادەگەیێنییێ. ئەسپەکانی لە سەرا و دیوەخانان زۆریان تاریف دەکەن. سێ ئەسپم بۆ بنێرێ.»

سەرەک مەیتەری پاتشا لە پاش چەند ڕۆژێک گەیشتە بۆڵوو. ئەم ئەسپانە چ بیچمە ئەسپێکن، وا نێوبانگیان ڕۆیشتووە؟ پاتشا کەوتبووە مەراقەوە. سەرەک مەیتەر هاتە حوزووری بەگی بۆڵوو و فەرمانی پاتشای ڕاگەیاندێ گوتی: «پاتشام سێ ئەسپی لێت دەوێ لەوانی کە بەئاسمانەوە دەفڕن و باڵداران دەگرن. پاتشا سڵاوت لێ دەکا.»

بەگی بۆڵوو پەشۆکا. نەیدەزانی چ بکا. کەواتا ئەم چاکەیەشی بەسایی ئەسپەکانیەوە دەست دەکەوت. ئاشتبوونەوەی لەگەڵ پاتشادا واتە بنەماڵەکەی هەتا هەتایە بەگایەتییەکەی بەدەستەوە دەمێنێ.. ئەوەی ئەم هەلەی وەدەست خست کیسە کیسە زێڕی دایێ. دەمودەست چەند کیسە زێڕی هێنا، لە کۆشی سەرەک مەیتەری پاتشای کرد. سەرەک مەیتەر هیچ ئاگای لەم کەین و بەینە نەبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی، وا دیارە ئەمانە هەر کەسێ ئەسپیان لێ داوا بکا سەربار زێڕیشی دەدەنێ... سەرەک مەیتەر بەهەر حاڵ زێڕەکانی لێ وەرگرت و گەلێ دڵی پێیان خۆش بوو.

بەگ لە پاش نەختێ بەدەرکەوت، بانگی پیریوسفی کرد، گوتی:

«پیریوسف، پیریوسف ئامان سەد ئامان؟ ڕووداوەکەت بیستەوە؟ ئەو کارە جوانانەی ڕوویان داوە بیستنەوە؟ پاتشای عوسمانلی داوای ئەسپی لێ کردووین، ئەسپی باڵدار، باز بەئاسمانەوە بگرێ. ڕزگاربووین، لەگەڵ عوسمانلییان ئاشتبووینەوە. ڕۆژێکمان لەسەر هەڵات ئیدی قەت جارێکی دیکە ئاوا نابێت. زۆرم متمانە پێتە. برۆ جوانترین ئەسپ هەڵبژێرە لەوان ئەسپان عوسمانلییانی پێ مات و سەرسام بن، هەرکە چاویان پێیان کەوت لاڵ بن و زمانیان ببەسترێ. ناومان لە نێو عوسمانلییاندا کەم نەکەیتەوە، چا بتبینم.»

پیریوسف گوتی:

« سێ ڕۆژانم مۆڵە بدەیێ بەگم، سێ ڕۆژانم مۆڵە بدەیێ، تا سێ ئەسپی وات بۆ هەڵبژێرم شیاوی شان و شکۆی پاتشای عوسمانلی و جەنابتان بن.»

«پیریوسف زۆرم متمانە پێتە.»

پیریوسف چوو بۆ ئەو دەشتە، لە نێو ڕەوە ئەسپەکان گەڕا، بۆ تەویلەکان چوو، تەویلە بەتەویلە لە نێو ئەسپەکان گەڕا، بەهەزاران ئەسپ هیچیان لە هیچیان جوێ نەدەکرایەوە. هەر کێهەیانت دەگرت مامزێک بوو بۆ خۆی، شەهێنی لە ئاسمان دەفڕاند. ئەسپ زۆر بوون، باڵیان دەگرتەوە و دەفڕین.

بەگ لە ناوچاوانی ئەم ئەسپانەوە لەگەڵ پاتشایەکدا ئاشت دەبووەوە کە سالآنی ساڵ بوو شیر و تیریان لێک دەسوی و دوژمنی بابکوشتەی یەک بوون. دەبوو ئەسپی وای هەڵبژاردبا هەر کە پاتشا چاوی پێ کەوتبان سەری سوڕمابا. دەبوو ئەسپی ئەوتۆی بۆ هەڵبژاردبا هەر کە بیدیتبان هیچ جۆرە خراپەیەکی لە بەگەوە بەبیردا نەهاتبایەوە، خراپە و دوژمنایەتیی چی، هەر کە بەگی وەبیر هاتبایەوە لە خۆشەویستی و منەتباری و ماتی و سەرسوڕمان پتر هیچی دیکەی وەبیر نەهاتبایەوە.

ئیدی سێ ئەسپی وا، سێ ئەسپ سەرەک مەیتەر و پیریوسفیان وا هەراسان کردبوو خستبوونیانە دەریای بیرکردنەوە و لێکدانەوەوە. چەند شتێکی بەبیردا دەهات، بەڵام نەیدەویست بەهیچ ڕەنگێ بیریان لێ بکاتەوە، لە پڕ هەڵدەستا بۆ نێو ئەسپەکان دەچوو، هیچ ئەسپێکی بەدڵ نەبوو.

پیریوسف کە لە نێو هەزاران ئەسپدا، سێ ئەسپی بۆ هەڵنەدەبژێردران، هێندەی هەست بەئازاری دڵ دەکرد وەکو لە نێو دۆژدا بێ وا بوو. دەبوو سێ ئەسپی وا هەڵبژێرێ شیاوی پادشا بێ... هەرچەندی دەکرد ئاوەزی نەدەهاتە کار و نەیدەتوانی بیر بکاتەوە، هەرچەندی دەکرد زمانی لە زاریدا بۆ نەدەگەڕا شتێک بڵێ.

سێ ڕۆژانی بەبێ خەو و بەهەراسانی و پەژارەوە بەسەر برد.

پیریوسف لە نێو ئەم هەموو ڕەوە ئەسپانەدا سێ ئەسپی بۆ هەڵنەبژێردرا. پێی وابوو لە ڕاست هەرچی هەیە و نییە سەرشۆڕ و ڕەزیل دەبێ. ڕۆژی سێیەم هیچ چارەسەرێکی بۆ نەمابووەوە، یەکسەر گەڕایەوە ماڵێ. سێ جوانووی لە تەویلەکەی خۆی دەرێنا و وەپێشی دان، چوو بۆ دیوەخانی بەگ. بەڵێ لەم سێ جوانووە زیاتر هیچی دیکە شیاوتر نەبوو بۆ شان و شکۆی پاتشایەکی مەزن. بەڵام خۆزی ڕۆحیان کێشابا ئەم سێ جوانووەیان لێ نەستاندبا، بەڵام ئەو بەگەکەی وەکو ڕۆحی خۆی خۆش دەویست. لەبەر خاتری بەگەکەی نەبوایە ئەم جوانووانەی بەهیچ نرخ و بەهایەک بەکەس

نەدەدا. نە بەپاتشا. نە بەقڕاڵ... دیسان کە جوانووەکانی وەپێش خۆی دابوون و بەرەو دیوەخانی بەگی دەبردن، هەناوی خوێنی لێ دەتکا، بەندی دڵی دەپچڕا.

بەڵام ئەوەی فەرامۆشییەکی خستبووە دڵییەوە هیوایەکی چکۆلانە بوو: بەڵکو جارێکی دیکە ئەسپی بەحری لە دەریاوە بەدەردەکەوت و دیسان لە ماینەکانی دەپەڕی. بڕیاری دابوو ئیدی ساڵانی ساڵ ئەو گوێ دەریایە بەجێ نەهێڵێ. تەنانەت کە جوانووەکانی وەپێش خۆی دابوون هەستی بەپەشیمانییەک دەکرد، لە وەپێشخۆدانی جوانووەکان وازی دەهێنا و ڕێ و ڕاست بەرەو ماڵی دەگەڕایەوە، قسەکانی بەگی لە گوێدا دەزرینگایەوە:

«نێومان لە ناو عوسمانلییاندا کەم مەکەوە، جا بتبینم ...»

نێویانی لە ناو عوسمانلییاندا کەم نەکردبایەوە ئەم جوانووانە کەمی نەدەکردەوە. پیریوسف بەسێ جوانووەوە، ناچار چاوی قوچاند و چووە حوزووری بەگ.

ئەو ئەسپانەی شایانی پاتشا بن، هەبن و نەبن ئەمانەن.

«کەواتا ئەم ئەسپانە نێومان لە ناو عوسمانلییاندا کەم ناکەنەوە.»

بەگی بۆڵوو سەرنجێکی جوانووەکانی دا، بڕوایی بەچاویدا نەهاتەوە.

جوانووەکانی ئەسپە بەحری پێیان لە دوو ساڵە نابوو، بەڵام هیچ حاڵی ئەوەیان پێوە نەبوو بەسەر پێوە ڕابووەستن. هیچ یەکیان نیشانەی شان و شەوکەتی پێوە دیار نەبوو. چاویان پڕوپووشاوی و ڕیپۆقاوی، لووتیان مقاوی بوو، بێ وچان ئاوی لێ دەهات. تووکی لەشیان وەک کەچە لبادی لێ هاتبوو و بەپشتیانەوە نووسابوو، ئێسکیان زەق و زۆپ بەدیار کەوتبوون، لە کنیان وەستابای یەکە یەکە پەڕاسووەکانیانت دەژماردن. گوێیان شۆڕ، بێ بژ و یاڵ، چۆکیان بریندار، چوارپەلیان وەکو بیی نێو ئاو دەلەرزی. ئەمانە جوانوو نەبوون هەر یەکە تاژییەکی مردەڵە بوو بۆ خۆی، مشکێکی گەڕ بوو و هیچی تر.

بەگی بۆڵوو بەتووڕەیییەوە پرسی:

«ئەمانەن ئەو ئەسپانەی شیاوی پاتشان؟ ئەمانەن نێومان لە ناو عوسمانلییاندا کەم ناکەنەوە؟»

پیریوسف وەڵامی بەگی دایەوە، گوتی:

«بەڵێ بەگم. ئەم ئەسپانەن کە شیاوی پاتشا بن.»

بەگی بۆڵوو گوتی:

«لە تەویلەکەمدا لەمانە ئەسپی چاکتر نەبوون؟»

پیریوسف گوتی:

«نەخێر بەگم، لەم ئەسپانە جوانتر و چاکتر نین.»

بەگی بۆڵوو گوتی:

«تۆ گاڵتە و جەفەنگم لەگەڵدا دەکەی.»

بەگی بۆڵوو لە ڕکان شێت و هار بوو. ئەوانی کە لە حوزووریش بوون، لەوانی کە پیریوسفیان بۆ قووت نەدەچوو و ئێرەییان پێ دەبرد هەل و دەرفەتیان بەغەنیمەت زانی، سەر و پەڵیان تێ گرت:

«ئەم پیاوە لە تیرەیەکی بیانییەوە هاتووە، منەیی شەڕی بەگایەتی دەکا.»

«لە ناو عوسمانلییاندا سەرشۆڕ و سووکت دەکا.»

«ئەم جوانووانە قەت دەشێ بۆ پاتشایەک بکرێن بەدیاری؟ خۆ بکەون، یەکێ سێ زەلام لە کلکی نەون ڕاستی ناکەنەوە...»

«ئەمانە ئەسپ نین، سێ دانە تاژیی گەڕی سیسی مردەڵەن! فوویان لێ کەی بەعاسماندا دەچن.»

بەگی بۆڵوو نەڕاندی، بازاڕ و کووچە و کۆڵانانی شاری بۆڵوو سەرتاسەر دەنگیان دایەوە. دووکانداران لە ترسان دەرکەی دووکانیان دادایەوە، ماڵان دەرکەیان پێوە دا. زۆر ئاشکرا و ڕوونە بەگەکان ڕاست و چەپ و ئەو لاو

ئەولایان بۆ نییە. یا دەبەخشن ئاوەدانی دەکەنەوە، یا لێ دەدەن وێران و بەربادی دەکەن.

«سەری ئەم مەیتەرە بپەڕێنن. کەللەی بپەڕێنن، لە بن هەنگڵی نێن. با تامی زاری خۆی بچێژێ...»

لە حوزووردا ئی واش هەبوون یوسفی مەیتەریان خۆش دەویست، بەهرە و نرخیان دەزانی، بڕوایان وابوو کە کارێکی دزێوە، سووکایەتیی بەکەس نەکردووە. کەوتنە نێوانەوە، گوتیان بەگ باوکت چاک، دایکت چاک ... بەندە بێ گوناهـ نابێ. یوسفە، ئەوا گوناهێکیشی لە دەست قەوما، بیبەخشە.

بەگ بەرگەی پاڕانەوەی خەڵکەکەی نەگرت، لە گیانی یوسف خۆش بوو. بەڵام هێندە تووڕە بووبوو، یەکسەر فەرمانی بەمیرغەزەبان دا، گوتی:

«لە گیانی خۆش بووم، بەڵام میلی بەچاواندا بێنن، میلەکەی وا بەچاوندا بێنن، کە جارێکی دیکە نەخڵەتابێ لە نێو هەزاران ئەسپی جواندا دوو سێ جوانووی خوێڕووی وەکو تاژیی مردەڵە بۆ بەگ بهێنێ.»

میرغەزەبان میلیان بەچاوی یوسفدا هێنا. یوسف کە میلیان بەچاویدا هێنا ئۆفی ئاساییی نەکرد، چونکە بووبوو بەگاوگەردوونی چاکە و دۆستایەتیی خۆی. ئەقڵ و ئاوەزی ئەم بەگە ستەمکار و زۆردارانە، مرۆڤایەتییان، دۆستایەتییان هەرچەندە بێ، هەر هێندە دەبوو.

«دە بڕۆ بەگی بۆڵوو بڕۆ، ئەگەر ڕۆژێ تۆڵەی ئەم چاوانەم، ئەم دۆستایەتییەم لێ کردییەوە، ئەوا لێم کردوویەوە، لێشم نەکردییەوە بڕۆ وەکو شیری بەری دایکت لێت حەڵاڵ بێ تا ڕۆژی قیامەتێ هەر شانازیی پێوە بکە.»

پیریوسف دنیا ڕوونی لێ بوو بەتاریکستان. لە تاریکاییی دنیای خۆیدا، بەو تووڕەیییە لە رەوینەوە نەهاتووە، لەئەندازەبەدەرەی خۆیەوە لەسەر تۆقی سەر دەخولایەوە، هار و شێت بووبوو. تۆڵەی خۆی لەم بەگی بۆڵووە، لەم زۆرداره نرخ نەزانە، لەم شیر حەرام و سپڵەیەی کە بەنرخترین پیاوی خۆی بە پوولێ، بە هەڵچوونێکی بچووک فرۆشت، لەم لەعنەتییەتی کە بیناییی

چاوانی لێ دزی چۆن بکاتەوە؟ دەیدایە پڕی نەیدەگـــرت، دەیدایە بەتاڵی پڕنەدەبوو. هەژارێکی بێکەس و دەستەوسان، سەرباریش لە هەردوو چاوان بەری، بێ دەست و پێ، بێ زمـان و بێ پشت و پشـتیـوان بوو. هەرچی غـەنیـمـەکـەشی بوو بەگی زەبەللاحی بۆڵوو بوو. چیی لەدەست دەهات؟ چاوەکانی بوون ئەوانیشی لە دەست چوون، تازە رابرد. بەگی بۆڵوو بەڵکە لەمێژ بوو، هەر لە بیریشی نەمابوو. ئەگەر چووبایانە کنی پێیان گوتبا: «دوژمنێکت هەیە، پیریوسف ناو، بەخوێنت تینووە و لە ڕکان هار و شێت بووە،» بەگی بۆڵوو تەنانەت هەڵپەی کوشتنیشی نەدەکرد، پێ دەکەنی و گوێشی نەدەدایە. پیریوسف کارەساتێکی وای بەسەرنەهاتبوو بەسانایی خۆش بێتەوە. کارەساتێکی زۆر گەورە بوو. خوا بەڵای وا بەسەر کەس نەهێنێ. دەردێک بوو لە کێشدا نەبوو. دەردێک بوو بەسەر دوژمنت بێ. خەوی لە چاو نەدەچوو. تاریکایی داهاتنی دنیـای بەهەر ڕەنگ، بەڵام ژیانی لێ بووبوو بەژەهری مار، ژەهری هەلاهیلی دەخواردەوە، باکی بەکوێری، بەمردنی ژنەکەی، بەهەژاری و دەستەوسانی و پەرێشانی نەبوو، ئەوەی کاری و کوشندە بوو بێ چارەیی و بێ دەسەڵاتی بوو، دەست و پێ بەستراوەیی بوو. بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە بەگی بۆڵوو بستێنێتەوە دەستی بەهیچدا ڕانەدەگەیشت و خاوەنی هیچ دەسەڵات و چارەسەرێک نەبوو.

عەلی رووشەنی کوڕی پێ گەیشتبوو. دەستی داری گرتبوو، تەمەنی، خۆی لە هەژدە ساڵان دابوو. لاوێکی ناوشان پان، کەڵەگەت، وەک کەڵەکێوی وا بوو، بەڵام ملکەچ بوو. کوڕی کوێرێکی میل بەچاودا کێشراوی لە دیوەخانی بەگ دەرکراو بوو. سەرەڕای ئەوەش، یەکێ قیافەت دەرۆزەکەرانەی جلوبەرگ شڕوپڕی سەروبەچک بەدەرەوەی قاچوقول ڕووت بوو. بەگی بۆڵوو وێڕای میل بەچاوبابداهێنانی هەرچی ماڵ و سامانێکیشیان هەبوو هەمووی لە دەست ساندبوون. باوک و کوڕ بەڕووتی و ڕەجاڵی لە نێو چوار دیواری رەق و تەقدا لە دەرەوەی دێنایەوە ماڵێ، لە ماڵەوەی بۆ دەرێ دەبرد. ئەوەندی لە دەست هاتبا و بۆی کرابا دڵە شکاوەکەی خۆش دەکرد. بۆڵوو شارێکی گەورە بوو.

هەرچی ڕێگر و دز و جەردە و قاچاخچی و لە مەنجەڵدا نەکوڵاو و لە پەت و چوارمێخە رزگاربوو هەبوون هەموو لە کووچە و کۆڵانانی دەخولانەوە. تفەنگیان بەپوولەکە سوورەوە دەنا. ڕۆنیان لە مێش دەگرت. ڕووشەن هەموو ڕۆژێ دوو نانی دەکڕی، لە گەڕانەوەدا یەکێک لە ڕێگران ڕێگەی پێ دەگرت، ئەستوورکە نانێکی بەسەرانە لێ دەستاند. کوڕە دەست و پێ سپی بوو ترسنۆک و سڵوک بوو، دەنگی نەدەکرد. دەنگی نەدەکرد، بەڵام لە داخی ئەم سەرانە ساندنە لە شەرمەزارییان سەر ئەرزی بەخۆی نەدەگرت.

باوکی لە ترسنۆکی و سڵۆکی کوڕەکەی گەیشتبوو، زۆر چاکیشی دەزانی کە یەکێ لە ئەستوورکەکان هەموو ڕۆژێ چیی لێ دێ، ئەوەندی بۆشی کرابا نەیدەویست وا لە کوڕە بگەیەنێ کە ئاگای لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەیەتی.

ئەم کوڕەی ئەگەر یەکێکی ئازا و بەجەرگ بوایە لەوانەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان باب و کوڕ تۆڵەی خۆیان لە بەگی بۆڵوو بستاندبایەوە. ترسنۆکیی کوڕەکەشی بووبوو بە بەهاراتی بەسەرهاتەکانی. پیریوسفێکی چارەڕەش هاتبووە ئەم دنیایەوە، دەبا نەهاتبا چ دەبوو. شەو و ڕۆژ بەئاخ و ناڵەوە دەتلایەوە. گرێی دەرد و مەینەتییەکانی لە کن کوڕەکەی قەت نەدەکردەوە. هەرکە کوڕەکەی نەختێ لێی جوێ بوایەوە لە پڕ دەتەقییەوە و وەکو لاوەگەران دەیلاواندەوە و داخی دەروونی خۆی هەڵدەڕشت، دەیگوت:

« ئەم تاریکییە خەستە، ئەم تاریکییە گرانە کە وەکو بەرد، وەکو ئاو، وەکو قوڕقوشم وایە تا مردن لە کۆڵم نابێتەوە. من هیچ ڕۆژێ تۆڵەی خۆم لە بەگی بۆڵوو بۆ ناکرێتەوە. هەق و حسێبمان بۆ ڕۆژی قیامەتێ دەمێنێتەوە. پیریوسف و کوڕی ئاوهای لێ بکەوێتەوە؟ کوڕی وا خوێڕوو، کوڕی وا ترسنۆک، وەکو کەروێشک، کوڕێک دوو ئەستوورکی نان پێ نەپارێزرێ، لە کووچە و کۆڵانان ڕێگر و سەرسەری لە دەستی بڕفێنن...

ناشکوری نەبێ خوا کە غەزەبی لێ گرتین، هەر بەجارێ ڕەگ و ریشەی

هیشک کردین. لکێکی بۆ نەهێشتینەوە دەستی پێوە بگرین. ترووسکەی بۆ نەهێشتینەوە...»

عەلی رووشەن جاروبار بەسەر ئەم قسانەی باوکیدا، کە لەبەر خۆیەوە دەیکردن، دەهات، کوڕە زۆری پێ نیگەران دەبوو. خۆزی بڕەکی دی بەجەرگتر، نەختێکی دیکە ئازاتر بوایە، ئەوجا بەگی بۆڵوو دیتبای. کامەتا ئەو جەرگەی لەودا؟

دیسان ڕۆژێکیان عەلی رووشەن کە بۆ نان کڕین دەچوو، لە کۆڵانێکدا توولەیەکی چکۆلەی دیت. توولەکە لەتێ گەدەی بەدەمەوە بوو، هەرچی سەگەلی ئەو گەڕەکە بوون وەدووی کەوتبوون، دەیانویست بەهەموویان لەتە گەدەکەی لێ بستێنن. توولە چکۆلەکە هەر هێندەی دەستێ بوو، ئەو سەگەلەی دووی کەوتبوون یەکی هێندەی ئەسپێک دەبوو. وێڕای ئەوەش یەکێ نەبوو، پێنج بوون، ڕەوەیەک بوون، رووشەن ڕاوەستا، بە سەرسامییەوە تەماشای شەڕی ڕەوە دێوێک و ئەم مێرووە چکۆلانەی کرد.

توولە چکۆلەکە چوو پشتی بە گابەردێکەوە دا، لەتە گەدەکەشی خستە نێو گەڵیەوە. ئەوی لە پشتەوە بۆی هات پڕی دایێ، ئەوی لە پاشەوە بۆی هات پڕی دایێ، خۆی بەسەگەکاندا دەدا، سەگی تاین بۆ خۆشی نەیدەزانی چی لێ قەوماوە. بەخوێن و خوڕەوە، بێ ئاوڕدانەوە هەڵدەهات و لە چاو ون دەبوو. لە مەودای نیو سەعاتدا ئەو سەگەلەی گەمارۆی توولەکەیان دابوو شتاقیان نەما. یەکێ گوێی پچڕابوو، یەکێ کلکی لە بن دەرهاتبوو، یەکێ چاوی دەرپۆقیبوو، ئیدی هەموو کشانەوە و بڵاوەیان لێ کرد. جارێکی تر سەگێکم دەویست لێی نزیک کەوێتەوە. توولەکە هەر ئەوە نەبوو لەتە گەدەکەی لەدەست نەدابوو، هەرچییەکی کردبوو کردبووی، بەڵام ئێستا و ئێستاش بۆچی هێشتی سەگێکی دیکە چاوی بەو بەشە گەدەیە بکەوێ؟

عەلی رووشەن پەند و عیبرەتی لەم رووداوە وەرگرت. لە دڵی خۆیدا گوتی: «کوڕە، هەر نەبین بەم توولەیەش نەبین کە بەقەدەر دەستێکە.» ئیدی تەقی لە

جەرگی کرد، سەرتاپای بووبوو بەئازایەتی و نەبەزی، یەکسەر گەڕایەوە ماڵێ، دەستی دا دارێکی ئەستوور. سەری دارەکەی بزمارکوت کرد، ئەوجا تۆبز بەدەستەوە، بەسینگ دەرپەڕاندنەوە چوو بۆ بازاڕ، بۆ نان کڕین. ئەمجارە لە جیاتی دوو ئەستوورکە نان چواری کڕی، نانەکان بەدەستێکیەوە، تۆبزەکە بەدەستێکی دیکەوەی. جا با بزانین چ دەقەومێ؟ ئەوانی نانەکانیان لە دەست دەستاند کە چاویان بەتۆبزەکە دەکەوێ چ دەڵێن؟ چ دەڵێن، دیسان لە پڕ پێشیان لێ گرت، داوای نانەکانیان لێ کرد. ئەمجار چوار نان بوون سەرەک سەرسەرییەکەیان گوتی:

« سێیانی بەجێ بێڵە و بڕۆ هەتیو.»

عەلی رووشەنە، نانەکانی خستە سەر دیوارێ ئەوجا نەختێ کشایەوە و هەڵی کوتایە سەر ئەوەیان پێی گوت هەتیو، بەیەک تۆبز خستی. ئەوەکانی دیکەشی وەپێش خۆی دان، سەرسەرییەکان وا هەڵهاتن، بەردە قۆچەقانییان بەبای قولاندا ڕانەدەگەیشت.

سەرسەرییەکان لە پێشەوە عەلی رووشەن بەدوایانەوە ها لێرە ها لەوێ، هەموو کووچە و کۆلانی شاری پێ گێڕان. عەلی رووشەن چۆنیان بگاتێ، کابراگەل لە تاو گیانیان وا هەڵدەهاتن ئەسپی باڵداریان نەدەگەیشتێ.

سەرسەرییەکان دەرزێکی چاکیان وەرگرتبوو و لە ترسان زارەتەرەک بووبوون. کوڕە گەڕایەوە. نانەکانی چۆن لەسەر دیوارەکە دانابوون هەر بەو جۆرە داندرابوون، ئیدی کێ دەیوێرا توخنی نانەکانی بکەوێ... جا لەمەڕا دەڵێن ئازایەتیی کوێرئۆغلی لە سەرێنیی توولەیەکی چکۆلەوە چەکەرەی کردووە، جا بەڕاستی وایشە.

باوکی ئەوێ ڕۆژێ تەماشای کرد کوڕەکەی چوار نانی هێناوەتەوە، حاڵ و حیکایەتەکەی هیچ لێ نەپرسی. هەرچییەک بێ، مەیتەری زۆرزان هۆی ئەمەی هەر دەزانییەرە. لەدوای ماوەیەکی کەم زانییەوە. پێتان وایە چۆنی زانییەوە؟ بەدەستەکوتکێ دەچووە دەرێ، لە کن دەرکەوە دەستی بەر شتێک کەوت. کە

هەڵی گرت تۆبزێک بوو، دەستی بۆ سەرێکی برد، نامەخوا، سەرانسەری بە بزمار بزمارکوت کرابوو. کە زانیی چوار نان بۆ ماڵ هاتووەتەوە و تۆبزێکی بزمارکوتیش لە گۆڕێدایە لە سەروکاری کارەکە گەیشت. سەرەک مەیتەر لە خۆشییان هەر ئەوەبوو شێت نەبێ. لە کەیفان بۆ خۆشی نەیدەزانی چ بکا؟ چاوی کرابایەوە هەر هێندەی دڵ خۆش دەبوو.

بەگی بۆڵوو هەرچییەکی هەبوو و نەبوو، ساربایش، میراتییەکەشی پێ بەخشیبا ئەوەندەی کەیف پێ ساز نەدەبوو. باوکی زیندووبایەوە، گوندەکەی وەکو جاران ئەسپی وەکو مامزانی پێ گەیاندبا هێندەی پێ خۆش نەدەبوو.

«گۆماو لە بناوانەوە ئاوی کەم ناکا. لە کۆنیشەوە گوتراوە، بێچووی گورگ دەبێتە گورگ... کوڕی پیریوسفیش لە ئاکامدا دەبێتە پیریوسف.»

ئیدی ئەوجا لکێ هەبوو خۆی پێوە هەڵواسێ، توورووسکەیەک هەبوو پێی ڕاپەرموێ. ناهومێدی هەزار بەردی لە شوێن و بۆ جەحەندم، ئەوجا نۆرەی شانازی و شادی بوو.

چۆن، هەر لە زووەوە ترسنۆکیی کوڕەکەی قەت بەچاویدا نەدەداوە، هەروەهاش نەدەبوو ئازایەتی و جەرگ قایمییەکەی لەکن بدرکێنێ، دەبوو خۆی لێ گێل بکا. دەبوو لە سۆنگەی گۆڕانی کوڕە بکۆڵێتەوە.

ئیتر لە کەیفان هەمیشە گۆڕانیی دەگوت، پێ دەکەنی. لیکۆڵینەوەکەی زۆری نەخایاند. دەسبەجێ تێ گەیشت. کوڕەکەی چیی بەسەرهاتبوو. ئەگەر هاتبا ئەو توولەیەی دەست کەوتبا کلکی لە زیو دەگرت. مرۆ بەئازایەتی و دلێری لەدایک نابێ. ئەوەی مرۆ ئازا و بەجەرگ دەکا ئەزموون و ئاوەزی خۆیەتی.

ئیتر هەموو ڕۆژێ دوو نان بەبتوونی، بێ ئەوەی لێی کەل بووبێ، دەهاتەوە ماڵێ. با ئەمان لەسەر ئەم دۆخە لە کۆچ و بارخستن و خواردن و خواردنەوەی خۆیاندا بن، ئێمەیش بێینەوە سەر و کاری جوانووەکان، جوانووەکان لە تەویلەی بەگدا هەڵیان دەدا و وردە وردە پێ دەگەیشتن.

یوسفی مەیتەر پەرۆشی ئەوەی بوو داخوا جوانووەکان چییان لێ

بەسـەرهـاتبێ، چۆن بن؟ چەند جـارێک کـوڕەکـەی بـەدزییـەوە بۆ تەویلە نارد. کـوڕە هەرچەندی کـرد جـوانـووەکـانی نـەدیت و نەیدیتنـەوە. پیـریـوسف لەم بێ دەسەڵاتییەی کوڕەکەی زۆر تووڕە بوو، بەڵام بەچاویدا نەدەدایەوە.

شەوێکیان بانگی کرد، گوتی:

«دەستم بگرە رووشەن... بەجۆرێ هەنگاو هەڵێنە ترپە چییە لە پێتەوە نەیە. چۆن بەسەر لۆکەدا دەڕۆی ئەوها بڕۆ. بمبە بۆ تەویلە گەورەکەی بەگ.»

عەلی رووشەن ترسا، گوتی:

«باوە، تۆ دەڵێی چی؟ کێ دەتوانێ بچێتە تەویلەی بەگ؟ پەلەوەر بەباڵی، مار بەو لووسییە ناتوانن بچنە ژوورێ.»

«تۆ، من چت پێ دەڵێم بیکە، دەستم بگرە... یاڵڵا پێشم کەوە.»

رووشـەن ناچار وەپێش باوکی کـەوت. لە تـاریکاییـیـەکـەدا سـرتـەیان لێـوە نەدەهات. جگە لە دەنگی سیسارک دەنگی هیچی دیکە نەدەهات.

هاتنە تەویلەی گەورە.

عەلی رووشەن گوتی:

«چ دەکەی لە تەویلەی بەگ؟»

«هاتینە تەویلە؟»

«بەڵێ هاتین، لێرە چ دەکەی بابە!»

قسەکانیان فسەفسێک بوو و هیچی تر.

«تەماشای جوانووەکانم دەکەم. لەوەندەم پتر ئیدی خۆ پێ ناگیرێ... داخۆ جووانووەکانم چۆن بن؟ تۆ بڵێی چاودێریی جوانووەکانیان کردبم؟»

عەلی رووشەن گوتی:

«بەم تاریکییە چۆن دەتوانین لە نێو ئەم هەزاران ئەسپانەدا جوانووەکان بدۆزینەوە؟»

پیریوسف توورە بوو، بەڵام هیچ وەڵامی کوڕەکەی نەدایەوە، بەرەو دەرکەی تەویلەی گەورە چوو. دەرکەی تەویلە بەمەحکەمی کلیل درابوو، بەڵام پیریوسف زۆر بەسانایی دەیتوانی بیکاتەوە.

کوڕەکەی لە ئەسپ بەخێوکردن چیی نەدەزانی. عەلی رووشەن هێشتا هەرزەکارێکی مێردمنداڵی گوڵ بەدەم بوو. ڕاستە لە نێو ئەسپاندا گەورە بووبوو، بەڵام خووی نەدابووە ئەسپان، بەڕاستی ئەم منداڵە لەبەرچی تا ئێستا خۆی بەئەسپانەوە خەریک نەکردبوو؟ ئایا ئەسپی خۆش نەدەویست؟ نەخێر، نەخێر، قەت ناشێ وابێ. کوڕی پیریوسف چۆن ئەسپی خۆش نەدەویست شتی وا نەدەشیا و نەدەکرا.

عەلی رووشەن مەراقێکی وا کوشندە و کاریی بێ چارەسەری گرتبوو. باوکی لە نێو ئەم هەموو ئەسپانەدا، بەم تاریکییە، بەم کوێرەوارییە جوانووەکانی لە کوێدا و لە چ لایەکی تەویلەکەدا بەستراوبوونەوە. ئەسپپەروەری چاک، بەتایبەت ئی وەکو پیریوسف ئەو ئەسپانەی بەدەستی خۆیان پەروەردەیان دەکەن، بەبۆنیاندا دەیانناسنەوە. یا هەستێکی ڕاست و قووڵ بەرەو ئەسپەکانیان دەبا و بەو هەستە دەیاندۆزنەوە. جارێ خۆ ئەوە پیریوسف جوانووە بۆرەی لە سێ ڕۆژە ڕێگەوە بۆن دەکرد. کە ئەسپەبۆرە وەدەردەکەوت ئەو ناوە پڕ دەبوو لە بۆنی دەریا و بۆنی پونگێکی تەڕ و تازە. لە پاشان کە نزیک دەبووەوە بۆنی گوڵە کێویلەیەکی ناسک و تیژی لێ دەهات. رووشەن ئەم هەمووەی لە کوێ دەزانی؟

لە تەویلەکەدا، باوک لە پێشەوە و رووشەن لە دوایەوە لە نێوان ئەسپەکانەوە بەپەلەکوتکێ پێش دەکەوتن، تەویلەک پڕ بووبوو لە بۆنی دەشتێکی گەرم و بۆنێکی گرانی ئەسپ، بۆنی ئارەقێکی تفت و تاڵ کە لە پشتی ئەسپەکانەوە بۆخەی دەکرد بەلووتیاندا دەهات. لەو تەویلە هەراو و بەرینەدا دەهاتن و دەچوون. بۆ کوێ دەچوون، خۆ هەر ڕۆژ دەبووەوە، پاسەوانان باو و کوڕیان بەجووتە لە تەویلەدا دەگرت و ڕێ و ڕاست بۆ بەگیان دەبردن، بەگیش ئەم جارە بێ چەند و چوون نەیدەبەخشین و دەیکوشتن.

پیریوسف لە پاش چەندێ گازی کوڕەی کرد گوتی:

«وەرە کوڕە، وەرە! جوانووەکانمان لە پێشەوەن.»

زۆری نەخایاند، لە کن جوانووەکان بوون. پیریوسف دەستی درێژکرد، یەکە بەیەکەیانی تاقی کردەوە، گوتی:

«ئەی هاوار هەی، هەزار جاران هەی هاوار! ئەم بێ ئیمانانە جوانووەکانیان هیچ چاودێری نەکردووە. نەئالیکێ، نەگیایەکیان نەداونێ، تیماریشیان نەکردوون، تەنانەت ئاویشیان نەداون، بەمردنیان سپاردوون.» بەڵام جوانووەکان ساغڵەم بوون بەرگەیان گرتبوو. «یاڵڵا کوڕە با بڕۆین، ئیدی لەمە پترم خۆ پێ ناگیرێ. تەماشا ئەم دوو مەزەبانە چییان بەسەر ئەم جوانووانە هێناوە؟»

ئیتر پیریوسف هەموو شەوێ، کە شار باڵی خامۆشیی بەسەردا دەکشا، شەوگاری لە تەویلەدا دەکردەوە و هەناسەی بەهەناسەی جوانووەکانەوە بوو. بەڵام ئەمە بەو ڕەنگە نەدەگونجا.

جارێکیان دەسماڵی جوانووە بۆرەی دەکرد لە پڕ بەئەقڵیدا هات کە سبەینێ لە بەیانی زووەوە عەلی رووشەن بنێرێ بۆ کن بەگ داوای جوانووە بۆرەی لێ بکا. بەگیش جوانووە بۆرەی دەداتێ. ئەگەر نرخی جوانووە بۆرەی زانیبا، قەت بەم حاڵەی دەگەیاند؟

عەلی رووشەن بۆ بەیانی زوو لەبەر دەرکەی بەگ بوو. بەگ فەرمانی چوونە ژووریی دا:

«چت دەوێ کوڕی کوێرە؟»

عەلی رووشەن سەرسام بوو. ئەمە یەکەم جاری بوو پێی بگوترێ کوڕی کوێرە. کەواتا لەمەوپاش هەموو کەسێ کوڕی کوێرەی پێ دەڵێ و ناو و ناوبانگی کوێر دەبێتەوە. کوێرئۆغڵی وا و کوێرئۆغڵی ئەمە.

رووشەنی سەرسام بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، بەگ پرسیارەکەی لێ دووپات کردەوە:

«کوێر ئۆغڵی بڵێ! هیچ داخوازێکت هەیە بەم بەیانییە زووە هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکراوە، بەرۆکت گرتووین.»

رووشەن وەکو دەنکی هەنار سوور هەڵگەڕا. لەتاو هەندێ تووڕەیی و هەندێ سەغڵەتی بەجاوەجاوێکەوە گوتی:

«خۆراک بۆ باوکم پەیدا دەکەم...»

بەگ:

«ئێێێ؟ لە پاشان؟»

«گوتم ئاوکێشی بکەم و...»

«ئێێێ؟ ... پاشان؟ درێژەی مەدەیێ! گورج بڵێ.»

«باوکم گوتی گوایە، ئەو جوانووە بێ کەڵکەکە نییە، گوایە بەگ بەڵکو بتداتێ.»

بەگ دەسبەجێ چەپڵەی کوتا، پیاوەکانی گاز کرد، گوتی:

«بزانن ئەم کوڕی کوێرە چی دەوێ بیدەنێ، جوانووی دەوێ، چی دەوێ بیدەنێ، با بڕوا.»

بەڵام جوانووی چی، ئاوی چاوی داهاتبوو، لووتی مقاوی بوو، چوون بۆ تەویلە جوانووە بۆرەی گەڕ لە سووچێکەوە کز کز وەستابوو، یەکسەر دایانە کوڕە.

مەیتەری بەگ گوتی:

«برا ئەگەر دەتەوێ ئەم دوو جوانووەکەی دیکەش ببە بۆ خۆت. بیانبە، لە مقاوی و گەڕی و چەپەڵییان رزگارمان کە، هەر دەخۆن و کەچی بەهیچ جۆرێ نابن بەهیچ.»

عەلی رووشەن گوتی:

«نامەوێن، جوانووە بۆرەم بەسە.»

ئەمیش ئەم جوانووە لەڕ و گەڕ و لاوازانەی بەدڵەوە نەچوون. بیبردنایە چی لێ کردبان؟ ئەگەر ئەم جوانووە بۆرە ئێسک و پێستەش دەڵێی دەبوو بە بەڵا بەئەستۆیانەوە. هەر چەندیان دەکرد زگی خۆیانیان پێ تێر نەدەکرا، سەربار ئەم جوانووە مردەڵەیان چۆن پێ تێر دەکرا؟

بەڵام شتێک بوو باوکی ویستبووی، نەیویستبا، دەبوو هەر بیهێنایە، یاڵی جوانووەکەی گرت و ڕایکێشا. جوانووی گۆرین تا گەیشتە ماڵێ سێ جاران کەوت. عەلی رووشەن بەهەزار حاڵ ڕاستی کردەوە.

«باوە هێنام.»

«بەڕاست، بەڕاست، ڕاست دەکەی؟ کەواتا جوانووە بۆرەی دا، ها؟ ئەو بێ دینە، قەت بڕوا ناکەم، بڕوا ناکەم، چۆنی لە دەست بووەوە؟ چیی گوت:

«گوتیان، گوتیان لەم جوانووە مردەڵانە بێزار بووین. گوتیان بوون بە بەڵا بەملمانەوە، گوتیان ئەگەر دەتەوێ ئەو دووەکەی دیکەیشیان ببە، گوتیان بیانبە دۆڵێک بیانکوژە.»

باوکی گوتی:

«ئەی بۆچی نەتهێنان، کوڕە گەمژە، بێ ئاوەز... هەر ئێستا بڕۆ بیانهێنە، هەر ئێستا... نا نا، ڕاوەستە، مەڕۆ، فێڵەکەمان ئاشکرا دەبێ. لە بەڵێنەکەیان پاشگەز دەبنەوە، لەوانەیە جوانووە بۆرەشمان لێ بستێننەوە. جوانووە بۆرە بێنە ژوورێ. گورج کە. با کەس پێ نەزانێ. بڕوا ناکەم، بڕوا ناکەم. چاک بوو چاوەکانم لە دەست چوون، هەر چەند لە دەستیشم چوون، بەڵام جوانووە بۆرە بۆ خۆم مایەوە. جوانووە بۆرە نەک جووتێ چاو، هەزار جووت چاو دێنێ! جوانووەکە بێنە ژوورێ. لە کن کەس هیچ مەدرکێنە...»

عەلی رووشەن جارێ سەیرێکی جوانووە مردەڵەی کرد، جارێ سەیری باوکی کرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: «بەوەی چاکە باوکم چاوی نابینێ و نابینایە، تەماشای حاڵی ئەم شێرە جوانووە بۆرەیە ناکا، یا ئەقڵی تێک چووبێ؟ دەنا تو خوا یەکێ تۆزقاڵێ ئەقڵی هەبێ ئەم گەڕە بۆ حوزووری بەگی دەبا، کە

گوایە شیاوی پاتشای عوسمانلییە و بەدیاری بۆی بنێردرێ؟»

هەر ئەوە نەبوو هەناوی لەت لەت بێ، لە باوی وردبووەوە، وردەبووەوە، لە پاشان جوانووە بەشان و شەوکەتەکەی کێشایە ژوورێ. نەخێر نەخێر، هەبێ و نەبێ شتێک بەسەر ئەقڵی بابی هاتبوو.

پیریوسف کوڕەکەی لە پێش دەمی خۆی دانا و دەستی بەقسان کرد:

«ئەوانەی بەبیرتدا دێن سۆسەیان دەکەم کوڕۆ، لەوانەیە بڵێی ڕەنگە ئەم باوکەی من ئەقڵی تێک چووبێ؟ چاوی لە پێناوی جوانوویەکی مردەڵەدا دانا، ئێستاش هەر ساتێ بێ گیانیشی دادەنێ، کوڕم تۆ لەمە و لەوە گەڕێ، گوێت لە من بێ، هەڵبەت ئەم باوکەی تۆ شتێکی لە دڵدایە و شتێک دەزانێ. تەماشا، ئەقڵم لە سەرمدایە و قسە و سوحبەتیشم لە جێی خۆیەتی، جا ئیدی زۆر چاکم گوێ بدەیێ، ئەگەر کەسێ هەبێ تۆڵەی من لە بەگی بۆڵوو بستێنێتەوە، ئەم جوانووە بۆرەیە دەیسێنێتەوە، نەیشیسێنێتەوە، تۆڵەمان بۆ ڕۆژی قیامەتێ دەمێنێتەوە. بەڵام ئەمن هەرچییەکت پێ دەڵێم دەبێ تۆ ئەوە بکەی و لە قسەم دەرنەچی. جا ئەوسا تێ دەگەی من شێت بووم یا ئاقڵ...»

یوسفی مەیتەر ئەو تەویلەیەی کە لە کۆنەوە، لە ڕۆژگارانی خۆشەوە بۆ مابووەوە، هەموو کون و کەلێنێکی زۆر چاک بەلباد گرت.

ئەو جا گازی کوڕەکەی کرد گوتی:

«رووشەنەکەم، بەوردی بڕوانە، نابێ لە هیچ شوێنێکەوە ئەوەندەی نووکی دەرزییەک تیشکی رۆژ بچووڕێتە ژوورەوە، هێندەی تۆزقاڵێ تیشک وەژوورکەوێ ڕیسەکەمان سەرلەبەر لێ دەبێتەوە بەخوری. ئەوەی گوتمان سەرناگرێ.»

رووشەن کون و کەلێنی تەویلەکەی هەموو پشکنی، تروسکاییەک تیشکی ڕۆژی بەرچاو نەکەوت. ژووری تاریکستانێکی ئەنگوستە چاو بوو بۆ خۆی.

«باوە، سەیری هەر لایەک دەکەی تاریک و تنووکە. هێندەی نووکە دەرزییەک تیشکی ڕۆژ لە هیچ لایەکەوە دیار نییە، تاریکستانێکە چاو چاو نابینێ.»

کوڕ و باب دەستیان بەپەروەردەکردنی جوانوو کرد، ئالیکی، گیای، ئاوی، هەموویان بەپێوانە دەدایێ و لە کاتی خۆیدا تیماریان دەکرد. پیریوسف لە هەزار و یەک گوڵ و گیا هەتوانی بۆ دەگرتەوە، بەڕۆنی ئەم گوڵە بۆنخۆش و جوان و ناسک و بەشفایانە جوانووەکەی دەئەنوی و چەوری دەکرد و دەیشێلا. بۆن و هێزی سەرلەبەری گوڵ و گیای چیاکان لەشی جوانووە بۆرە هەڵی دەمژین.

جگە لەمەش پیریوسف هەموو سبەینانێک پێش بانگی کەڵەشێران دادەبەزی، پاش ئەوەی چاوی جوانووە بۆرەی ماچ دەکرد، بەدەستی پشتی دەسماڵ دەکرد. دوایی ڕووی لە کوڕەکەی دەکرد، دەیگوت:

«کوڕم، بڕوانە، لێرەوە، لە گۆشەی چەپی تەویلەکەوە سێبەری تیرێژێک دەکەوێتە سەر پشتی جوانووە بۆرە بیگرە.»

پیریوسف، یوسفی بێ چاو ئەو کون و کەلێنانەی ڕووناکییان دەدایە ژوورەوە چۆن دەزانی؟ کە جوانووە بۆرەی دەسماڵ دەکرد ئەو لایەی ڕووناکیی لێوە دەهاتە ژوور، بەدی دەکرد. پێشینان گوتوویانە، ئەو ئەسپەی لە تەویلەدا بەخێو بکرێ، بێتو لایەکی ڕووناکی ببینێ. خاو و خلیچک و بێ هێز و گوڕ و نەرمەڵە دەبێ بەڵکو پیریوسف بەمەدا دەیزانی.

پیریوسف بەدەم دەسماڵکردنی پشتی جوانووە بۆرەوە وای لێ هات ئیدی سێبەری ترووسکەیەکی ترووسکە ئاسایی لە تەویلەکەدا بەدی نەدەکرا، رووشەن بیری دەکردەوە، ئەم پیاوە پیرۆزە چاوی کوێرە چۆن دەبینێ، بەئەقڵەوە ناچێ.

جوانووە بۆرە هەرچەندە هەڵی دەدا و فراژی دەبوو، رووشەن هێندەی دیکە سەری لەم پەرجووە پتر سوڕدەما، لەمەڕا تا دەهات باوکی لە پێش چاو هێندەی دیکە موعەممادارتر دەبوو، ئەفسووناویتر دەبوو. ئیدی هەروا لە دڵی خۆیدا دەیگوت، دە توخوا وەرە، فەرموو بڕوانە حاڵی ئەم جوانووە کەپوو بەمقاوەی ماوەیەک لەمەوپێش چۆن بوو، ئێستا چۆنە!

چل شـەو و چل ڕۆژە تەواو بوو. هیـچ جێگـەیەکی جـوانووەبۆرە نەمـابووەوە سێ جـاران پەنجـەی پیـریوسـفی وێ نـەکـەوتبێ، سـەرلەئێـوارەیەک بانگی کوڕەکەی کرد، گوتی:

«گەلۆ، هـەردوو دییـەکانم، کوڕۆ وەرە، تەمـاشـاکـە بزانە جـوانووە بۆرە چۆن ئەسـپـێکی لێ هـەڵکەوتووە شـیـاوی تیـرەکـەی باوکی، وەسـتـاکـەیەتی، یان ئەم ڕەنجەم بە با چوو و هێـسـترێکی لێ هەڵکەوتووە. جارێ با سـەیرێکی مەشق و ڕەوتی بکەین، بزانین جوانووە بۆرە گوڵی داوینێ یا دڕکـەزی؟ هـەر ئێـستا بڕۆ، بڕۆ بۆ ئەو کێڵگەیەی بەگ، کە لە خوار جۆگاکەوەیە بەکۆتان کێڵدراوە دوازدە گاجووت ڕایان دەکێشـا و هـەر هێـڵـێکی باڵا زەلامێ ڕۆچووە، لەم سـەر تا ئەو سـەر دوو ڕۆژان ئـاوی تێ کە، بیکە بەقـوڕ و قـوڕاوێ هـەرکـەسێ تێ کـەوێ تا ناقرەی بێ.»

عەلی رووشـەن گوتی:

«بەسـەر سـەرم، باوە فەرمانت بەسـەر سـەرم.»

عەلی رووشـەن ڕۆیشت، لە پاش سێ ڕۆژان گەڕایەوە.

«ئاوم بەرەڵڵای سـەر کـێـڵگەکـە کـرد بابە، ئـاوەکی چۆن، هـەروەکـو تۆفـان، دەشت و دنیا هـەموو بوو بەقوڕەلیتە.»

«کەواتا ئەسپەبۆرە بێنە.»

باوک و کوڕ سواری ئەسپە بۆرە بوون لەگەڵ تاریک و رووندا گەیشتنە سەر کێڵگەکە. کێڵگەکە دەشـتێکی کاکی بەکاکیی بێ سـەرحـەد و دوور و درێژی قوڕەلیتە بوو.

باوک چاوی کوڕەی ماچ کرد. دانەوییەوە دەستی لە قوڕەکە ڕاکرد، پرسی:

«بەمەزەنەی تۆ درێژاییی ئەم کێڵگە قوڕە چەند دەخایێنێ؟...»

«بەمەزەندەی من ڕۆژە ڕێیەک دەخایێنێ.»

«هـەمووت بەم جۆرە ئاو بەسـەردا بەرداوەتەوە؟»

«هەمووی.»

«کەواتا، هەر ئێستا سواری ئەسپە بۆرە بە، لاوۆ. سواربە لەم سەری کێڵگەوە باژۆ بۆ ئەو سەری... تا گوڕت تێدایە باژۆ.»

عەلی رووشەن وەڵامی باوی دایەوە گوتی:

«باوە تۆ نابینی. دەشت و دنیا هەمووو قوڕە. زۆنگاوێکە بەخۆم و ئەسپە بۆرەوە قووت دەدا. تێی کەوین جارێکی دیکە کەس ناتوانێ قوتارمان کا.»

پیریوسف گوتی:

«تۆ جارێ سواری ئەسپەبۆرە بە دەڵێم. مانەوە لەوێ دەمێننەوە، نەخێر رزگاریشتان بوو و گەڕانەوە ئەوە تۆڵەی چاوی باوکت و تۆڵەی هەژار و دەستەوسانان لە بەگ ساندراوەتەوە، سوار بە، باژۆ.»

عەلی رووشەن چ بکا، فەرمان لە جێگەیەکی گەورەوەیە، لە باوکییەوەیە... ڕەت ناکرێتەوە... بەڵام هەرچەندیشی دەکرد ئەقڵی نەیدەبڕی بەئەسپەوە بەنێو ئەم دەریا قوڕە کەوێ، دەم و چاوی زەرد هەڵگەڕابوو، دەستی دەلەرزی. باوی چاوساغ با و چاوی بەم ترس و لەرز و حاڵە پەرێشانەی کوڕەکەی کەوتبا بەزەییی پێدا دەهاتەوە.

«لاوۆ، سوار بووی؟»

«وا سوار دەبم، سوار دەبم.»

«رووشەن قەڵەمی دەست و پێی وا شکابوو هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی سواری ئەسپەبۆرە بێ. ئاخرییەکەی دانی بەجەرگی خۆیدا نا، خۆی هەڵدایە سەرپشتی و چاوی قووچاند و مامزەی تێوە ژەند. لەپاش تۆزێک چاوی هەڵێنا، بەڵام چی، لە ناوەندی دەریاقوڕەکەدا ئەسپەکەی ژێری وەکو با دەیرفاند. نەنووقم بوون و نە هیچ...

عەلی رووشەن بڕواییی بەچاویدا نەدەهاتەوە. ئەم ئەسپە باڵەبانە باڵێکی نادیاری پێوە بوو؟ هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە گەیشتە ئەو سەری

کێڵگەکە. لە پاشان ئەسپەکەی هۆدایەوە، هات بۆ کن باوی.

«سێ جاران بێ و بچۆ لاوۆ، سێ جاران...»

«بەسەر سەرم باوە.»

ئەسپەکەی دیسان تاو دا، ئەسپی گۆرین لە ژێریدا دەفڕی. پاش ئەوەی سێ جارانی بەتاو سەڵەف کرد، دیسان هاتەوە لە کن باوکی ڕاوستا، گوتی:

«هەر سێ سەڵەفەکەم تەواوکرد باوە.»

«کەواتا وەرە خوارێ، زینەکەی لێ کەوە.»

دەستی بەئەسپی رووتدا هێنا، لە تەپڵی سەریەوە تا سمەکانی هەموو پشکنی، گوتی:

«سمی نەختێ قوڕاوی بووە، ئەسپەبۆرە زۆر زۆر چاکە بەڵام هێشتا تەواو پێ نەگەیشتووە کوڕم.»

چل ڕۆژی دیکەشیان بەپێودانی جاران بەخێو کرد. رووشەن دیسان ئاوی بەسەر کێڵگەدا بەردایەوە، هێندەی بەژنە زەلامێ بوو بەقوڕەلیتە.

«سواری ئەسپەبۆرە بە، باژۆ، بزانم لاوۆ، ئەسپەبۆرە ئەمجارە چمان پیشان دەدا؟»

کوڕە زینی لە ئەسپەکە کرد و ناوی خوای لێ هێنا و سواربوو. ئەسپەبۆرە ئەمجارە بووبوو بەشەهێنێکی دڕ، پەلەوەری بەئاسمانەوە دەفڕاند. جارێ بەرەو هەوراز، جارێ بەرەو خوار... قوڕەلیتە تا چۆکان و ئاو تا زاران، ماشەڵڵا ئەسپەبۆرە دەتگوت بەڕێگەیەکی تۆزاویدا سەڵەف دەکا ئاوها بوو. گەڕایەوە. مەیتەر ئەسپەبۆرەی سەرتاپا پشکنی.

ئەمجارەش نەختۆکەیەک قوڕی هێندەی لەتکە نۆکێ بەسمەوە بوو...

«کوڕم چ بکەین، دیسان نەبوو.»

چل ڕۆژی دیکەشیان بەخێو کرد.

دیسـان ئەسـپیـان لە کـێڵگەی قـوڕەلیـتـە پێنج جـاران هەوراز، سێ جـاران بەرەوخــوار تـاودا... مــەیتــەر ئەســپــەی پشـکنـی، ئەم جــارە دەست و پێی ئەسـپـەبۆرە دەتگوت بەکـوپە ڕۆندا چووە، چریسـکە چریسک دەچریسـکایەوە. تۆزکاڵێ قوڕ چییە بەسمیەوە نەبوو.

«تەواو کوڕم.»

ئەوجـا دەسـبـەجـێ دەسـتـیـان بەتەدارەکی سـەفـەر و ڕێیـان کـرد. با ئـەمـان سـەرگـەمی تەدارەکی سـەفـەر و ڕێی خۆیان بـن، ئێمـەش بێینەوە سـەرەوکـاری بەگی بۆڵوو.

لەم ماوەیەدا جوانووەکانی بەگی بۆڵووش پێ گـەیشتبوون و هـەریەکە بووبوو بەکەحێلەیەک. جوانووەکـان کەسێ نەبوو بەسـەریان کاتەوە، لێیان بپرسێتەوە. لە ناکاو دوو کەحێلە بەرامبەر مەیتەرەکان بەدیارکەوتن و مەیتەرەکان سەریان سوڕما.

«گەلۆ، ئەم ئەسپانە لە کوێڕا هاتن؟ لە کێهە کونەوە هاتوونە ئەم تەویلەیە؟»

«هـەڵڵاهـەڵڵا... خـۆ وەخـتـە بەجـارێ بشـڵـەژێم. باشـە ئەمـانە لە پێشـدا لێـرە بوون؟»

«کــوڕە هـەی کـوێراییت دایێ. ئـاخـر لەمــەوپێش کــەحـێـلـەی وا لە تەویـلـەدا هـەبووبن، قەت بەئەقڵەوە دەچێ پیـاو نەیدیتبن تۆ بڕوانە ئەم ئەسپانە، هـەریەکە دەڵێی دڕە شــەهێنێکە بۆ خــۆی. تۆ لەم تەویلەیەدا نەبووی، لەم پیـرە دنیـایەدا قەت ئەسپێکی وات دیوە؟»

«لە جـوانیی دیمەنیان پیـاو ناتوانێ لێیان نزیک کەوێتەوە مـاشـەڵڵا لە کـارت خـوایە... پیـاو لە تێرامـانیـان تێر ناخوا. شـێیـەکـەیان جـوانە، شێ ئاڵەکـەیان جوانە؟ ماشـەڵڵا یەک لە یەک جوانترن.»

ئەمان لەم قسـە و وتووێژەی خۆیاندا بوون، دەسبەجێ خەبەر گـەیشتە بەگی بۆڵوو، گوتیان:

«بەگم، بەگم، شتێک ڕووی داوە نەبیستراوە و نەدیتراوە، ئەمڕۆ لە تەویلەدا دوو ئەسپمان دیت. لە کوێڕا هاتوون؟ ڕوون نییە، لە ناخی زەوییەوە هەڵقوڵیون، لە ئاسمانڕا کەوتوونە خوار، زۆر سەمەرەیە.»

«دوو ئەسپی جوانی وانە، یەکیان شێیە، یەکیان شێ ئاڵ، لەوانە نین پیاو خۆی لەبەر جوانییان ڕاگرێ، چاویان لەبەر هەڵنایێ. ماشەڵڵا لە ڕەنگینیی کارت خوایە...»

بەگی بۆڵوو پەشۆکا، خۆی پێ نەگیرا دەسبەجێ بەرەو تەویلە تاوی دا، بۆ ئەسپەکان، بەڵام چ ببینێ، بڕوایی بەچاویدا نەهاتەوە، سەری سوڕمابوو، چاوی لێیان نەدەترازا، هەر بیری دەکردەوە. وەکو گورگێکی هار چووبێتە نێو هەناویەوە ئاوهای لێ بەسەرهاتبوو.

لە پاش چەندێ، ئینجا بەخۆیدا هاتەوە، گوتی:

«هەرچی مەیتەری ئەم تەویلەیە هەیە هەموو با بێن بۆ ئێرە.»

زۆری نەخایاند هەموو مەیتەرەکان حازر بوون.

«هەرکامێکتان پێم بڵێن ئەم ئەسپانە لە کوێوە هاتوون و چی و چی نین. هەر داخوازێکی هەبێ دەیدەمێ.»

یەکێ لە مەیتەرەکان تەمەنی بیست ساڵێک دەبوو، لاوێکی گوپ بەقووڵاڕۆچووی لێوباریکی بژۆڵ درێژی چاوگەورەی لاوازی وەکو شووڵ لە هاوڕێکانی هەڵبڕا، هات لە پێش بەگ ڕاوەستا. لاوەکە سەریشی کەچەڵ بوو، گوتی:

«من دەزانم بەگم، ئەم ئەسپانە ئەو جوانووانەن کە پیریوسف بەدیاری بۆ پاتشای عوسمانلیی هەڵبژاردن، من لەوێ ڕۆژێوە چاودێریم دەکردن. بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێ ئەمن لە تەویلە بەخێوم کردن.»

«چت داخوازە، بخوازە.»

«لەش ساغیتم داخوازە، بەگم.»

بەگ هەردوو دەستی بەکەشکەژنۆیدا دا، گوتی:

«زۆرمان خراپە لەگەڵ پیریوسفدا کرد، چ بکەین دڵی ئاشت کەینەوە. ئەمانە یەکێکیان لە کن پیریوسفە، وا نییە؟»

«بەڵێ بەگم جوانووە بۆرە پیریوسف بردی.»

«بەگ ڕاوەستابوو لۆمەی خۆی دەکرد: پیاوێکی وەکو پیریوسف چیی کردبوو بڕوای پێ نەکرد! یانی چی بەغایەنی زانی و سواری سەری خۆی بوو!

جارێ کەیفی دەهاتەوە، جارێ داخی دەخوارد.

بەگ گوتی:

«لە دنیادا لەم ئەسپانە شیاوتر بەعوسمانلی هەڵناکەون، ئەمانە هەردووکیان بۆ پاتشای عوسمانلی دەنێرم، جوانووە بۆرەش بۆ خۆم هەڵدەگرم.»

«لە خۆڕایی میلمان بەچاوی یوسفی مەیتەردا هێنا. لە خۆڕایی چاومان هەڵکۆڵی. حەیف، سەد مخابن. بەڵام چاوێ چوو تازە دەگەڕێتەوە؟»

لەپاش ئەوەی دنیای یوسف مەیتەو بوو بەشەوەزەنگ و تاریکستانی ئەنگوستەچاو، پەشیمانیی بەگ چ دادێک دەخوا و بەچ دەچێ!

بەگ پیاوی هەرە جێ بڕوای خۆی هەناردە کن پیریوسف: «بەگ سڵاوت لێ دەکا، دەڵێ من هەڵەم کرد، تووڕەیی زۆری بۆ هێنام، سواری سەری خۆم بووم، دۆستایەتیتم بەغایەنێتی زانی. دەڵێ ئێستا بۆم بەدیارکەوت کە دۆستێکە لە برایەکی دایک و باوکیم لەبەرترە. بڕیارم دا دیسان کردمەوە بەسەرەک مەیتەری خۆم. با بمبەخشێ، با بێتەوە، بەسە ئیدی، با بێتەوە، سەرلەبەری ئەسپەکانی تەویلەکەم پێشکێشی بێ. ماڵ و سامانم هەمووی بۆ ئەو بێ، چیم لێ دەخوازێ بخوازێ. خواستی دەسبەجێ وەدی دێ. وەڵامی بدەوە، بڵێ چ بە بەگ بڵێم؟»

پیریوسف متەقی نەکرد. دەتگوت مەییوە.

«ده بڵێ پیریوسف، بەگ چاوەڕێی دوو قسانتە.»

پیریوسف دیسان ورتەی لێوە نەهات.

«هیچ قسەیەکت بۆ خزمەتی بەگ نییە؟»

بەرد بەدەنگ هات، پیریوسف بەدەنگ نەهات.

پیاوەکەی بەگ کە زانیی بێ سوودە، پیریوسفی پێ وەقسان نایە، گورجێ گەڕایەوە بۆ کن بەگ، کەین و بەینەکەی وەکو خۆی بۆ گێڕایەوە. بەگ دەسبەجێ لە مەسەلەکە گەیشت.

«هیزە، فریاکەون... خولامینە، زووکەن... پیریوسف نیازی خراپە. دەیەوێ هەڵێ. خێراکەن، خێراکەن، ئەسپەبۆرەی لێ بستێنن... لە پێشدا ئەسپەکەی بەداواکردن لێ داواکەن، لەپاشان بەچەندی فرۆشت، چەندی ویست بیدەن بیکڕن.»

پیریوسفیش سۆسەی ئەوەی کرد کە چیی بەسەردێ، بەکوڕەکەی گوت:

«رووشەن، دەخیلە لاوۆ، ئەسپەبۆرە خێرا زین کە، زینی کە: سوارە نێرەوەزەکانی بەگ هەرئێستا بەردەرکەمان لێ دەگرن، دەمانگرن و ئەسپەبۆرەمان لێ دەستێنن.»

رووشەن ئەسپەی زین کرد و سواری بوو و بابی هاویشتە تەرکی. سوارەکانی بەگ وەدیار کەوتن.

«بەگ ئەسپەبۆرەی دەوێ، ئەسپەبۆرەمان وێ دە.»

«ئەگەر بەگەکەتان ئازا و بوێرە بام خۆی بێ لە دەستمی بستێنێ!»

«بەگ گوتی، هەرچییەکی لە بری ئەسپەبۆرە دەوێ بیەوێ، دەیدەم. چەندی لیرە دەوێ بەمستان بیدەمێ.»

«لە بری ئەسپەبۆرە جووتێ چاوم دەوێ، جووتێ چاو... بە بەگتان بڵێن جووتێ چاوم بداتێ ئەسپەبۆرە دەبێ بە ئی خۆی، دەنا تا مردن چاوی بەئەسپەبۆرە ناکەوێتەوە. قسەیەکی دیکەشم هەیە با پێتانی بڵێم. نەختێ

بوەستن، گوێ ڕادێرن. چۆنی دەڵێم ئاوهای بە بەگەکەتانی ڕاگەیێنن.»

یوسفی مەیتەر گازی کوڕەکەی کرد، گوتی:

«لاوۆ، بینایی هەردوو چاوانم، ژێهاتی و کارامەی دنیا، لاوۆ، ئەو سازەم وێ دە، یەک دوو قسانم بۆ خزمەت بەگی هەن.»

یوسفی مەیتەر تار و ژێپەروەر بوو. سازی وەسنگییەوە نا، گەنجینەی قسانی هەڵدایەوە، جا بزانین چی بەسوارانی بەگی بۆڵوو گوت:

گوێدێرن ئاغاینە، گوێدێرن بەگینە
ڕۆژێ دێ ئەمانە بپرسم
کاتێ دەبم بەپیاو سواری ئەسپەبۆرە دەبم
ڕۆژی دەبێ، پشتان بشکێنم
ڕۆژێ دەبێ، لە بەگان بگەڕێم
ڕوومەتی سوورم بوو بەخڵتانی خوێن
سێڵاو بەخوێنی خوڕ شێلو بوو
دوژمن چی گوت بەگ بڕوای کرد
ڕۆژێ دێ لەمانە بپرسم
ڕۆژێ دێ لە بەگان بگەڕێم
من باروبنەم لەسەر چیایان بخەم
بەڕیز ئازا و بوێران ڕیز کەم
لەگەڵ دلێراندا بادە نۆش کەم
ڕۆژێ دێ لەمانە بپرسم
ڕۆژێ دەبێ لە بەگان بگەڕێم
من میریوسف بووم، ئازاد و سەربەست
کەڵەمێردان وەپێش خۆم دەدەم
عەلی رووشەن وەسەر چیایان دەکەوێ

ڕۆژێکی دێ لێتان بگەڕێم
ڕۆژێکی دێ لەمانە بپرسمەوە

پیاوەکانی بەگی بۆڵوو نواڕییان ئەسپەبۆرە وا خەریکە دەڕوا، دەسبەجێ خەبەریان بە بەگ دا، گوتیان حاڵ لەمە حیکایەت لەمە، بەندەکەشیان دەق وەکو خۆی بۆ بەگ گوتەوە.

بەگ گوێی لە بەندەکە ڕاهێشت، لە ناو کرۆکی دڵییەوە ئاهێکی هەڵکێشا، گوتی:

«هاوار سەد هاوار! هاوار بۆ بێ ئاوەزیی خۆم، هاوار بۆ سەرگەرمیم، هاوار سەد هاوار...»

بەگی بۆڵوو دەیزانی چیی بەسەر دێ، بۆیە سەد حەیف و مخابنی بوو. لە کوێوە دەیزانی چیی بەسەر دێ، چونکە ئەو پیریوسفی دەناسی. دەیزانی چ گەڕناس و مێرخاسێکی ئازا و بوێرە و چەند پیاوی گفت و بەڵێنی خۆیەتی. مەودایەکی کەم نەبوو، بگرە پازدە بیست ساڵ پێکەوە ژیابوون. پیریوسفی تەنیا لە سەرێکەوە بۆ نەدەچووەوە سەریەک، ئەویش ئەوەبوو کە ئەم کارەساتە گەورانەی بەسەر هێنابوو. بەگی بۆڵوو چۆن شارەزای خووێکی پیریوسف نەبووبوو؟ پیریوسف غایەنێتیی لە دۆست، لە کاروباری دۆستان دەکرد؟ نەیدەکرد. ئێستا ئەوەشی بۆ ڕوون بووبووەوە. پیریوسف غایەنێتی لە دۆست و کاروباری دۆستان ناکا.

پیاوێکی وەکو پیریوسف بەندێکی وا ژەهراوی و کوشندەی بۆ بەگ هەر وا لە خۆڕایی نەدەنارد. پیاوی وەکو پیریوسف هەر وا بەبۆش قسان نابزرکێن. لە چیا، لە تۆڵەساندن دەدوێن. پیریوسف بەچاک وەڕا نەیێ دەبێ بەخراپە وەڕا بهێندرێ، مادامێکی سەرەک مەیتەریی سەرلەنوێ قوبووڵ نەکردەوە، مادامێکی گوتی چاوەکانی دەوێتەوە، بۆ وەڕاهێنانی، لە خراپە بەولاوە چارەیەکی دیکەی نییە.

بەگی بۆڵوو پیاوی هەرە جێ بڕوای لە خۆی خڕ کردەوە، گوتی:

«تا دەتوانین با زوو وەدەست بێین، ئازا و مێرخاسەکانم، کوێرە ئەسپەبۆرەی برد و دەڕوا. دیارە نیازی شتێکی هەیە بۆیە وا کەڵەوەکێشیم لەگەڵدا دەکا. نیازی شتێکیشی نەبێ یوسفەکوێر پیاوێکی ئازا و بوێرە، بەرانبەر بەلەشکرێکە، تا ئەو بەداخ و عەزرەتی چاوییەوە بتلێتەوە و من بەژان و ئازاری ئەسپەبۆرەوە بتلێمەوە، قەت دۆستایەتی بەخۆمانەوە نابینین. لەزکەن وەدوویان کەون، هیزە بیانگەنێ. ئەسپەبۆرەیان لە دەست دەرێنن و باو و کوڕیش کاری هەردووکیان کاری کەن. کوێرە و کوڕەکەیمان لە دەست هەڵێن پاشەڕۆژ کارەساتی گەورەمان وەسەر دێنن. نەبادا ئەسپەکانمان بەئەسپەبۆرەدا ڕانەگەن جوانووە شێ و جوانووە شێ ئاڵیش ببەن، بەڵکو ئەوان پێیان ڕابگەن.»

بەگی بۆڵوو چەپڵەی کوتا، پیاوەکانی هاتن:

«بەڵێ قوربان.»

«ڕەیحان عارەبم بۆ گازکەن.»

زۆری نەخایاند ڕەیحان عارەب هات، دەڵێن لچێکی لە عارد و لچێکی لە هاسمانە، پەنا بەخوا زەبەللاحێکی ئاوها بوو. یەکەم شەڕکەری بەگی بۆڵوو بوو. هێندەی چنارێکی بڵیند کەڵەگەت بوو. دەستی لە خاکەناز، چاوی وەکو فنجان دەچوو. سێ زەلامی کەتە لەسەر شانی چوارمشقی دانیشتبان بەڕەحەتی جێگەیان دەبووەوە. ئیدی ڕەیحان عارەب ڕەیحان عارەب نەبوو دەعبایەک بوو بۆ خۆی.

ڕیحان عارەب ئەسپێکی لە بندا بوو پەنا بەخوا پەلەوەری بەئاسمانەوە دەڕفاند. ڕەیحان عارەب ئەم ئەسپەی لە پاتشای پەرییان دزیبوو. ئەسپەکەی بن ڕەیحان عارەب ئەسپێک بوو ڕێگەی چل ڕۆژە ڕێی پاتشای پەرییانی بەدەقیقەکەیەک دەبڕی.

بەتانیدا نەڕۆین، پیاو لە بری لەشکرێ ڕەیحان عارەبێکی هەبێ بەشی دەکا

و لێشی دەمـێنێتـەوە. ڕەیحـان عـارەب لەوەتی لە دایکی بـەربووبووەوە بەندەی خـوا نـەبوو پشـتی بەعـارديدا دابێ. ئەسـپـەکـەشی نـەگورگی هار، نەشـەهێن، نەهیچ جانەوەرێکی رووی زەوین بەقولیدا ڕانەدەگەیشت.

ئەسـپـەکـەی ڕەیحـان عـارەب کێهـە زریان و ڕەشـەبای تـوند تۆ دەڵێی پێشی دەکەوت و بەجێی دەهێشت.

بەڵێ ئەم عارەبە ڕەیحان عارەبێکی ئاوا بوو.

نەمنداڵ، نەژن، تەنانەت پیـاوێک جەرگی قـائم نەبا نەیدەوێرا سـەیری سـەر و سـوورەتی بکا. ڕەیحـان چاوێلێکی پڕ کینی برووسک ئاسـایی هەبوو. هەرچی تێی ڕامابا زراوی دەتەقی.

ڕەیحـان عـارەب بەگی بۆڵووی لە ڕۆحـی خۆی پـتـر خۆش دەویست، بیگوتبا بمرە دەمـرد، مەمـرە نەدەمـرد. زۆری شانازی بە بەگەوە دەکرد. بەگی بۆڵووش لە دنیـادا دوو شـتی هەبوون شـانازییـان پێوە بکا، یەکیـان ئەسـپـەکانی کە لە دنیادا هـاوتایان نەبوو، ئەوی دیکەیان ڕەیحان عارەب بوو.

«ڕەیحـان عـارەب چاکم گوێ لە بۆ ڕادێرە، ئەم قسـەیەم لەوانـە قسـان نییـە گوێی نەدرێتێ. ئەو بەندەت بیستەوە کوێرە بۆی ناردووم؟»

«بیستمەوە بەگم.»

«ڕەیحـــان، یوسـفـــەکـوێر لـەم بەنـدەدا دەیەوێ چ بڵـێ؟ هیـچـت بیـــر لـێ کردووەتەوە؟ بەبنج و بناوانیدا شۆڕبوویەوە؟»

«شۆڕبوومەوە بەگم.»

«کەواتا یوسفەکوێر دەیەوێ بڵـێ سـەرلەبەری بەگی سـەرزەوی لە لایەک و من لە لایەک. یوسـفـەکوێر دەڵێ جـاڕی شـەڕم لەگەڵ هەمـوو بەگ و ئاغـایانی ئەم دونیایەدا داوە. لە پێش هەمووان بەگی بۆڵوو. چ دەڵێی ڕەیحـان؟»

«یوسفی مەیتەر لەو بەندەدا وا دەڵێ بەگم.»

«پیرڕەیحان، یوسفەکوێر لە خۆڕایی قسان ناهاوێ، وایە؟»

«یوسفی مەیتەر پیاوێکی زۆر ئازا و دلێرە. سەرەڕای ئەوە زۆر بەئاوەز و وریاشــە، وێڕای ئەوە چاکی چاکـانیشـە، هێندەی پیاوچاکێ خـاوێن و بێ خەوش و غەوارەیە.»

«ئێستا بە چیا دەکەوێ و لێمان دەبێ بە بەڵای ناگەهان. چاک و خراپ لە خـۆی خــڕ دەکـاتەوە. هـەرچی دز و ڕێگر و تاوانبــار و جــەردەی دنیــا هەن هەمووان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و لێمان دەبێ بە بەڵا.»

«دەبێ بەگم.»

«کەواتا کوڕم، ڕەیحان سواری ئەسپەکەت بە، مردوو، یا زیندوو یوسفەکوێر و کوڕەکەیم بۆ بێنە، سوارەکانم دوایان کەوتوون، بەڵام هیچ ئومێدێکم پێیان نییە، بڕۆ ئۆغرت خێربێ...»

«بەردەوام بێ بەگم. هەر ئێستا لە پاش نەختێکی تر سەریان لەبەر پێتدا فڕێ دەدەم. بەڵام یوسف پیاوێکی چاکە، پیاوی وا کەم دەس دەکەوێ...»

سوارەکان لە مێژبوو لە شاری بۆڵوو وەدەرکەتبوون، وەدووی پیریوسف و کوڕەکەی کەوتبوون. ڕەیحان عارەبیش خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و بەتاقی تەنێ وەدووی پیریوسف و کوڕەکەی کەوت. بەڵام دەردێکی لە دڵدابوو. لەبەر هەندێ جارێ هەڵوێستەی کرد، بیری دەکردەوە، پاشان ئەسپەکەی بەتاو ئاژوا. بەگ کارێکی سەخت و دژواری لە ئەستۆی خستبوو. ڕەیحان عارەب پیریوسفی زۆر خۆش دەویست. وێڕای ئەوەش لە هەردوو چاوان بێ بەش بوو. پیاوی مەرد و ئازا کەسێکی لە دوو چاوان بێ بەش کرابێ دەستی لێ دەکاتەوە؟ پیاوێ بوو لە هەردوو چاوان بێ بەش، ئەو کەسەی ئازا و مەردی مەیدان بێ قەت ئازا و مەرد دەگرێ و بەدەستەوەی دەدا؟ لە پاشان چی بەم خەڵکە بڵێ؟ ڕەیحان عارەب دەستی دەچووە هاوەڵە لە دووچاوان بەرییە گیانی بەگیانییەکەی بیکوژێ؟ یا دەیگرت و بۆ بەگی دەهێنایەوە. سەرلەبەری دنیا ڕەیحان عارەبێکی وایان لەحنەتبوو نەدەکرد؟ یا مەندەبووری کوڕی مەندەبووریان پێ نەدەگوت؟ پڕ دەم و چاویان تف نەدەکرد؟

بەڵام لەم لایشەوە فەرمانی بەگ بوو. ئەی نەدەبوو فەرمانی بەگ بەجێ بێنێ؟ ئەدی بەگ پێوەی نەدەنازی؟ ئەی بە بەگی نەگوتبوو یوسفی مەیتەرت لە چاوەکانم بۆی، هەر ئێستا دەیگرم و بۆتی دێنمەوە؟ ئەی ئەگەر هاتوو پیریوسف هەڵات و ڕزگاری بوو و لەسەر ئەو چیایانە جارِی شایەتیی خۆی دا، بەگ چیی پێ دەگوت؟ وێڕای ئەوە کارەکە لایەنێکی دیشی هەبوو. ئەی ئەم عالەمی خوایە نەیاندەگوت ڕەیحان عارەبێ، ئەو ڕەیحان عارەبەی ئەرز و ئاسمانی لەبەر دەلەرزی، چوو دەرۆستی کوێرێکی لە دووچاوان بەری و کوڕێکی حەڤدە ساڵە نەهات، ئەدی نەیاندەگوت ڕەیحان عارەب هیچی لە باردا نەماوە و بەجارێ فووی داوە؟ خولاسە، ڕەیحان عارەب لە پڕی دەکرد نەیدەگرت، لە بەتاڵی دەکرد پڕ نەدەبوو.

با بگەڕێینەوە سەرەوکاری پیریوسف. باوک و کوڕ خۆیان بەسەر ئەسپەکە ڕەهێڵ کردبوو، وەکو باڵیان گرتبێتەوە دەڕۆیشتن. تا بڵێی دڵیان خۆش و کەیفیان سازبوو. مەستی کەیفسازی و خۆشی بوون. هەم ڕزگار بووبوون و هەم ئەسپەبۆرەشیان وەچەنگ کەوتبوو. لە گەرمەی کەیفسازیدا بوون، عەلی رووشەن ئاوڕی دایەوە، نواڕی برێ سوار وەکو هەوری ڕەش وەدوویان کەوتوون و دێن. تۆز و چڕە دووکەڵێکە، قیامەت و هەنگامەیەکە، نەبووە و نەدەبێتەوە. برە سوارەکان هێند ڕەش و تاریک بوون، هەورێکی ڕەشی گەورەی وا بوون نەدەزاندرا چەند سوارن، سەدن، هەزارن، دە هەزارن، دیار نەبوون. ناوبەناو لە نێو ئەو هەورە ڕەشەوە ناڵی ئاسن وەکو برووسکە چەخماخەی دەدا.

کوڕ بەباوی گوت:

«باوە هەورێکی ڕەش ڕەشمان بەدواوەیە، لە ناو ئەم هەورە ڕەشەدا هەر ناڵی ئەسپە و برووسکە دەدا. هەورەکە ئەوەندە گەورەیە ژمارەی ئەسپەکان نازاندرێ چەندە. زۆر دوورن. ڕەنگە سواری جریدبازی بن. ڕەنگە جریدبازی بکەن.»

پیریوسف لە مەسەلەکە گەیشت. ئەوانەی دوایان کەوتبوون، دیاربوو کێن، وەکو ڕۆژی ڕووناک دیاربوو.

پیریوسف گوتی:

«ئەوانە سواری جریدبازی نین کوڕم. ئەوانە سواری بەگی بۆڵوون، وەدوومان کەوتوون، بمانکوژن، کوڕم، جڵەوی ئەسپەبۆرە شل کە و وەبەر مامزەی دە.»

عەلی رووشەن کە چاوی بەحاڵی بابی کەوت بەجارێ شڵەژا. دەریشی خست کە دەترسێ. پیریوسف پێی زانی، گوتی:

«کوڕم وا دیارە دڵت ترسی ڕێ نیشت. با ترست لە دڵ ڕێ نیشێ، هیچم نییە بیڵێم. دەبوو ئەمەم لە پێشدا پێ گوتبای. لاوۆ.. ئێستا دەیڵێم. ئەسپ سەیری سواری سەر پشتی دەکا، ئەسپ سوارەکەی سەر پشتی ئازا و بوێر بوو ئەسپەکەش ئازا و بوێر دەبێ. زۆر بەپەژارە و بیربڵاو بوو، ئەسپەکەشی بەو جۆرە دەبێ. دڵخۆش و کەیفساز بوو ئەسپەکەش دڵخۆش و کەیفساز دەبێ، سەرسام بوو ئەویش سەرسام دەبێ، بترسێ ئەویش دەترسێ، لە ترسان بلەرزێ ئەسپەکەش دەلەرزی. بڕوانە، لاوۆ، بڕوانە، بڕوانە ئەسپەکە... هاها چۆکی دەلەرزێ. یاڵڵا لاوۆ، ئەم ترسە لە دڵت دەرێنە برکی دە، دەنا ئەسپەکە نامانگەیێنێتە چیایەکانی خۆمان. تەماشا، تا دێ هێز و توانی لە کەمی دەدا. مەترسە، سوارەکان هەر چەندە زۆریش بن ئەسپەبۆرە دەمانگەیێنێتە جێی مەخسەد. پێمان ناگەن.»

ئامۆژگارییەکانی پیریوسف ئاوی بەدڵ و دەروونی عەلی رووشەندا کرد، دەست و چۆکی لە لەرزین کەوت. ئەسپەبۆرەش لە لەرزین کەوت. بوێری و زات و ئازایەتییەک زایە دڵ و دەروونی. باڵی گرتەوە و فڕی، لە چاوان ون بوو. ئەسپی ڕەسەن ئاوها دەبێ. ئەسپەبۆرە ڕەسەنی ڕەسەنان. ئەسپەبۆرە با هەرچەندیش بفڕێ و بڕوا، با هەرچییەکیش بێ، بەڵام بێ ئەزموونە، سەرباریش دوو زەلامی بەسەر پشتەوەیە هێندەی کێوێک، باڵیشی لێ بڕوێ

لەبەر ئەم بارگرانییەی، باڵی ماندوو و شەکەت دەبێ. ئەو جێگەی سمی ئەسپەبۆرەی پێ دەکەوت برووسکە و چەخماخەی دەدا. بەڵام بێ سوود...

زۆر ڕۆیشتن، کەم ڕۆیشتن، لە شیوو دۆڵانەوە وەکو سێڵاو، لە زوورگ و هەڵەتانڕا وەکو با، قوڕ و لیتە تا چۆکان، ئاو تا بەربینگان، گابەرد و کەند و لەندیان بوارد، لێڕەواریان بوارد زۆنگاویان بوارد، چوونە نێو تۆزێکەوە وەکو ئاردی بێژراوە، سەرەو هەوراز هەڵکشان، بەرەو نشێو شۆڕبوونەوە، کونی لووتی ئەسپەبۆرە وەکو مووشەدەمە دەئاوسا و فش دەبووەوە.

عەلی رووشەن ئاوڕێکی پاشەوەی دا، رووانیی کەس دیار نییە.

«باوە، وا دیارە کەس دیار نییە. بەجێ مان. بەمەزەنەی من، ئەوانە سواری جریدبازی بوون.»

پیریوسف لە ژێر سمێڵانەوە بزەی هاتێ:

«ئەوانە سواری جریدبازی بوون، سواری جریدبازی نەبوون، تۆ وا مەزەن کە... ئەسپەکە هێدی مەکەوە، خێرا باژۆ.»

عەلی رووشەن کاڵ و خاو بوو هێشتا فێرە سواری نەبووبوو. لەبەر هەندێ نێو لینگانی پەرێشان بووبوو، هەرچەندیشی ئاژۆتبا هەر سەرسام بوو، شەکەت بوو ئەم شەکەتییەی تەشەنەی کردبووە ئەسپەکەش. پیریوسف زۆری بەزەیی بەکوڕەکەیدا دەهاتەوە کە بەو نەختە ئاژۆتنە خاو بووبووەوە و شەکەت و ماندوو بووبوو. بەزەیی پێدا دەهاتەوە، بەڵام لە دڵی خۆیدا لەوەش دەترسا، ها ئێستا ها نەختێکی دی سوارەکانی بەگی دەگەنێ.

لە ناکاو دەنگی پڕ لەترسی کوڕەکەی بەرگوێ کەوت، گوتی:

«ئەی هاوار هەی!»

«باوە، باوە، باوە ڕەش ڕەش دەچێتەوە، ڕەش دەچێتەوە... هەوری تۆزێکی ڕەش لە دوامانەوە دێ. بەڵام چەند تیژ و خێرا دێ! باوە زۆر لە ئێمە خێراترە.»

پیریوسف هەستی کرد دیسان لنگی کوڕەکەی خاوبووەوە، و ئەسپەکەش هێدی بووەوە. بەدەنگێکی پڕ بەبڕواوە گوتی:

«لێهاتووی دنیا، لێوەشاوەی لێوەشاوان، چرای دوارِۆژی خەڵک و خوایان، لاوۆ، ئەوان نامانگەنێ، هیچ ئەسپێ لەم دنیایەدا بەئەسپەبۆرە ناگا، تۆ هەر هێندە دڵت بەهێز و گورکە، ئیدی بەسە لاوۆ، ترسان لە دڵت وەدەرنێ، لاوۆ وەدەری نێ، وەدەری نەنێی تیاچووین، دەی لاوۆ خۆت گورج کەوە...»

کوڕە نەختێ خۆی گورج کردەوە. ئەسپەبۆرەش باڵی گرتەوە.

«باوە، باوە، تۆزەکەمان لێ نزیک بووەوە... کە تۆزەکەمان لێ نزیک بووەوە قڵیشایەوە و جوانووێکی شێی لێ وەدەرکەوت.»

جوانووە شێ لەبەر تیشکی رۆژ وەکو پارچە تیشکێکی سوور وابوو. وەکو زمانەی بڵێسەیەک بەدووباندا دەکشا.

«ورد بڕوانە، گوتت شێیە؟»

«شێیە بابە، وەک برووسکە دێت، هەر هێندەت زانی گوێت لە هەناسەی بوو. زۆر نزیک بووەتەوە وا گەیشت، باوە، وا گەیشت!»

لە بیرمانە، کە جوانووە شێ لەدایک بوو، کەوتبووە سەر قومەڵان. جا لەبەر ئەوە لە قومەڵاندا نەدەڕۆیشت. پیریوسف بەمەی دەزانی.

چوار پەلی ئەسپەبۆرە دیسان خەریک بوو خاو دەبوونەوە. پیریوسف زات و ورەی وەبەر عەلی رووشەنی نا:

«مەترسە، لاوۆ گوێ مەدەیێ، ئەوە جوانووە شێی خۆمانە، نامانگاتێ، سەری ئەسپەبۆرە بەرەو قومەڵان وەرگێڕە.»

عەلی رووشەن سەری ئەسپەبۆرەی بەرەو قومەڵان وەرگێڕا... ترسی دڵیشی نیشتەوە. هەڵبەت باوکی لەم بەرەو قۆمەڵان سەر وەرگێراندنەی ئەسپەبۆرە شتێکی دەزانی و مەبەستێکی هەبوو.

ماشەڵڵا ئەسپەبۆرە جوانووە خاو و خلیچکەکان وەک بەهیچ نەزانێ، ئەو

ناوەی دادەدڕی و دەڕۆیشت. جوانووەشێ هەرکە گەیشتە گوێ قومەڵانەکە ڕەق ڕاوەستا. بتکوشتبا ئیدی هەنگاوێکی دیی هەڵنەدەهێنا.

جوانووەشێ با لەوێ ڕەق ڕاوەستێ، بەڵام ئەوانی لەمەڕ خۆمانی بەسەر ئەسپەبۆرەوە وەک باڵدار هەڵبوارد. پاش ئەوەی لە قومەڵانەکە دەرچوون گەیشتنە دەشتێکی ڕاستان. هەمیسان مەودایەکی چاکیان بڕی. عەلی رووشەن هەرچەند دڵی لە ئازایەتی پڕ دەبوو ئەسپەبۆرەش هێندەی دیکە خێراتر تاوی دەدا.

هەرچەند ئەسپەبۆرەش تاوی دەدا و خێراتر دەبوو عەلی رووشەنیش هێندەی دیکە ئازا و بەجەرگتر دەبوو.

«باوە، قوتاربووین، نەکەس دێ و نە کەس دەڕوا. کەس دیار نییە. لە دەشتێکی تەختان و ڕاست و بێ قۆرتداین. زۆرمان لێوە دوورن... هێندە زۆرمان لێوە دوور نەبوونایە لەم ڕاستانە بەدیاردەکەوتن. ڕزگاربووین.»

«هێشتا روون نییە، لاوۆ، هێشتا روون نییە. باژۆ.»

دەشتەکەیان بڕی، خەریک بوون بەملەیەکدا سەردەکەوتن، دیسان سوارەکانی بەگی بۆڵوویان لێ پەیدابوونەوە، وەکو هەورێکی ڕەشی چڵکن ڕاست بەرەو کن ئەوان دەکشان.

«بابە دیسان تۆزێکی ڕەش دێ. دیسان لە ئێمە خێراتر دێ.»

پیریوسف لەسەرەخۆ، گوتی:

«گوێ مەدەیێ، دێ با بێ، نامانگاتێ.»

«دەمانگاتێ باوە، هەر ئێستا، هەر ئێستا، باوە، ئەسپێکی شێ ئاڵ دڕی بەتۆزەکە دا و دوامان کەوت. وەکو برووسکە، وەکو تیر دێت. ها ئێستا دەمانگاتێ ها نەختێکی دی. جا چ بکەین باوە؟»

«سەری ئەسپەبۆرە بەرەو بەردەڵانە ڕەقەنەکە هۆدەوە. هۆی دەوە، با چاوم بەمەشقی جوانووە شێ ئاڵ بکەوێ بزانم چۆن وەکو تیر دێ.»

جوانووه شێ ئاڵیش له کاتی له دایکبوونیدا لەسەر بەردەڵانێک بەر بەردان کەوتبوو. نەک له بەردەڵان غاری نەدەدا، تەنانەت هەنگاویشی هەڵنەدەهێنا. ئەویش گەیشتە بەردەڵانەکە، لەوێ بۆ خۆی ڕەق ڕاوەستا، کوشتبات هەنگاوی هەڵنەدەهێنا. هەرچی ئەسپەبۆرە بوو ماشەڵڵا لەم کەور و بۆ ئەو کەور، لەم گابەرد بۆ ئەو گابەرد وەکو کەو قەڵەمبازی دەدا و دەڕۆیشت. ئەمە چ بیچمە ئەسپێکە، جندۆکەیە، پەرییە، چییە، ماشەڵڵا لە کاری خوا! ئەو جێگەی پێدا دەڕوا. جەنگەڵ و لێڕەوار بێ، ئەوە بەسەر لک و پۆپاندا هەنگاو هەڵدێنێ. ماشەڵڵا لە کاری خوا.

پیریوسف گوتی:

«کوڕم، لەوانی خۆمان، له براکانی ئەسپەبۆرە قوتاربووین. برای دیکەیمان لێ پەیدانەبێ ئیدی هیچ سوارێکی دیمان ناگاتێ.»

خۆیان بەنێو زۆنگاوێکدا کرد.

«باوه، ئەم جاڕە کوێتێکمان دووکەوتووە...»

«سەری ئەسپەبۆرە بۆ سەر ڕێگاکە هۆدەوە. کوێتان نەگریسن.»

عەلی رووشەن سەری ئەسپەکەی هۆداوە، بەرەو ڕێگاکەی ئاژوا. ئەسپەکوێت هەرکە گەیشتە سەر ڕێگە بوو بەداری ڕەق، ڕاوەستا. ئەوجا لە ڕێگاڕا وەنێو دەوەنەجاڕێک کەوتن. دەوەنە جاڕەکەشیان هەڵبوارد، وەنێو گەسکەجاڕێک کەوتن، پڕبوو له وەنەوشە، شنەبا بەعەتری وەنەوشان مەست ببوون. بۆنی وەنەوشە زرانووی ئەسپەبۆرەش و عەلی رووشەنیش و پیریوسفیشی شل و خاو کردەوە. وە حاڵی نیو کەشەنگی گەیاندن. ئەسپەبۆرە لە وەنەوشەجاڕەکەدا هێدی بووەوە.

«باوه، باوه! ئەسپێکی دیکەش وا جوێ بووەوە، دێ. ئەم سوارە بەتاکە سوارە بەتاکە سوارە دێ. لەبەر هەوری تۆزان دیار نییە. بەڕەنگێ دێ دەڵێی سەت سوارن و پێکەوە سەڵەف دەکەن. وا گەیشت باوه.»

«ئەسپێکی چۆنە؟»

«ئەسپێکی ڕەش کوێتە باوە.»

«سوارەکەی سەر پشتی ڕەش ڕەشە.»

«ڕەش ڕەشە؟»

«ڕەش ڕەشـــــە... هێکجـــاریش بەتاو دێ. لەوانی دی زۆر بەتاوتر دێ. ئەسپەکەشی و خۆشی سێ هێندەی ئەوانی دیکەن باوە... هێند تیژ دێ، هێند تیژ دێ هەر وەختە بمانگاتێ، باوە، ئەمجا سەری ئەسپەبۆرە بەرەو کوێ وەرگێڕم؟»

«بەرەو هیچ کوێ کوڕم، ئەوەی دێ نێوی ڕەیحان عارەبە... هیچ کەس هیچ مەخلووقێکی لە چەنگ قوتار نابێ.»

«جا چ بکەین باوە؟»

«جڵەوی ئەسپەکە بگرەوە، چاوەنۆڕی ڕەیحان بکەین. بەڵکو خوا نەرمییەک، بەزەییــیــەک بەو دڵە بەردەی دەبەخـــشێ، ڕزگــار دەبین، دەنا قــوتاربوونمان هەستەم و دژوارە.»

«هاتو کوشتینی باوە؟»

«کوشتنی، کوشتینی. ئەوی لە ئاوان بدا قابیلە قولەپێی تەڕ نەبێ. جارێ تۆ وەرە خوار، بەردێکی زەلامم بۆ بدۆزەوە. کێهە بەردت بۆ هەڵدەگیرێ بمدەیێ»،

عەلی رووشەن گورجێ لە ئەسپەکە هاتە خوار، بەردێکی زەلامی لەو ناوە هەڵبژارد، من دەڵێم دە وەقە، تۆ بڵێ پازدە وەقە دەبوو. پیریوسف بەردەی لێ وەرگرت، لە نێو ئەنگوچکیدا شاردییەوە، سەری ئەسپەکەشی بەرەو ڕووی ڕەیحان وەرگێڕا، چاوەڕێی کرد.

ڕەیحان عارەب نەعرەتەیەکی کێشا:

«بەمن دەڵێن ڕەیحان عارەب، چاک بوو ڕاوەستان چاوەنۆڕیتان کردم. دەنا لە کونی مشکدا، لە بن باڵی باڵداردا خۆتان وەشێردبا دەمدۆزینەوە و دەرم دێنان.»

ڕەیحان چی ڕەیحان نامەخوا! منداڵە هەناسە ساردەکە هەرکە چاوی پێ کەوت یەکسەر لێوی قەڵەشی و خوێن فیچقەی کرد.

پیریوسف هەستی بەحاڵی عەلی رووشەن کرد، هەر وەخت بوو زەندەقی بچێ... زۆری بەزەیی بەکوڕەکەیدا هاتەوە. ڕەیحان عارەب ئەو ڕەیحان عارەبە بێ ئەو دیتبووی و ئەو دەیناسی قەت لەوانە نەبوو خەڵک زەندەقی لێ نەچێ و لە ترسان زارەتەرەک نەبێ، چ بکا، لە ڕەیحان نزیک بووەوە و پێشی لێ گرت، گوتی: «ڕاوەستە، ڕەیحان، دەمەوێ دوو قسانت لەگەڵدا بکەم، بوەستە مەبزوێ، دەنگت نەیێ.»

جا با بزانین پیریوسف چ بەڕەیحان عارەب دەڵێ:

دەخیل، دڵ ڕەقیمان لەگەڵدا مەکە
ڕێگامان بەردە با بەلای کاری خۆمانەوە بڕۆین
ئامان پێشمان لێ مەگرە
بەزەییت بەچاومدا بێتەوە
مەچۆ سەر قسەی بەگان
میلی بەهەردوو چاوانمدا کێشا
پیاوی چاک بە دەس لە کارمان وەرمەدە
بەزەبر و زەنگت دنیا گەڕای
گیانم لە پێناوتدا داناوە
پیاوی چاک بە یەکەم نێچیری کوڕەکەم
بەزۆر مەزانە.
پیریوسف داوای ئامان دەکا
گومان لە دڵت دەرکە
خوای دەوڵەمەند و گەورە لە بیرمەکە
وەرە، توخنی کۆچمان مەکەوە.

پیریوسف بەندەکەی تەواوکرد و نەکرد، ڕەیحان عارەب نەعرەتەیەکی کێشا

ئەرز و ئاسمانی لەبەر لەرزی:

«دەپاڕێیتەوە لە خوا بپاڕێوە، پیریوسف. خۆت دەزانی پاڕانەوە لەمن بێ سوودە. گورج وەرە خوارێ و ئەسپەکەم تەسلیم کە، یاڵڵا دەی.»

پیریوسف کە زانی دین و ئیمان لە ڕەیحاندا نییە، هەرچەندی بپاڕێتەوە بێ کەڵکە. ڕاست چووە تەنیشتیەوە، بەدەم قسەکردنەوە زۆر چاک سەری شاووڵ کرد. لەپڕ وەک هەورەتریشقە نەعرەتەیەکی کێشا و بەردەکەی لە بن ئەنگوچکی دەرێنا، تا هێزی تێدا بوو حەواڵەی سەری ڕەیحانی کرد، ڕاست لە نەخشی نێوچاوانی دا. ڕەیحان بەخوێنی خۆیەوە گلا و پێی بەئاوزەنگییەوە سەربەرەوژێر، بەتەپڵی سەریدا، لە ژێر سمی ئەسپەکەیدا ڕەهێڵ بوو.

عەلی رووشەن کە چاوی بەمە کەوت، بەجۆرێ سەرسام بوو نەبێتەوە. ئەمجارەش کوڕی بەسزمان وەخت بوو لێوی لە ترسان بقەڵەشێ.

«باوە، ڕەیحان وەکو مراویی سەربڕا و کەوتوو، لەقە فڕکێیەتی، زەلامێکە بەقەد کێوێ.»

«نابینم لاوۆ، ئەو بێ ئیمانە با بیخوا، ئەوە دەردی بێ. سێ و دووی لێ مەکە سواری کۆڵەی سینگی بە سەری وەکو کار سەربڕە، سەری بڕە، سەری بەتەرکی ئەسپەکەوەی هەڵواسە. ئەسپەکەی ڕێ و ڕاست کەللەی بۆ بەگی بۆڵوو دەباتەوە. بەگی بۆڵووش هەتا هەتایە جارێکی دیکە زەلامێکی بێ ئاوەزی وامان لە دوو نانێرێ.»

عەلی رووشەن چوو پێی کابرای لە زەنگوو ترازاند، هەوڵی دا بۆ ناوەندی ڕێگەکەی وەکێش کا. بەڵام یەک لاقی بۆ پێ نەبزاوترا، کوڕە چ بکا، وەڵا ئەویش نەیکردە نامەردی سواری کۆڵەی سینگی بوو، خەنجەری لە کێلان دەرکێشا، لە ئەوکی توندکرد، نواڕی ئەو کابرا زل و زەبەللاحە دەگریێ.

کابرا بەناڵەناڵەوە گوتی:

«دڵ ڕەقیم لەگەڵ مەکە کوڕی پیریوسف، ئازا دەستی ناچێتە ئازا. لە گیانم خۆش بە. تا لە ژیاندا بمێنم جارێکی دیکە ئەگەر پیاوبم، وەدووت ناکەوم.»

«باوه، ئەم کابرایە زۆرە زۆر دەگرێ... دەڵێ مەمکوژە. چیی لێ بکەم؟»

پیریوسف گوتی:

لێی گەڕێ، لێی گەڕێ، با بڕوا. بەڵام نێو لەپی لە خوێنەکەی وەرێنە، وەری بێنە و هەر پێنج ئەنگوستی بەو تاتە بەردەوە نێ. با مۆرکێ لە خوێنەکەی بۆ سارەڕۆژ لەوێ بمێنێتەوە. جارێکی دیکە ئەم کابرایەت بەرەنگاربووەوە هەر پێنج ئەنگوستانی نیشان بدە. هەنگێ سوێند و پەیمانەکانی وەبیر دێنەوە.»

عەلی رووشەن لە سەر کۆڵەی سینگی هاتەخوار، هەوڵی دا هەڵیگرێ، بێ سوود بوو، ڕەیحانی بەهیچ جۆرێ لە شوێنی خۆی پێ نەبزاوترا.

«باوە، باوە، ڕەیحانم پێ سوار ناکرێ. چی لێ بکەم؟»

«وەرە، لێی گەڕێ، وازی لێ بێنە، وەرە، نەختێکی دیکە بەخۆیدا دێتەوە، خۆی سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەڕوا.»

بەم جۆرە ئەم بەڵایەشیان لەکۆڵ بووەوە. ئەمجا ڕوویان لە چیا بڵیندە گەردنکەشەکان کرد.

زۆری نەخایاند سوارەکانی بەگی بۆڵوو هاتن، بەڵام چی ببینن، نۆڕییان ڕەیحان عارەبە، کوڕە کوو دەبی! ڕەیحان عارەب بەوپەڕی پەرێشانییەوە لە خوێن و خوڕی خۆیدا گەوزیبوو و دەیناڵاند. کابرایان سواری ئەسپەکەی کرد بەلۆژە لۆژ ڕێ و ڕاست گەڕانەوە. ئەوان با لە گەڕانەوەدابن، ئەوانی ئێمەش نەیانکردە نامەردی، ها لێرە، ها لەوێ، سەرتان نەیێشێنم، لە ناکاو وەسەر چیایەکی بڵیند کەوتن. ئەسپەبۆرە زۆر چاک شەکەت بووبوو، ملی شۆڕ بووبووەوە. ئەمە یەکەم جاری بوو ڕێگەیەکی وا دوور و درێژی بەچوارناڵ و غاردانێ دەبڕی. سەرباریش دوو زەلامی بەسەر پشتەوە بوو. ئەویش بەچیا و زۆنگ و جەنگەڵ و لێڕەواراندا.

پیریوسف هەر لە ئەسپەکە هاتەخوار و نەهاتەخوار گازی کوڕەکەی کرد، گوتی:

«لاوۆ، لاوۆ، ئەسپەبۆرە ماندووە. جڵەوی بگرە، نیو سەعاتێک بیگێڕە.

لەپاشـــان تێـــراوی کـــە، ئالیکی بدە. تیـــمـــارێکی چاکی بکە، دەســـمـــاڵ و قـەشاویشـێکی جوانـی بکە. ئەمە وەسیەت و شیرەت و ئامۆژگاریی من بێ بۆ تۆ، لـە هەر کـــوێـیـــەک دەبـی ببـــە، خـــوای دەکـــرد لە شــــەڕدا دەبووی، یا لە سـەرەمـەرگـدا، یاڵڵای دەکرد چل رۆژان برسی دەبووی، یاخـۆ لە شـەکـەتی و مـاندووێتیدا دەمردی، یا لە تینـووان زمانت بستێ درێژ دەبوو و خۆت بەسـەر پێوە نەدەگرت، نابێ بەتەنگ خۆتەوە بێی، لەپێش هەموو شتێکدا دەبێ سەیری ئەسپەبۆرە بکەی، هەموو ئاتاج و پێداویستییەکی جێبەجێ بکەی، ئینجا لە پاش ئەو هەوڵی خـۆت بخـۆ. دەبێ وەک منداڵێکی نازداری خـۆتی تەمـاشـا بکەی، بۆ ئەوەی ئەسپەبۆرە ببێ بە برات. با ئەوەشت پێ بڵێم لاوۆ، لە جیاتی ئەوەی هەزار ئەسپت هەبێ، ئەسپە بۆرەکەت هەبێ چاکترە، لەباتی لەشکرێک با ئـەســـپـــە بۆرەیەکت هەبێ. من کـــە بەردەکـــەم ڕێک و ڕاست لە نـەخـــشی نێوچاوانی ڕەیحان عارەب سرەواند تۆ سەرت لەم کارە سوڕما و زۆرت بەلاوە سەمەرە بوو وا نییە؟ لە تاو سەرسامی و پەشێوی لاڵ بووبووی. وا نییە؟ لە دڵی خۆتدا گوتت ئەم پیاوە کوێرە ئەم بەردەی چۆن لە چاوساخان ڕاستتر بەنەخشی نێوچاوانی ڕەیحاندا کێشا. ئەو دەیزانی سوارەکەی سەر پشتی لە هەردوو چاوان بێ بەشە، من هەر کە بەردەکەم لێ ڕاست کردەوە ئەسپەبۆرە خـۆی خـــســـتـــە ســـەر بارتێک بەردەکـــە ڕێک و ڕاست ڕۆیشت بەنێـوچـاوانی ڕەیحـــانـەوە نووســـا. تۆ، نە هـاوەڵ، نە برا، نە باوک فـریات دەکـەون، بەتەنێ ئەسـپەبۆرەت بەهانادا دێ و لە هەمـوو تەنگانە و ئاسـتەنگێکت ڕزگاردەکـا. ئـەمـــــە وا. ئـەوەش بـزانـە هـەر ڕۆژێ گـــــــوێت نـەدایـێ، هـەر ڕۆژێکـی لـە خۆشـەویسـتییـەکـەیت کـەم کـردەوە ئـەوە گـەورەترین کـارەسـاتی کـارەسـاتانت بەسەردێ.»

پیـریوسف ئامـۆژگـارییـەکی زۆری دیکەی لە بارەی ئەسـپـە بۆرەوە بەگـوێی کوڕەکەیدا خوێند و بەم جۆرە لە قسەکانی بووەوە:

«تـا ئەســـــپـــــەبۆرەت لـە کن بێ لـە هیـچ مـــــەترسـێ... بـەڵام ڕۆژێکی دیتت ئەسپەبۆرەت لە کن نەماوە، ئەتۆش واز لە چیا بێنە، بڕۆ لە گوندێکی بۆ خۆت

بهێوره ببه بەوەرزێر! ئەگەر تاکو هەنگێ تۆڵەت بۆ نەساندمەوە ئیدی لێ گەڕێ و واز بێنە. ئەوەش زۆر چاک بزانە کە بەبێ ئەسپەبۆرە چت بۆ ناکرێ.»

عەلی رووشەن ئەسپەبۆرەی بۆ گەڕان برد، ئاوی دا، تیماری کرد، دەسماڵی کرد، ئەوجا هاتەوە کن باوی.

گوتمان دەمە دەمی هاوینێ بوو، چیاکان لە گەرمەی میوان ڕاگرتندا بوون، گوڵ و گوڵاڵە لە هەزار ڕەنگ و لە هەزار تەرز پشکووتوو بوون، بۆن و بەرامەی داری کاژ و بۆنی نەعنا، بۆنی کنێرە، تێکەڵاوی بۆنی بەیبوون، بۆنی گوڵ تێکەڵاوی بۆنی نێرگز بووبوون، بۆنێک پیاوی مەست دەکرد... لە لێڕەوارانەوە شنە شنە با دەهات. لە سەر قایەجاڕێکدا مامزی سورمەدار لاتەنگەیان لە زەردەپەڕ کردبوو. ئیتر بەهەشتێکی سەرزەوی بوو بۆ خۆی...

لەوەتی دنیا دنیایە، دنیای وا خۆش نەبووە. دەبوو دنیایەکی وا هەبوایە. هەبوایە و مرۆیش ئازاد و سەربەخۆ تێیدا ژیابا!

ئەسپەبۆرە بەدارەکەی تەکیانەوە بەسترابووەوە. کرمەکرم ئالیکی دەخوارد، کوڕ و باو کەوڵەکانیان لە ژێر خۆیان ڕاخست. مەیتەر پیاوێکی زۆر بەتەمەن بوو.

سواریی ئەسپ پشتی شکاندبوو، جمگەکانی لەشی هەمووی لێک داژەندبوو، ئەوێ ڕۆژێ هەموو نەخۆش بوو. خەوێکی خۆش پێڵووی چاوی قورس کرد. لەگەڵ سەری نایە سەر بەردێک یەکسەر دایە خرپەی خەو.

ئەمڕۆ لە پاش هەموو ئێش و ئازارێ، لە پاش ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییە، لە دوای ئەو هەموو قات و قڕی و بێ دەرەتانییە بەختەوەرترین ڕۆژی بوو.

وەختی خۆی پێیانگوتبا لە دواڕۆژدا بەڕۆژێکی وا خۆش دەگەی قەتی باوەڕ نەدەکرد.

نووستنی پیاوی بەختەوەر و ئاسوودە جۆرێکی دیکەیە... وەک پەلەوەر، ناسک و سووک، تەمیس، هەر کە توخنی کەوی خەوەکەی دەزرێ، وەکو بفرێ، زۆر نازدارانە دەنوێ، کزەبا بەبارەبۆن و بەرامەی عەترینەوە، ئاسمان وەک

بەبار ئەستێرەی پێ وەرکرابێ، چریسکە چریسک پرشنگی دەدا. لەو کاتەدا دەنگی بلوێر دەهات. لە خەونیدا ڕووانیی ئەو شوێنەی لێی نووستوون سەرچاوەی (هەزار گۆلە).

هەزار گۆل بەهەشتێکی سەرزەمینە. ئارامگای پەلەوەران، مامزان، ڕێوی و گورگانە، بەهەزاران تاوگەی کەف چەڕێن لەم چیایانە دەردەپەڕن و بەفڕین بەرەو دەشت و ئارانان دەفڕن. لەم خەونەدا تەماشای کرد پیرێکی زۆر بەتەمەنی ئاڵ لەبەری، ردێن حەوت بست درێژی دیت، ردێنەکەی لەبەر تیشکی ئەستێران دەبریسکایەوە. وەک منداڵ پێی پێ دەکەنی. پیریوسفیش ئەم پیرەمێردە دەم و چاو منداڵ ئاساییە ردێن سپییەی دیت زەردەخەنەی هاتێ. پیری ردێن سپی دەستی پیریوسفی گرت. ماوەیەک دەستی لە نێو دەستیدا گوشی. دەستی گەرم و خۆش و دۆستانە بوو. لە پاشان لە ناکاو هەستا و لە چاوان ون بوو.

دەوروبەر بەگاشەبەردی بەرز بەرز و دار و درەختی سەد ساڵە شوورە درابوو. لەپڕ دەنگێکی بەرگوێ کەوت، لە دووڕا گرمەگرم دەهات، لەناو بەردەکانەوە دەزرینگایەوە:

«چاوی غەفڵەت بکەوە پیرەمێرد. چاوی غەفڵەت بکەوە! لەو رووبارەی پێشەوە، لە تاریک و لێڵەدا، ئاوێک دێ. سێ دانە کەفی بەسەرەوەیە. چاکم گوێ دەیێ. یەکیان سەوز، یەکیان زەرد، ئەوی دیکەیان ڕەنگی بۆرە... ئەم کەفانە لە دەفرێ بکە و بیانخۆوە.. چاوەکانت دەکرێنەوە، دەبیتەوە بەلاو، سپ و ساغ دەبییەوە.»

یوسفی مەیتەر دەسبەجێ کوڕەکەی وەخەبەرهێنا هەرچی لەو خەونەدا دیتبوو یەکە یەکە بۆی گێڕایەوە، گوتی:

«لاوۆ برۆ چاوەڕێی کەفەکان بکە.»

عەلی رووشەن هەستا چووە سەر رووبارەکە. لەم مەودا کورتەدا چیی بەسەرهات، کارەساتی وا لە وزە و کێشی مرۆدا نەبوو. لە تاریکاییەوە، لە

چیا بڵـێنده تووشـەکـانەوە جـۆگـەلەیەکی باریک لە دۆڵەکـەوە دەکـشـایە نێـو تاریکاییەوە و داغان دەبوو.

دۆڵەکە لە چیا بڵێندە تاریکەکەی ئەوبەرەوە دەهاتە خوار. چیاکەی ئەوبەر تا دەهـات تاریکتـر دەبوو، زەق و زۆپتـر دەبوو، تا دەهات گـەورەتر دەبـوو. تا گەورەتر دەبوو هێندەی دیکە تـاریکتر دەبوو، ئیدی وای لێ دەهات چاو چاوی نەدەبینی. ترسێکی تاریکاییی وا بوو هەر چواردەوری گرتبووەوە دەنگی گرم و هـۆڕ دەهات. دەنگەکـانیش گـەورەتر دەبـوون، تاریکی تـا دەهات، چیـا بەرزەکـان تا دەهات خـەسـتـتـر دەبوونـەوە. ئەو دەنگانەی گـرم و هۆڕێکی سـەیریان هـێنابووە گـۆڕی دەتگوت هـەمـوو بۆ تۆقـاندنی عـەلی رووشـەنن. لە سروشتدا، لە نێو ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا بەتاقی تەنێ، بێ کەس و بێ دەرەتان مـابووەوە. مـرۆ بەرامـبـەر بـەمرۆ، بەرامـبـەر بەگـیـانلـەبەر دەیتـوانی بەجـەرگ و ئازابێ. بەڵام بەرامبەر بەم تاریکییە، بەرامبەر بەم چیایەی کە لە تاریکی تاریکتر بوو و وەکو پەردەیەک ئەم دنیایەی لێک هەڵاواردبوو، بەرامبەر بەم دەنگە سەرسووڕێنە و گوێ کەڕکەرانە چی لە دەست دەهات... لاوێکی زل و زەلام خۆی بەجۆرێ بەڕەگی دەوەنەکەوە هەڵواسیبوو، هەر هێندەی تۆپێکی مابوو.

نواڕییە ئاسمان، ئەستێرەکانی ئاسمانیش لێک ورووکابوون، هێندێکیان لێرە بۆ هۆ وێ دەکشان، هێندێکیان لە لایەکەوە خڕبووبوونەوە و وەک تۆپیان لێ هاتبوو، لە تاریکییەکڕا بۆ تاریکییەکی دی دەفڕین. من دەڵێم دە هـەزار، تۆ بێژە بیست هەزار وەدووی ئەستێرەیەکی بڵند کەوتبوون، وەکو هەورێکی زێڕ تۆزیان دەکرد و ڕاویان دەنا. لە ئاسمان جۆش و خرۆشێک بوو نەبیندرابوو و نەبیستـرابوو، ئاسمان وەکو دەریایەکی بەشەپۆل دەشڵـەقی، شێت دەبوو، هار دەبوو، رووشـەنیش بۆ خـۆقـوتارکـردن، لەم سـەرسـامییـەدا پرزەی لە خـۆی بڕیبوو و بەهەموو هێز و توانێکییەوە خۆی بەزەوییەوە نووساندبوو.

ئەنجا وەک بڵـێی خـەوی هات. سـەیرێکی ئاسـمـانـی کرد، ڕوون بووبووەوە، ساف و بێ گەرد بوو، گورج هەستا هەڵێ، بەڵام قاچی لە دووی نەهات. هێندە

دەترسا ناچار ڕۆنیشت.

سەری سووڕی دەخوارد، گێژ بووبوو، دڵی لێی دەدا، کەنگێ ڕۆژ دەبێتەوە، کەی شەبەق دەدا؟ وەکو ساڵێک بێ هاتبێتە ئێرە وابوو، بگرە پێنج ساڵیش بخایێنێ...

گوێی هەڵخستبوو. لەگەڵ ئەم هەموو گرم هۆڕ و هەرا و زەنایەدا بۆچی چرکەی پەلەوەرێکی دەبوارد، دەسبەجێ ڕادەپەڕی. ئەم ترسە بەشی عومرێکی دەکرد ترسی ئەم چەند سەعاتە بەشی تەمەن و ژیانێکی دوورو درێژی دەکرد.

ئاخۆ هەرکە ئەو سێ کەفانە دەهاتن دنیا چیی بەسەردەهات؟

لەوانەبوو عەلی رووشەن بچێ بیانهێنێ؟

دنیای ستێر و پێوران، تاریکیی چیا و ماهان، دار و درەخت، ئاو، با هەموو بەجارێ تێکەڵاو بووبوون، سەری هەر دارێک ستێرێکی پێوە نیشتبووەوە و برووسکەی دەدا.

لە ژێر هەر تاشە بەردێکەوە گرمەی بوومەلەرزەیەک دەهات. سەرلەبەری مرۆی دنیا، ورد و درشتی گیانلەبەران لە لایەکەوە کۆبووبوونەوە دەیانزریکاند، عەلی رووشەن دەری نەبرد، ناچار چاوی قووچاند، کەمێ دڵی بسرەوێ. جا بەڕاستی چاوقووچاندنەکەی بەخێرا گەڕا. گرم و هۆڕ تا دەهات بەرەبەرە دادەمرکایەوە، عەلی رووشەنیش بەو پێودانە ئارامی دەگرت و هێمن دەبووەوە. لە پاشان ئەو ناوە بێدەنگی و خامۆشییەک باڵیان بەسەردا کێشا. عەلی رووشەن لە چاوهەڵێنان دەپرینگایەوە. پێی وابوو ئەگەر چاوی هەڵێنا دیسان گرم و هۆڕەکە، تاریکییەکە، ئەو کێوە گەردنکەشە سەر لە ئاسمانانەی وەکو پەردە دادرابوونەوە بەسەریدا دێن و بەژێرەوەی دەکەن. لەنێو ئەو بێدەنگییە کوورەدا گەلایەک نەدەبزووت، لە پرنەختێ خەو چووە چاوی و هەلاژا. لە پرخەی خەودا بوو بەیان ئەنگووت.

تەم و مژی بەڵەک دەور و خولی ترۆپکی چیاکانیان دا و بڵیند بوونەوە،

هەر کە تاریک و لێڵە رەوییەوە گرمەیەک لە چیاکەی بەری ئەوبەرەوە، وەکو

تۆپێ بتەقێ، تەقییەوە. عەلی رووشەن چاوی هەڵێنا، ڕاپەڕییە سەر پێیان، ڕوانیی ڕووناکییەک سەرانسەر دەوروبەری تژی کردووە و چاوی لەبەری هەڵنایێ، لیتاوێکی زۆر و زەوەندی وەکو رووبارە سوور لە چیا بڵندەکەڕا بەتەوژم و پڕتاو دێتە خوار، بەڵام چۆن لیتاوێ! دار و بەردی دنیای راماڵیبوو و دەهات. سێ کەفی وەکو ئەستێرەی بریقەداریشی بەسەرەوە بوو. کەفەکان بەڕەنگێ دەبریسکانەوە، دەیگوت هەریەکە پارچەیەکە لە ڕۆژ بووەتەوە.

کەفەکان ئاو و لیتاوەکەیان – کە هێندەی رووباری سوور گەورە بوو– ڕووناک کردبووەوە هەموو ماسییەکانی، چەو و لمی بنی، تاشەبەردەکانی سەرلەبەر هەموو دیار بوون، ڕووناکییەکی ئەوتۆ لەبن ئاوەکەی دەدا، دەنکە زیخەکان وەکو ئەستێرە دەدرەوشانەوە.

عەلی رووشەن گوتی:

«خوایە، خوایە، خوای سەر سەران ئەمە چ کارێکە.»

یەکسەر ملی لە ئاوەکە نا و بەرەو کەفەکان وەمەلە و سۆبایی کەوت. لەپێشدا گەیشتە کەفە سەوزەکە، ئەوی گرتەوە، لەپاشان زەردەکە، ئەنجا بۆرەکەی گرتەوە. هەر کە کەفەکانی لە سەر ئاوەکە گرتەوە دەوروبەر بەڕەنگێ ڕووناک بووەوە دەتگوت ڕۆژێکی دیکە بەسەر ڕۆژدا هەڵاتبوو.

کەفەکانی هەڵگرت بگەڕێتەوە، بەڵام هێندەی تینوو بوو هێندەی تینوو بوو، وەختا بوو گڕ بگرێ. لەبەر خۆیەوە گوتی: «کوڕە دە یەکێ لەم کەفانە بخۆوە، خۆ دنیا خرا نابێ؟»

لە پاشان گوتی:

«حەیفە نایخۆمەوە، ئەم کەفانە شفای چاوی باوکمن، چاوی پێیان دەکرێتەوە.»

هەر دەڕۆیشت و ڕێگە نەدەبڕایەوە، هەتاوەکەش هێند گەرم بوو لەکێشدا نەبوو. بۆ ئەوەی ناچاری خواردنەوەی کەفەکان نەبێ و زوو فریای باویانی خا، ڕای دەکرد، هەرچەند ڕای دەکرد هێندەی دیکە تینوو دەبوو، زمانی

بسـتێ دەرهاتبـوو هێند مـاندوو بووبوو ئیـدی نـەیدەتوانی ڕابکا. گـڕی نێـو هەناوی وای پـەرێشـان کـردبوو ئیـتـر لە وزە و تـوانیـدا نەمـا، ناچار یـەکێ لە کـەفـەکانی سـەرلەپـی دەسـتی، سـەوزەکـەیانی خـواردەوە. دەسـبـەجێ هەناوی فێنک بووەوە. حاڵەتێکی وا خۆشی بەسـەردا هات لەوەتی دنیا دنیابوو حاڵەتی وا خۆش بـەسـەر کەسدا نەهاتبوو. بەڕاستی پیاو بۆ نیو دەقیقـەیەک خۆشیی وا هـەرچی عومری هەیە بیدا هێشتا هەر کەمە.

هـەروا لەبەر خۆشییەوە قسەی دەکرد، دەیگوت:

«ئەم دوو کـەفـەکـەی دیکە بەشی بـاوم دەکەن و بەزیادیشـەوە. جـووتێ چاو دەبێ چ بن کە دوو کەفی وا بەتیشک و شـەوق نەیانکەنەوە؟»

ئیدی هـەروا لـەبەر خۆیەوە لەم قسانەدا بوو هەناوی دیسان هەڵگڕا، زمانی بەمەلاشوویەوە هیشک هەلات، ئـەمجارە بشـمرێ، بێ سـەر و شوێن لاشـەکەی قــەل و داڵ بیــخــوا، لە تینووان هـەڵپـڕووزێ، بڕیاری دا بەهـەر جـۆرێک بێ کەفەکان فریای باوکی خا. هەمیسـان دەستی بەڕاکردن کردەوە. هەرچەند هەڕای دەکرد، ئارەقەی شین و مۆری دەردەدا و هەناوی هێندەی دیکە ئاگری دەگرت، ئیدی وای بەسـەرهات هاواری کرد:

«خوایە سووتام.»

ئیدی ناچار کەفە زەردیشی خواردەوە.

ئەم جارە هەموو ئازای گیانی نوقمی تام و لەزەتێکی زۆر گەورە بووبوو.

گوتی:

«هیـچ نەبێ با ئـەم دەنکە کــەفـەی مــاوە، هەر چـۆنێ بێ بەبـاوی ڕاگـەیێنم. ئەگـەر چاوی لەکـرانەوە بێ خـۆ بـەیەک کـەفـیش هـەر دەکـرێتـەوە. ئەم جـارە بشـمـرم، هەرچییـەکم بەسـەربێ، لە تینووان بشـتـەقم کەفە بۆر نـاخـۆمـەوە و بەهـەر نرخێ بێ فریای باوم×ی دەخەم.»

مـەستـە، مـەسـتییـەکی ئەوتۆ کـە لە هیچ مـەسـتییـەک نەدەچوو، بۆن و تەڕ و

تازەییی سەرلەبەری گـوڵووکی دنیـا زابوونـە نێـو خـوێنی، سـەری بـە تام و لەزەتی بۆن و بەرامەوە مەست بووبوو.

هەتاو هێندە گەرم بووبوو هەمـوو شـتێکی هەڵدەقرچاند، هەمـوو شـتێکی دەبرژاند، پێستی لەشی دەسووتایەوە، دەبرژایەوە، هەناوی خەرمانە ئاگرێکی تێدا هەڵایسابوو. ها ئێستا کوڵ و کۆی دادەمرکێتەوە ها نەختێکی تر...

سێ هـەنگاوی مـابوو بگاتـە باوی، ڕاوەسـتـا، ئـیـدی هـەنگاوێکی دیکەی هەڵنەهێناوە. چاوێکی لە کەفەکە، چاوێکی لە باوی بـوو. کەوتبـووە نێـوان دوو مـزگـەوتەوە، بۆ کن بابی بچێ، کـەفـەکـە بخـواتەوە؟ بۆ ئەوەی بەباوی ڕابگا، هەنگاوی دەنا، بەڵام وەکـو بلـێـی بەگـوریسـێکی چل باد هەردوو قـاچی بەسترابێت هەرچەندی دەکرد هەنگاوی بۆ هەڵنەدەهاتەوە. ماوەیەک بەم جۆرە لەگەڵ خۆیدا کەوتە کێشەیەکی بێ ئامانەوە:

ئەوپەڕەکـەی لە دوو سـاڵان پتـر ناژی. ئەوا چاویشی کـرایەوە، چیی پێ دەکرێ، چیی لەدەست دێ. جا توخوا کەفیش شتە چاوان بکاتەوە؟ لە کوێ بیستراوە سێ کەفەڵووکە چاوان بکەنەوە؟ با بڵێین بەهەرسێکیان دەیانتوانی چاوی بکەنەوە، بەڵام من بەناچاری دووم لێ خواردنەوە، ئاخۆ تەنیا یەکێکیان بەدادی دێ؟»

ئاخرییەکـەی خـۆی بەخـۆی سـەلماند، کـەفـە بۆریشی خـواردەوە. ئەمـجـا بەجارێ مەست و کەشەنگ بوو، بەنیوە سەرخۆشییەکەوە، سا بەهەر ڕەنگێ بوو خۆی گەیاندە باوی.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

«چاکم کرد ئەویشم خواردەوە، چاکم کرد کەفەکانم هەرسێک خواردنەوە... ئیدی بشمرم، خەمان ناخۆم، نەک دنیایەک، هەزار دنیام دیت، ئای چ ژیانێک ژیام، لە نێو ئەو کەفانەدا چم دیت...»

باوی گوێی لە ترپەی پێی بوو، گوتی:

«لاوۆ کەفەکانت هێنا؟»

عەلی رووشەن شپرزە بووبوو، نەیدەزانی چ بڵێ و چ وەڵام بداتەوە، گوتی: «باوە ئاوەکە نەهات و نەهات، کەفەکانم وەگیرنەکەوتن...»

«پیر یوسف هێند کاڵ نەبوو قسەی وای بۆ قووت بچێ، پیاوێکی دنیادیتە بوو، یەکسەر تێ گەیشت. هەر لەسەرەتارا دەیزانی ئاکامی کارەکە بەم جۆرە دەکەوێتەوە، گوتی:

«کوڕم ئەو کەفانەی خواردووتنەوە نۆشی گیانت بن، بەڵام نرخیان بزانە. کەفە سەوزەکەیان کردووتی بە بەنگی و ئەویندار، ئیدی لەمەوپاش تۆ یەکێکی لە ئاشق و ئەویندارانی هەق و چاکە، لەمەوپاش تار و ژێی ئەم دنیایە سەرلەبەر بەئەنگوستەکانت وەئاواز دێن، نەهیچ سازێ خۆی لە شانی سازی تۆ دەدا و نە هیچ قسەیەکیش لە سەرووی قسەی تۆوە دەبێ. کەفە زەردەکەشیان وزە و هێز و گوڕی چل گامێشانی پێ بەخشیوی. هیچ مرۆیەک، هیچ کەسێ دەرۆستت نایە، هیچ کەسێ ناتوانێ پشتت بەعارردیدا دا. هەتا هەتایە کەسێکی دیکە نایەتە دنیاوە بتوانێ لە ململانێدا مەچەکت بادا. هەرچی کەفی سێیەمیش بوو ئەوەیان ئاوی ژی بوو. ئەتو هەتا هەتایە نامری و مەرگ ڕووت تێ ناکا. هەتا ئاخری زەمان دەژی و ڕۆژی قیامەتیش بەچاوی خۆت دەبینی. بڕۆ ئۆغر، بەڵام لە بیری نەکەی، تۆڵەم لە بەگی بۆڵوو بۆ بکەوە، ئەگەر بۆت نەکردمەوە هەقی باو و فرزەندیت لێ حەرام بێ. دەستە و بەرۆکت بم.»

لە چاونەکرانەوەی دڵگیر بوو، بەڵام زۆریشی دڵ بەوە خۆش بوو کە کوڕەکەی بووبوو بەپیاوێکی ئازا و مەردی مەیدانان. باوی بە تانی قسەکانیدا چوو، گوتی:

«بڕۆ کوڕم، ئەم زێد و مەڵبەندانە بۆ تۆ ناشێن و ناگونجێن. بڕۆ لە چامڵی بێل مەڵبەندێک بۆ خۆت ئاوەدان کەوە. پیاوی ئازا یا دەبێ پشت بە بەگ ببەستێ یا بە چیا.» ئیتر خۆی پێ نەگیرا، دەروونی وەکوڵ هات، گوتی:

«ئیدی ئەوەندی ماوە با بەزار بیڵێم، زارم وەختە گڕ بگرێ، دە ئەو سازەم

وێ دە، با بەتار و ژێیان بیدرکێنم.»

ئاوی ژی ڕێ دەکا، میوە دەڕوێن
دەبێ وەکو شێر لەو کێوانە بهێوری
بڕۆ لاوۆ ئەوێندەرێ لانی شێرانە
لانی شێران نابێ بێ شێربێ
دەبێ لێرە هەڵبڕێین بچینە ڕاستان
خوا یارمەتیمان دەدا،
کاروانان بگرین، بەدیار کەوین
لەم چیایانە مەنزڵ بگرین
دەبێ بەتۆبزان ڕێگە بگری
بازرگان تالآن کەی لە چەرچی بدەی
هەژاران پۆشتە کەی، برسییان تێر کەی
وەکو شێری بەهەڵمەت بستێنی، وەرگری
پێم دەڵێن یوسفی مەیتەر
بەزەت بەداد و هاواری کەساندا نەیێتەوە
ئەمەیە ئامۆژگاریم بۆ جەنابت؟
دەبێ کاروان بگیرێ، تالآن بکرێ

عەلی رووشەن کە بابی لە بەندەکانی بووەوە پرسی:

«ئەم چامڵی بێلە لە کوێ کەوتووە؟»

«ڕۆڵەی خۆم، تۆ لەهەر کوێ مەنزڵت گرت چامڵی بێل ئەوێندەرێیە. بەلآم ئێستا پێت دەڵێم لە کوێ مەنزڵ دەگری. ئا ئەو کێوەی رووەو ڕۆژە دەبیبنی؟»

«دەیبینم باوە.»

«لەو چیایە بەبارێکی سپی دیارە دەبریقێتەوە، دەیبینی؟»

«دەیبینم باوە.»

«ئەوە ئەو جێگەیەیە کە بۆی دەچی. بەو جێگەیە دەڵێن چامڵی بێل. ڕێگای عارەبستان، ڕێگای گورجستان، ئی فەڕەنگستان، ئی عەجەمستان و هیندستان هەموو بەوێدا دەڕۆن. ئەوێ گرنگترین ڕێڕەوە، ئەم هەموو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر.

هەرچی کاروان هەیە لەم ڕێڕەوە بەولاوە هیچ ڕێڕەوێکی دیکەی نییە و ناچار هەر بەوێدا ڕەت دەبێ. جا تۆ دەبێ ئەم ڕێڕەوە بگری و بەسەری ڕابگەی. سەرانە و خەرج و باج بستێنی. تاوەکو وات لێ دێ سەربازت لە سەربازی بەگی بۆڵوو پتر دەبن.

لە توجاڕان هۆقانە، لە چەرچییان کەمانە، لە بازرگانان دەیەکانە وەردەگری. هەرکە کاروانێکت رووت کردەوە دەبێ ماڵێک ئاوەدان و پۆشتەکەیەوە. ئەو شوێن و هەرێمەی نێوبانگتی تێدا بڵاودەبێتەوە نابێ لات و هەژار بەخۆیەوە ببینێ.»

«چۆن باجان وەرگرم باوە؟»

«ئەوە لە من مەپرسە، تۆیەکی خاوەنی ئەم هێزە، ئەم زمانە، ئەم تار و ژێیە بی، هەر خۆشت دەزانی کاروان چۆن رووت دەکرێتەوە. تۆ ئەو سازەم وێ دە جارێ، با ئەمەت بە تار بۆ بڵێم، با دڵت بەتەواوی خۆش و ئاسوودە بێ. بێ ئەوەی هیچ لە بیر بکەم، ئەوەش بزانە کە تۆ ئەسپەبۆرەت لە بندایە، مەترسە، بەگژ لەشکرێکدا بچۆ. باکت بەهیچ نەبێ. ئەسپەبۆرە قۆشەن و لەشکری دنیاییێت لە بۆ تێکوپێک دەشکێنێ. هەرچی لە پێشەوەیرا بۆی بچێ هەڵی دەدڕێ، ئەوی لە پاشەوەیرا بۆی بچێ بەجووتە دای دەپاچێ.»

سازەکەی بەسینگەوە نا، گەنجینەی قسانی هەڵداوە، جا با گوێ دێرین بزانین یوسفی مەیتەر چی گێڕاوە و بەچ ئامۆژگارییەک مێشکی کوڕە لاوەی زاخاو دەداوە:

ئازا ئەو کەسەیە بچێتە بەر مەیدان
جێگەیەکی دەوێ پشتی پێ ببەستێ
بۆ قەڵارۆنان لە چامڵی بێل
پیاوی ئازا و کەڵەمێرد و بوێری دەوێ
های لەوێ ڕۆژێ کوڕۆ ڕووشەنۆ لەوێ ڕۆژێ
دوژمن و نژدەی زۆردار دەستە دەستە شەق و پەق دەکەی
کە دەچییە بارەگای پاتشا،
زار دەچێتە کلیلە، پیاوم دەوێ زار بگرێ
ڕیز ڕیز کەڵەمێردان ڕیز دەکەی
شایی و داوەتان تێکوپێک دەدەی
بنەوباران لە چامڵی بێل دادەنێی
جێگەت دەوێ تێدا بهێوری
دەبێ سینگ و پشتان بەچیاوە بدەین
خزمەتی باخ و باخچان بکەین
نێوبانگ ڕۆیشتن بەخۆڕایی نییە، چەندین ساڵی دەوێ
بۆ هاوینان هەیوانت دەوێ
بەنازەوە مەی بگێڕدرێ و بادە پڕ کرێ
ئەندامی لەش سەرلەبەر بێنە جۆش و خورۆش
ئەمەش زمانی دەوێ، زمانی پاراوی دەوێ
یوسفی مەیتەر لە ئامۆژگاری بووەوە
تۆ تەواوی کە ئازاکەی بیست هەزار ئازایان
چاوم نابینێ گوناهم چی بوو
تۆڵەم مەخە ئەو دنیا، لەم دنیا بۆم بسەنەوە

باوی کوێرئۆغڵی بەندەکانی تەواوکرد، گوتی:

«کوڕم من ئیدی چاوم ناکرێتەوە، تۆ بووی بەکوڕی کوێرە. با نێوت بەکوێر ئۆغڵی بڕوا. ئیدی هەروا لەم قسانەدا بوو لە پڕ بەلاداهات و مرد. کوێرئۆغڵی باوی ڕووت کردەوە، جوان جوان شوشتی، لە گوڵ و گولیلکی سەد تەرز کفنێکی بۆ سازکرد و بەجێی هەقی سپارد و باوەشێک گەڵا و چڵە مۆردی لە سەر گۆڕخانەکەی دانا. ئەمجا سواری ئەسپەکەی بوو و سەری وەرگێڕا... دەستی بڵیند کرد بەرەو بۆڵوو مستەکۆڵەی ڕاوەشاند. مامزەیێکی بەئازاری لە تەنگەی ئەسپەبۆرەوە ژەند یاڵڵا و یا روحوڵڵا هەیپێی لێ کرد چامڵی بێل خۆت بگرە هاتم. خوایە کوڕە شێتە و دەستت بەباڵییەوە بێ و ئەوە کوێرئۆغڵییە کەف و کوڵی دامرکێنەوە.

کوێر ئۆغڵی بەدەم ئەم قسانەوە مامزەیەکی دیکەی لە تەنگەی ئەسپەبۆرەوە ژەند و تێی تەقاند وەڕێ کەوت. بەمبەری چامڵی بێلەوە باخ و باخاتێکی وەک باخ و باخاتی بەهەشتی لە ڕوو کرایەوە. هەموو ئاوات و هەویایەکی چامڵی بێل بوو. لە چامڵی بێل لە نوێژەنەوە لەدایک دەبووەوە. لەوانەش بوو بەئاواتی خۆی ڕانەگا و لە چامڵی بێل هەر هێندەی یەک و دوو بڵێی مردبا، یا بووبووایە بەکوێرئۆغڵییەکی بەتەنتەنە و سەنسەنە و خاوەن شان و شکۆی وا نێوبانگی تا دنیا خرا دەبوو لە سەر زاران گەڕابا و سەرلەبەری مرۆی ئەو دنیا پان و بەرینە بەدۆستی مرۆ و برای مرۆیان زانیبا و بەپلە و پایەی پیر و پیاوچاکانیان گەیاندبا. کوێرئۆغڵی هەموو چاکەیەکی بەبیردا دەهات، بەڵام قەتی ئەوە بەبیردا نەدەهات کە ڕۆژێ بەپلە و پایەی پیر و پیاوچاکان بگا. هێندە بۆ مرۆ بەسە کە خۆی گەورەیە. کوێرئۆغڵی هێشتا لاو بوو، بەمەی نەدەزانی.

لەوبەرەوە چامڵی بێل سەرتاپای لە تەم و مژدا بوو، لە ناو گوڵ و گوڵاڵە و گژوگیادا وەک بەدەم لایلایە و گورگانە شەوێوە خەوی لێ کەوتبێ ئاوهابوو. کوێرئۆغلی بۆ چامڵی بێل دەچوو، مەنزڵ بگرێ. بەڵام بەدەم ڕێگەوە کزەیەک لە هەناویەوە هات لە دڵی خۆیدا گوتی:

«کوڕینە ئەم کزەیە چییە؟»

له ناکاو بەدوودڵییەکەوە بەخۆیدا هاتەوە، گوتی لە چامڵی بێل مەنزڵ دەگیرێ، لە چامڵی بێل تالان و بڕۆ دەکرێ، بەناوبانگترین ئازا و کەڵەمێردانی دنیا لە چامڵی بێل لێت کۆ دەبنەوە. بەڵێ سەرلەبەر کۆ دەبنەوە. بەڵام شتێک هەیە بەکەم و کورتی دەمێنێتەوە، ئەویش چی بێ باشە؟ ژنێک، ئەو ژنەش کێ بێ خوشکەکەی بەگی بۆڵوو، هاوەڵی منداڵیی عەلی رووشەن، گراوێی نیشانکراوی سەربێشکەی، تێللی نیگارە. کوێر ئۆغڵی هەرکە تێللی نیگاری بەبیردا هاتەوە کسپەیەک لە جەرگ و هەناوییەوە هات. پێش وەی خانوو و بەرە بنیات نێ، پێش وەی تۆڵەی باوی بکاتەوە، بەرلەوەی لە چامڵی بێل قەڵا دروست کا، پێویست بوو دۆستێکی گیانی بەگانی بدۆزێتەوە و بیهێنێ. ئەوەش هەیە. تێللی نیگار، کە دڵدارێکی گیانی بەگیانیی خۆی بوو، بەڵام... بەڵامی تێدابوو. کوڕە تازە لە چەنگاڵی پاڵەوانی بەگی بۆڵوو ڕزگاری بووبوو. ئەویش بەسایی باوییەوە لە دەست ئەم نێرەوەزە قوتاربووبوو. باوی وەدەست هاتبوو و خستبووی، هەرچی ئەم بوو، بەڵێ سواری کۆڵەی سینگی بووبوو سەری ژێ کا، بەڵام سەری ژێ نەکردبوو. جارێ هێشتا دوێنێ بوو خۆی بەهەزار ئەم لا و ئەولا لە چەنگی بەگی بۆڵوو قوتار کردبوو، چۆن دەبوو جارێکی دیکە چووبایەوە شاری بۆڵوویێ و خوشکی بەگی بۆڵووی هەڵگرتبا و هەڵاتبا. ئەمە کارێک بوو لە کردن نەدەهات، بەڵام بێ تێللی نیگاریش لە چامڵی بێلدا خانە و لانە دانەدەمەزرێندرا و بێ ئەو هەڵی نەدەکرد. ئیدی کوێرئۆغڵی ئارامی لەبەر بڕابوو، هەردەتگوت بەسەر ئاگرەوەیە. ترس و تەنیاییەکەی لەگەڵ ئەوینیدا تا دەهات گەورەتر دەبوو، جڵەوی ئەسپەکەی شل کردبوو، بەدەم بیرکردنەوە بەرەو چامڵی بێل سەردەکەوت. پەلەوەر و تەیروتووان دەیانخوێند، شنە شنە بای دەهات، بۆنی دارکاژی چامڵی بێل، بۆنی نێرگس، بۆنی سونبوڵ لەگەڵ بۆنی شێردەمەدا تێکەڵ و ئاوێتە دەبوون. کانیاوەکان قەوزەیان بەستبوو، شڵپ و هۆڕی ئاو دەهات، وەنەوشە لە گوێ کانیاوەکان مۆر دەچوونەوە.

زۆری نەخایاند کوێرئۆغڵی سەری ئەسپەکەی لە چامڵی بێلەوە بەرەو

دەشت وەرگێڕا. ئەم سوارە لە ناوەندی دەشتێکی کاکی بەکاکی بێ تخووب و بێ کەوشەندا هەر هێندەی پەنجەیەکی مابووەوە بەتاقی تەنێ، بێ چارە و بێ دەرەتان سەری دنیای لێ وێک هاتبووەوە و نەیدەزانی ڕوو لە چ لایەک بکا. تارماییی دەوەنێکی بەدی کردبا یەکسەر ڕووی تێ دەکرد، گوێی لە خوڕەی ئاوێ، پەلەوەرێ بوایە، بەلای دەنگەکانیانەوە دەچوو. دەخولایەوە، ڕادەوەستا، دیسان سەری ئەسپەکەی هۆدەدایەوە، ڕووی دەکردەوە چاملّی بێل. مەودایەک دەڕۆیشت، دیسان سەری ئەسپەکەی بەرەو دەشتەکە وەردەچەرخاند. ئەسپە بۆرەش وەک گوێدرێژێکی مردەڵە هەردوو گوێی شۆڕ بووبووەوە و بەکووراییی و ناخی خۆیدا ڕۆچووبوو، ئەو ژی نۆلی سوارەکەی سەر پشتی ناهومێد، سەر بەتەم و مژ، خەیالاوی، بەئەندێشە لە هەزار ئاشی دەکرد و هیچی نەدەماڵییەوە.

لەپاشان لە زەردەپەڕدا سەری ئەسپەکەی بەرەو لای بۆڵوو وەرگێڕا. ڕۆژ ئاوابوو، تاریکی داهات، ئەو هەر دەڕۆیشت، تا سبەینێ ئەسپی بەو جۆرە بەرەو بۆڵوو ئاژوا.

لەگەڵ سپێدەی بەیاندا لە بن دارێکی زەلامدا، لە گوێ ڕووبارێکی گەورە، لە ئەسپ هاتەخوار. زۆر کەشەنگ و شەکەت بوو. هەم مێشکی و هەم لەشی... بەو ماندوویّتی و شەکەتییە لەوێ لێی ڕاکشا. هێندەی خەو دەهات، هێندەی خەو دەهات هەرکە ڕاکشا و ڕانەکشا دەسبەجێ خەوی لێ کەوت، خەونی دیت، لە ناو خەونی بێ سەروبەر و تاریک تاریکدا بوو. کاتێکی وەخەبەرهات تیشکی ڕۆژ لە توێی لک و پۆپی دارەکەڕا کەوتبووە سەر دەم و چاوی.

لەتێ نانەڕەقی لە هەگبەکەدا بوو، دەری هێنا تەڕی کرد و خواردی. ئەسپەبۆرە سەری شۆڕ کردبووەوە، کەوتبووە دەریای بیرکردنەوە. ئەسپی گۆرین وەک جوانوویەکی لەڕ، لاواز، ڕیوەڵە وابوو، پێستی بەئێسکانییەوە نووسابوو، لووتی مقاوی بوو، فووت لێ کردبا بەئاسماندا دەچوو. بەکورتی گەڕابووەوە سەر دۆخ و پێودانی جوانوێتیی ئەو کاتی کە چاوی یوسفی مەیتەری لەسەر هەڵکۆڵدران. بەڵێ کوت و مت لە جوانووە پیسەڵە، مردەڵەکەی

جاران دەچوو. کوێرئۆغڵی زۆری بەزە بەحاڵیدا هاتەوە. تۆ بڵێی ئەسپەبۆرە هەر بەم حاڵە بمێنێتەوە؟

تۆ بڵێی ئەسپەبۆرە خۆشی و بابیشی فریودابن و تووشی ئەم کەژ و کێوانەی کردبن و لە پاشان خۆشی ئاوهای بەسەرهات کە بەسەری هاتبوو؟ وانەبوو، بەڵام... ئەسپەبۆرەش چۆنت دەبینی وا بوو.

عەلی رووشەن لەم پەژارە و نیگەرانییەدا بوو، ئەسپەبۆرە لە پڕێکا خۆی ڕاوەشاند، گەڕاوە سەر دۆخی جارانی. بگرە لە جارانی پتریش. کوێر ئۆغڵی کە چاوی بەم حاڵەی کەوت، لە خۆشییان بۆ خۆشی نەیدەزانی چ بکا.

کوێر ئۆغڵی لەم حاڵی کەیف خۆشییەدا بوو ئەسپەبۆرە هات قەپاڵی پێدا کرد هەڵی داشتە سەر پشتی و یەکسەر دایە غار و لەو دەشتە دەستی بەسەڵەف کرد. کوێرئۆغڵی هەستی بەوە کرد کە ئەم ئەسپە لە هەردوو لایڕا دوو باڵی لێ بەدیار کەوت. کە باڵی کردەوە چوو بەئاسماندا و فڕی. کوێرئۆغڵی ئیدی نەیدەزانی بۆ کوێوەی دەبا. بەفڕین شەوەڕێیەکیان بڕی. ستێر بەسەر سەریانەوە پرش و بڵاو، خوارێ جەنگەڵستان و لێڕەوار، شاری نووستووی خامۆش، گوندەکان... لەگەڵ گزنگی ڕۆژدا ئەسپەبۆرە لە ملەیەکدا هەڵوێستا. ملەکە لێڕەوارێک بوو بەری ئاسمان لە توێی لک و چڵی دار و درەختانەوە بەهاستەم دیاربوو.

کوێرئۆغڵی هەرکە چاوی هەڵێنا تەماشای کرد شاری بۆڵوو وا بەو بەریانەوە... کەواتا ئەسپەبۆرە هەستی بەدوودڵیی کوڕە کردبوو بۆیەکا بۆ ئێرەی هێنابوو.

پێشینان گوتوویانە، دەهۆش و ئازایەتیش هەرتکان لە کوێرئۆغڵیڕا فێربە. جا بەڕاستی وایشە. لەوەتا دنیا دنیا بوو ئەم سەرزەوییە یەکێکی دیکەی، چ لە دەهۆ و تەڵەکە و چ لە بوێری و ئازایەتیدا، وەکو کوێر ئۆغڵی بەخۆیەوە نەدیتبوو.

لەو دەوروبەرەدا شوانێک بەسەدان مەڕی دەچێراند. کوێرئۆغڵی گازی کرد:

«کاکی شوان. کاکی شوان داوخوازێکم لێته.»

شوانەکە تا بڵێی پیاوێکی ڕەق و لە خۆڕازی و جەرگ قایم و کەتە و بەخۆوە بوو. گوێی لە دەنگی کوێرئۆغڵی بوو، بەڵام گوێی نەدایێ و وەڵامی نەداوە...

«شوان... هۆ شوان، لەگەڵ تۆمە... حاڵی بووی؟ گوێت لێم نەبوو؟ هێ ی ی ی ... شوانە وەرە بۆ ئێرە...»

شوانەکە سەری هەڵبڕی، سەیرێکی لای کوڕەی کرد، وەک نەهیچی دیتبێ و نەهیچی بیستبێ سەری داخستەوە...

«شوانەکە... شوانەکە... ئەرێ ئەوە من لەگەڵ تۆم نییە؟... هۆ سەرەک شوان... لەگەڵ تۆمە... گوێت لێ نییە؟»

«گوێم لێ بێ چ دەبێ و گوێم لێ نەبێ چ دەقەومێ... هۆ هەرزەکار...»

هەی هەی... جا ئێستا کوێرئۆغڵی چ بکا... ئەگەر بەگژیدا دەچێ... کێ دەڵێ دەرۆستی دێ... ئەگەر دەرۆستی نەهات سەرشۆڕی و سووکایەتییەکی بۆ دەمێنێتەوە هەتا هەتایە نەتوانێ لە ژێری دەرچێ. شوانەکە لەوانە نەبوو، هێند بەگوڕ و هێز دیاربوو لەو دارەی ئەولایەوەی نەویبا لە ڕەگ و ڕیشانڕا هەڵی دەکەند.

بەڕەقی لەگەڵیدا بکا، بەنەرمی لەگەڵیدا بکا؟ ئیتر هەروا وەستابوو بیری دەکردەوە و لە لایەکی دیکەشەوە تووڕە بووبوو، ئەگەر تووڕەیی زۆری بۆ هێنا و لە شوانەکە ڕاسیا گوڕی بەسەریدا ڕادەشکا؟ جا وا بەسەریشیدا ڕاشکا و شوانەشی بەزاند بەکاری چی دەهات... کارەکەی دوا دەکەوت... هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو دایکێشا چوو بۆ کن شوانەکە...

ملی لار کردەوە، گوتی:

«مام شوان، مام شوان... داوخوازێکم لە خزمەتتدا هەیە. یارمەتی و کۆمەکم بکەی زۆرت خێر دەگاتێ.»

کوێرئۆغڵی تووڕەییەکەی خاوبووبووەوە، دەتگوت هەر ئەو پیاوەی نەختێ

لەمەوپێشیش نییە کە دەینەڕاند.

شوانەکە بزەی هاتێ:

«بلێ ڕۆڵەکەم، بێژە چت دەوێ؟»

شــوانە نیگا زرت و زیت و ئازاکــە بەدڵ و بەزەیەکی باوکــانەوە لەگــەڵ کوێرئۆغلیدا رەفتاری دەکرد.

«خواستێکم لە خزمەتتدا هەیە، خواستەکە خواستێکی هێند لە شان سەخت و گران نییە... بۆم جێبەجێ کەی زۆرت خێر دەگاتێ...»

شوانەکە:

«وەرە بۆ ئێروکانە کوڕی خۆم، چییە، چت لێ قەوماوە، چ کارەساتێکت بەسەرهاتووە، بلێ تا دەرد و پەژارەی سەرت بتارێنم، ڕێگەیان پێ گرتووی ڕێگەیان پێ بگرم، تالانیان کردووی تالانیان کەم، خانەوێرانیان کردووی خانەوێرانیان کەم، سووکایەتی و ئەتکیان پێ کردووی سووکایەتی و ئەتکیان پێ بکەم، برسیت، تینوویت، زگت تێرکەم تینوویێتیت بشکێنم... ئەگەر ئاتاجی شتێکی خوا نەیبڕێ هەموو شتێک هەیە، لە هیچمان کەم نییە... سەری گەنجینەکانمت سەرلەبەر بۆ هەڵدەدەمەوە...»

شوانەکە قسەی دەکرد کوێرئۆغلی بیری دەکردەوە: کەواتا نابێ پیاو بەڕواڵەت بخەڵەتێ، باو و باپیران گوتەنی لە ژێر کەپەنەکدا مێرخاس دەنوێ. جا بەڕاستی ئەم گوتەیە پڕ بەپێستی ئەم شوانە بوو، کەس، با شوانیش بێ بەم شێوەیە گاز ناکرێ. خەڵک بەپیاو نەزانین شتێکی زۆر ناشیاو و کارێکی هێجگار ناپیاوانەیە، وە نییە؟ ئاغایان؟ میران؟.. گوێدێران... دەنگبێژان؟... مام حاجیم لە ڕاست قسەی هەق و ڕەوا چ بلێ؟

شوانە گوتی:

«من نازانم ئەتۆ کێ و لە کوێرا دێی و بۆ کوێ دەڕۆی، بەڵام هێندە دەزانم ئەتو خودانی چێترین هاوەڵی، خودانی ئەسپەبۆرەیەکی ئەوتۆی کە... تا دنیا خرادەبێ پشتت بەزەوی ناکەوێ. ڕوانیمە ئەسپەبۆرەی ژێرت، مەبەستم

هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەتە، هەر لە دوورڕا گوتم مەردی کوڕی مەردێک ڕووی کردووەتە مەڵبەندەکەمان تا ئێستا هیچ دایکێ ڕۆڵەی وای لێ نەکەوتووەتەوە. گەلۆ لە ناکاو دەنگتم بەرگوێ کەوت. دەنگت دەنگێکە نە لە ئەسپەکەی ژێرت، نە لە خۆشت دەوەشێتەوە... دەنگت دەنگێکە دەڵێ ئەم چیا بچووکانە خۆم ڕۆم ناون و ئەوانی گەورە و بڵیندیشم لە باپیرانمەوە بۆ ماونەوە. ئامۆژگارییەکت دەکەم، بیکە ئاڵقە و لە گوێی کە. تا لە ژیاندای نەکەی کە بەو بێ باکی و بێ پەرواییەوە کەس گازکەی و بەمێرووی بزانی. کردەوە و ڕەفتاری وا لەگەڵ کەسانێکی نایانناسی، کرچ و کاڵی و نەفامیت بەدیار دەخا. نابێ وەکو گەزندە و مێروو تەماشای مرۆڤان بکەی. ئەم دنیایە چەندی گیانلەبەر تێدایە پیرۆزترینیان مرۆڤە. نابێ بەچاوی سووکایەتییەوە بڕوانییە هیچ مرۆڤێک. نابێ بەبچووک و نزمی بزانی. هەرکەسێ مرۆ بەنزم بزانێ مانای وایە خۆی بەنزم دەزانێ. مرۆی سەرڕاست و مەرد ڕێزی خۆی بگرێ ڕێزی غەیرە خۆشی دەگرێ.

«کاتێکی تۆ بانگت کردم، خۆ بەزل زانین و بەخۆوەنازینێکم لەدەم و دوو دەنگتدا بەدی کرد، کوڕم، بۆیە منیش بەو ڕەنگەم ڕەفتار لەگەڵدا کردی. لێم ببوورە. لە پاشان بۆم بەدیارکەوت ئەم ڕەفتارەت لە نیهادپیسی و خراپییەوە نییە، لە نەفامی و بێ ئەزموونی و هەرزەکاریتەوەیە. هەرکەسێک هەی ببە، خوای دەکرد پاتشا دەبووی، بەگ دەبووی، یا سەرکردەیەکی جیهانگیر دەبووی... بەڵام هەرکە ڕێزلێنانی مرۆڤانت لە بیر کرد کارت کراوە و تیاچوویی و مانای ئەوەیە بایی دە پوولی و بەس. تۆیەکی ئەم ئەسپەبۆرەت هاوڕێ بێ ڕێگەی چەوت و چێڵ ناگری و خراپە و کاری درێو و کرێتت لێ ناوەشێتەوە... دەوجا بێژە داخوازەکەت چییە؟»

کوێرئۆغڵی لە شەرمەزارییان سوور هەڵگەڕابوو، تەماشای شوانەکەی بۆ نەدەکرا و چاوی لە زەوی بۆ نەدەگوێزرایەوە. بەڕاستی زۆر شەرمەزاری شوانەکە بوو، کێ دەڵێ ئەم شوانە پیرێک نەبوو، پیاوچاکێک نەبوو و لەم ڕۆژی تەنگانە و ئاستەنگەدا بۆی نەڕەخسابوو؟

«ئامـۆژگـارییـەكـانت بەسـەر سـەرم مـامـەی شـوان... لێم خـۆش بـە. لە تەنگانـەیەكی فـرە سـەخت و دژواردام، دەنـا نـەدەبـوو قـسـەی وا نـاشـیـاو و ڕەق لەزارم دەرچێ. هەقتە... داوخوازم ئەوەیە كە... داوخوازم...»

«لاوۆ، داخوازەكەت بڵێ... هەرچییەك بێ بۆت بەدی دەهێنم....»

«داوخـوازەكـەم ئەوە... ئەوە... ئـەوە... یەكـە... دەبێ مـن بچـمـە قـیـافـە و كڵـێشـەی تۆوە... جلەكـانت لەبەركـەم... تۆش جلەكـانـی من لەبەر كە و بـچۆ قیافەتی منەوە... دەكرێ؟»

«دەكـرێ، بۆ نـاكـرێ، بـەڵام لاوۆ، حـەزدەكـەم سـەیرێكی خـۆت و سـەیرێكی منیش بكەی... تۆ بەهەمـوو شـان و شـەپێلك و لەشـتـەوە بەشـی دەلنگێكی شـەرواڵەكـەم ناكـەی، جلوبـەرگـەكـانی تـۆش بەشی هیـچی مـن نـاكـا... ئەو پەڕەكـەی ئەو پەڕەكـەی وا تا پـەنجـەم هـاتن!؟... فـەرمـوو تۆ خـۆت چارەیەك بدۆزەوە...»

«كەواتا مـامـە گیـان ئەو بەڵێنەت چۆن دامێ؟ ئـەی نەتگوت هـەر داخـوازێكت هەبێ بەدی دەهێنم... فەرموو بەدی بێنە...»

شوانەكە بزەی هاتێ، گوتی:

«لاوۆ، داخـوازەكـەت هـەر ئـەوە نـیـیـە جلـوبەرگـێكی شـوانانەت وەچـەنگ كەوێ؟... كوڕێكم هەیە لە تەمەنی تۆدا، لە بەژن و باڵای تۆدایە... جلەكانی پڕ بە بەرتـن سـواری ئەسپـەكـەت بە، بڕۆین، بـا بچـینە ڕەشـمـاڵـەكـەمـان، جگە لەمـەش، وا پێ دەچێ زۆریشت برسـی بێ، ڕەنگە چوار پێنج ڕۆژیش بێ زادی زادەوارت نەچووبێتـە سـەر زار. وا دیـارە لاوی، زۆرت پێـوە دیار نییـە... خۆت بەلاوێنییـەكـەت بەخـێودەكـەی... بڕۆ بـا بۆ ڕەشـمـاڵەكـەم بڕۆین، زگـیـشت تێروتەسەل كە بەرگیشت بگۆڕە... نەختێكیشت ماندوێتی دەحەسێتەوە...»

شـوانە لە پێـشـەوە و كـوێرئۆغـڵی لە دوایەوە دایانكێـشـا بـەرەو ڕەشـەمـاڵ چوون... لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، لەم هـەڵەت بۆ ئەو هـەڵەت، ئەنجـا بەسـەر پردی ئاشێكدا پەڕینەوە... لە پاشـان چەند كەند و لەند و چیا و جـەنگەڵ و بەرد و

ئاوی تیـژڕۆی وەک بـایان بڕی و دەشـتـێکی ڕاسـتـانی بـەچیـمـەن و بژوێن بەدیارکەوت.

دەشتەکە سەوز سەوز دەچووەوە، گیاوگۆڵ و گوڵووک و وەنەوشە و پوونگ و نەعنا تا چۆکـان دەهاتن... لـە ناوەندی ئەم دەشـتـە پان و بەرینە سـەوزەدا ڕەشماڵێکی حەوت کەپکان قوت بووبووەوە. گەیشتنە ڕەشماڵەکە. ڕەشماڵەکە چ بەڕەشمـاڵی شوانان نەدەچوو. لە لایەک کیژی پۆشتە و پەرداخ، لە ئاڵییەک لاوی قـۆز و قـۆچاخ، ڕایەخ و مـافـوور لە هـەزار ڕەنگ و نەخش و نیگار... ڕەشمـاڵ ڕەشمـاڵ نەبوو تەلارێکی ڕازاوە بـوو بۆخـۆی. کوێرئۆغـڵی کە چاوی بەم هەیت و هووت و تەنتەنە و سەنسەنە و شان و شکۆیە کەوت هێندەی دیکە لەو ڕەفتاری لەگەڵ شوانەیدا کردبووی شەرمەزاربوو و لە خۆی تەریق بووەوە. کـوێرئۆغـڵـی کـە وەژوور کـەوت زۆریان ڕێز لێ گـرت. دەتگوت دەرەبەگـێک بەمیوانی چووەتە ڕەشماڵەکە نەک مێردمنداڵێکی هەرزەکاری هەژدە ساڵە.

کـوێرئۆغـڵی نانی خـوارد، ئەوجـا لە پاش خـۆش و بێش و خـێراتن کـردن، زۆری خەو دەهات، ماندوو بوو لێی نووستن.

کـوێرئۆغـڵی چەندین شـەو بوو نەنووسـتبـوو، ئەوی شـەوێ خـەوەکـەی زۆر خۆش بوو... سبـەینێ کە وەخـەبەرهات ڕوانی بـوخچـەیەک لە ژوور سـەرییـەوە داندراوە. بوخچـەکە دەستێ بەرگی تێدایە. بوخـچـەی کردەوە دەستێ بەرگی شـوانـانـەی تێـدابـوو هـەردەتگوت بۆ وی دووراوە، پڕ بەبـەری بوو. دەسـتـە بەرگەکەی لەبەرکرد کوتوموت لە کوڕە شوانان دەچوو.

کـوڕە خـەریکی خـۆ گـۆڕین بوو کیـژێک هات بەرگـەکـانی کوێرئـۆغـڵـیی لە بوخچە خست بردی دە تای هەگبەکەی خست.

شوانەکە لە کاتی بەڕێکردن و دوعاخوازیی کوێرئۆغڵێدا گوتی:

«لاوۆ، دەڕۆی ئۆغـرت خـێـر بێ، بەخـتت یاربێ. لەم پیـرە دنیـایـە چت بوێ دەیگەیێ.»

ئەم قسانە هەست بەشانازییەکی گەورەی بەکوێرئۆغڵی بەخشی.

شوانەکە هیچی لە کوێرئۆغڵی نەپرسی، کێیە؟ کێ نییە؟ لە کوێڕا هاتووە، بۆ کوێ دەچی، چ کارەیە، لە چ دەگەڕێ، حاڵێ، تەورێ، هیچی لێ نەپرسی، کوێرئۆغڵیش هیچی لە شوانە نەپرسی. ئەوەی بەخەیاڵدا نەهات کە شوانی وا لە دنیادا چۆن هەڵدەکەوێ و چۆنی لێ قوبووڵ کرد.

ئەمجا با وەڕسووڕێینەوە سەروکاری تێللی نیگار.

تێللی نیگار کوڕی وەزیر عوسمانلی داخوازی کردبوو. خاتوو نیگار چ بکا؟ براکەی، زۆرداری زۆرداران، بەگی بۆڵوو، داخوازیکەریش بەلای بەلایان، کوڕی وەزیری عوسمانلی، ئەمانەش زیڕووح ئاساییان لە بن دەست دەرنەدەچوو.

کیژە هێندێکی سەرکێشی کردبوو، گوتبووی ئەمن شوو ناکەم، هیچیشی لە کن کەس نەدرکاندبوو، گرێی ڕازی لە کن کەس نەکردبووەوە. هەرچی کوێرئۆغڵیش بوو خۆ ئەو هەر بەجارێ بەتەمای نەمابوو و لێی هەویابڕ بووبوو. تێللی نیگار تووشی بێ چارەیی خۆی هاتبوو و بەئومێدی کەسەوە نەمابوو.

چاوەنۆڕی ئەوەبوو ڕۆژێک لە پشت ئەو چیایانەی هەمبەرڕا هەڵێ. هەویای بەچیاکەی هەمبەر بوو. بیری لە کوێرئۆغڵی دەکردەوە. لەوێ ڕۆژێوە ڕۆیشتبوو، هیچ سەروسۆراخێکی نەبوو. داخۆ چیی بەسەرهاتبوو؟ مابوو، مردبوو؟ سەرەودەرەی لێ دەرنەدەکرد و کەسیش هیچی پێ نەدەگوت؟ چۆن هەموو کەسێ دەیزانی تێللی نیگار چەندی کوێرئۆغڵی خۆش دەوێ و لە سۆنگەی چی مێرد بەکەسێکی دیکە ناکا. جا ئەگەر تێللی نیگاریان بەزۆر لە کوڕی وەزیرە کەچەڵ مارەکردبا چی کردبا؟ چما بەنیشانکردنی قایل بووبوو؟ تێللی نیگار دەهۆیەکی لە بن سەردا بوو. نەیدەویست کەس لە خۆی وەخەبەر بێنێ، نەیدەویست کەس وەگومان خا. نیشانیش کراوە و سەرگەرمی خۆ تەیارکردنی بووکێنییش بوو، پیاوەکانی ئامادە دەکرد، ڕۆژ و سەعاتی هەلاتنی حسێب دەکرد. هەلاتن سانا بوو. لێ گیران ئاکامێکی دژوار و

ناخـۆش بـوو. چونکـە بەگـی بۆڵوو دەســتـی درێژ بـوو. بەســەر ئەو دنیــایەدا ڕادەگەیشت. خۆی لە بن باڵی باڵداردا وەشێردبا، چووبایە کونی مارەوە بەگی بۆڵوو دەری دێنا. لەبەر هەندێ دەبوو حسێبێکی زۆر وردی بۆ بکا.

تێللی نیگار هەر هـەڵپـە و ڕەنجـێکی دەدا لە پێناوی ئـەمـەدابـوو. تا ڕۆژی گـواسـتنەوەی چاوەنۆڕی شـتگەلێک، پەرجــووێکی دەکـرد. ئەگـەر هـاتوو پەرجووشـی بەدی نەهـات و عەلی رووشـەن پەیدانەبوو، تێللـی نیگار هەڵدەهات و وڵات بەوڵات دنیای پەی دەکرد تا ئەویندارەکەی دەدیتەوە.

«ئەگەر بـووبم بەپیـرێژن، پشـتم وەک کـەوان بـچـەمێـتـەوە، هێسکانم باریک بێتەوە، بیـنـاییم کزبـووبێ و هـەروا مابێتـمەوە هـەر کوڕی کوێرەم دەوێ و هـەر کـوڕی کوێرە، لەکـوێرئۆغـڵی بتـرازێ کـەسی دیکەم ناوێ... ئەگـەریش هاتوو کوڕی کوێرە مـردبوو، هەنگینێ سـوێند و بڕیە بێ تـا ڕۆژی دیوانێ دەسـتم لە دەستی هیچ نێرینەی خوا نەکەوێ وەک گۆشتی سەگ لێی حەرام بم.»

بەڵێ تێللی نیگار وای دەگوت و هیچی تر.

ئەسپەبۆرە وەک باڵدار کشا، بەرەو کەناری شاری بۆڵوو فڕی.

هەرکـە ئەسـپـەبۆڕە چووە نێو شـاری بۆڵووەوە کلک و گـوێی شـۆڕبوونەوە و بۆوە بەئەسپە کـەڕ و لاوازەکەی جاران. هـەر سـەیرت کـردبا بێزت لێ دەکردەوە و ڕشـانەوەت دەهـاتێ...

ئەگەر ئەسـپە باڵ سپییەکەی تۆزێ لەمـەوپێشت، کە لە شێر دەچوو. دیتەوە چ دەڵێی بڵێ. ئەم ئەسـپـە ئـەسـپـەکـەی جـاران نەبوو، نە... هـیچ شـتـێ لەم دنیایەدا هەیە بەو ڕەنگە بگۆڕێ؟

هەر تۆزێ، تـۆزێ لە ئەسـپـەبۆرەی جـاران چووبا پیـاو دڵی نەدێشـا، بەڵام ئەسپی تاین وای لێ بەسەرهاتبوو لە کەرە گەرێک جوێ نەدەکراوە.

شــەوبوو، کـوێرئۆغـڵی خـۆی بەخـانێکی لاچەپدا کـرد، هەر لە منداڵیـڕا ئاشنای ئەم خانە بوو. بەڵام کەس نەیناسییەوە.

لەم خـانە بیسـتـیـیـەوە کە تێللی نیگاریان بۆ کوڕی وەزیری عوسمـانلییـان

داخــوازی کــردووه. ســبــەی، دووەی هـەر بەو زووانـە شــایـی و زەمــاوەنـدی بۆ دەگێڕن. ڕوونە، دەمڕاست و ردێن سپی لە گوێ ئاوێک دادەنیشتن، هـاولفـتیان لەگەڵ هاولفـتان ناونووس دەکرد و بەئاویاندا دەدا. دیارە کیژە بەگیش هـەر لە کوڕە وەزیران مـارە دەکـرێ. ئەمـە بەبیری کێدا دەهات گـراوی کوڕی کوێرە بێ... بەگێ چاوی باوی هەڵکوڵـیبێ وەکـو لەگـەڵ باویشـی نەکـەوتبـا و هـەر لە بۆڵوو مابایەوە ئایا بەگ خوشکی خۆی بەکوڕی کوێرێک دەدا؟

کـــوڕی وەزیر چەلەبیـــیـــەک بوو لە چوکڵ و چیـــوی ڕووت، خـــۆ لـە ســەروســوورەتدا ئەوە لـە بێ بەشــان بێ بـەشــتــر بوو... بەڵام چ باکی بوو و بەتـەنگ چیـیــەوە بوو؟ باوکی وەزیرێکی زل و زەلامی عـوسـمــانلیــیــان بوو، گـەنجـینەکـانی پڕبوون لـە زێڕ و زێو و نەخـتـینە. بەگی بـۆڵوو پیـاوێکی وەکـو کــوڕی کــوێرەی بۆچی بوو. کــابرا دەیویـست ســامــانەکــەی دوو هێندە سێ هێندەی دیکە، پێنج هـێندەی دیکە زیاد بکا. پشـــتــیــشـی جـوان و زەریف بەعـوسمـانلی ببەسـتێ. جا هەل و دەرفـەتی لەمـە چاکتر بۆ ڕێک دەکەوت؟ خوای دەکرد کوڕی وەزیر شـەل و پەککەوتە دەبوو، یاڵڵای دەکرد شێت دەبوو، پیـرێکی کـەنەفت دەبوو، بەو چی؟ کـچێک نییـە؟ تو خـوا خـوشکێ لـە پێناوی برای خـۆیدا خـۆی بەخت نەکـا دەشێ پێی بگوترێ ئینسـان. هەرچی خـاتوو نیگاریش بوو چما کەس زاری دەیهێنا پێی بڵێ کیژە یا ژنە. ئەو لە شابازێکی ئازا و بوێر گەلێ ئازا و بوێرتر بوو. تیرە و ڕەگەمـای بەگی بۆڵوو ئینسـانێکی وایان هێشتا قەت لێ نەکەوتبووەوە. تێللی نیگار کێژێک بوو دەتگوت خوا هـەر بۆ پاتشــایەتی خـوڵقـاندبووی. توخـوا خـاتـوو نیگار شیـاوی وەزیرێکی وابوو؟ حــەیفــە دنیــا بـۆ ئەو کــەســانە بێ کــە هـەر دووگی چەور دەخــۆن و هـیچ بەخـەیاڵیـاندا نایێ کێ دەیکا و کێ دەیخـوا. بەگی بـۆڵووش ڕۆژێ لەم دنیـایە کۆچ دەکا... دەیزانی تیللی نیگار تا چ ڕادەیەک بۆ کـوڕی کوێرە سووتاوە. چ دەبوو لـە جـیــاتی ئەوەی بەکــوڕی وەزیرە کــەچەڵی دابا ســەروســۆراخـێکی کوێرئۆغـڵیی کردبا و دۆزیبـایەوە و خـوشکەکـەی لێ مـارەکردبا؟... ئـاخـر تۆ بەگێکی زل و زەلام هەی بەگی بـۆڵوو... تۆ چت لە کـوڕە وەزیر و کـوڕە پاتشـا.

وەرە مەردی خوابە تێللی نیگار لە کوڕی کوێرە مەکە و بیدەیێ. لە ناھەق چاوی باوت دەرێنا.

ئەگەر ئەمە بکەی تۆڵەی بۆ دەکەیەوە و خراپەکەشت دەسڕییەوە و دڵدار و ئەویندارانیش بەڕاز و دۆزی خۆیان دەگەن، ئەتۆیش خێری خێرانت دەگا. نابێ کارێکی وا بکەی ئەویندارا ن بەنامرادی و دەردی دڵیانەوە سەربنێنەوە؟ نابێ، نابێ، ئەم بەگانە پیاو نین، لە سوود و بەرژەوەندی خۆیان بەولاوە بیر لە کەس ناکەنەوە. ئەوە پیاوێکی خواسایی و ساویلکە بوایە خوشکی خۆی دەدایێ و بەولاتریشەوە...

دڵ و دەروونی پیاوی خواسایی و ساویلکە فرەوانتر و گەرم و گوڕترە، پڕە لە چاکە. بەڵام ئەم بەگانە لە نێو تیرەی ئینسانانندا دانوویان پێکەوە ناکوڵێ. دەوجا وەرن با ئێمەش لە بەگان ئۆمێدبڕ بین و بۆ خۆمان لە چارەسەرێک بگەڕێین. با ھەموو پێکەوە بزانین کوڕە لاوە وەک شووڵە باریکەکەی کوێرە چ دەکا؟

خۆ جارێ ئەوە پەسنی جوانی و بەدەویی خاتوو نیگار ھەموو زمانێکی لە ڕاست لاڵە: خوا خۆی ڕازاندووەتەوە، ئارایشتی خۆی داوە ئەنجا دروستی کردووە، دروستی کردووە، دروستی کردووە کردوویە بە سەرداری ھەموو جوانانی دنیا.

خاتوو نیگار جوانێک بوو، جوانێک بوو بەڕۆژی دەگوت ئەتۆ ھەڵمەیێ من ھەڵدێم. دەک لێلاییت دایێ بەگی زۆرداری بۆڵوو، توخوا پیاو بۆ ماڵی دنیا کیژێکی بەو بەدەوی و شۆخییە بەکوڕی وەزیرە کەچەڵێک دەدا؟ توخوا پیاو چۆن لە دڵی دێ کیژێکی وا لە باخەڵی کابرایەکی ڕیوەڵەی دارعاسا بکا؟

کوێرئۆغڵی ئەوێ شەوێ لە خانەکە نووست. نووست بەڵام خەو نەچووە چاوی. ئەو قسانەی بیستنیەوە ھیچیانی بەدڵ نەبوون. بەھەزار ھەراسانی و پەژارەوە ڕۆژی کردەوە، ئەو قسانەش کە سبەینێ بیستنییەوە بەجارێ بەندی جەرگی بڕین.

تەماشای کرد لە پێش تەلاری بەگی بۆڵوو قەرەباڵغی و هەرا و زەنایەکە مەپرسە.

یەکسەر تێ گەیشت ئەم قەرەباڵغییە چییە و بۆ چییە.

نەیپرسی، بەڵام لە خەڵکی بیستەوە.

گوتیان:

«ئەم قەرەباڵغی و هەرایە شایی و داوەتی تێللی نیگارە».

گوتیان:

«ئەمە لە بەگی بۆڵوو ناوەشێتەوە... میلیش بەچاوی باویدا بێنێ و لە دەسگیرانەکەشی بکا. لەگەڵ مرۆڤێکدا چۆن هێندە خراپە دەکرێ؟ وێڕای ئەوەش باو و کوڕ بەو چیایانەوە دەربەدەر کەی.»

گوتیان:

«ئەمە لەگەڵ بەگایەتییەکەشدا نارێکە و ناگونجێ و شیاوی مرۆڤایەتیش نییە.»

گوتیان:

«کوڕی وەزیرە کەچەڵ نە لەم شاییە و نە لەم کچە خێر نابینێ.»

ئەوە تێللی نیگارە نەک گاڵتە، بەگی بۆڵوویشت و وەزیرە کەچەڵیشت و کوڕەیشت و پاتشای عوسمانلیشت بۆ دەباتە سەر ئاو و هەروا بەتینوێتی دەیانهێنێتەوە و بەئاوەژوو کەوشیان پێ لە پێ دەکا.»

گوتیان:

«دەبینن تێللی نیگار چ دەک و دەهۆیەکیان بۆ دەنێتەوە...»

«دەهۆیەکی وایان بۆ دەنێتەوە لە هیچ دەهۆیەک نەچێ. ئەوە خاتوو نیگارە تەڵەیەکیان بۆ دەنێتەوە فەلەک ماشەڵڵای لێ بکا.»

«ئای داخەکەم، بریا یوسفەکوێر خۆشی دەستی لەم دەگ و دۆڵابەدا دەبوو

و ئەویش میچێکی لەم کایەیەدا هەڵدابا، بەڵام ئەو کەساسە هەڵات و پەنای وەبەر چیاکان برد.»

گوتیان:

«خوا هەقی ئاهی دڵدارانی بەخت ڕەش لە کیسەی بەگی بۆڵوو و پاتشای عوسمانلی ناهێڵێتەوە.»

«دڵنیابن تێللی نیگاریش بە ژنی ئەو کوڕە کەچەڵە چڵمنە دار عاسا لە ئومەت نەچووە نابێ.»

«دەهۆڵ و زوڕنا دەستی پێ کرد. لە لایەک لۆتی، لەلایەک دەنگبێژ، لە لایەک ئاشقان. قەرەباڵغییەکە تا دەهات زیادی دەکرد و پەرەی دەستاند، زرمەی دەهۆڵ و زیڕەی زوڕنا دەوروبەری دەهەژاند.

عەلی رووشەن چوو لە پێش شاییەکە ڕاوەستا لەو کاتەدا تێللی نیگار لە پەنجەرەڕا تەماشایەکی خوارێی کرد. کوڕی کوێرەی بەقیافەتی شوانانەوە لەسەر ئەسپێکی مردۆڵە بەدی کرد، قرچە لە جەرگیەوە هات. لە دڵی خۆیدا گوتی، نایناسنەوە؟ خۆ بیناسنەوە دەسبەجێ دەیکوژن! دەبوو چی کردبا؟ هیچی لە دەست نەدەهات. لە پاشان بیری لێ کردەوە، گوتی، نایناسنەوە. سازێکیش بەشانیەوە بوو، دەتگوت کوتومت ئاشقە. دەبوو جارێ چاوەڕێ بکا. بەڵام لە خۆشییان هەرئەوە بوو نەدەفڕی، پێی بەزەوی نەدەکەوت. ئەوجا هەرچی دەبێ با ببێ، عەلی مردنیشی خستبووە ئەولاوە، هاتبوو بیبینێ و هەڵی گرێ.

خاتوو نیگار بانگی کیژەکانی کرد:

«کچینە کچینە، هۆ کچینە... کچینە، کچینە، گیانە کچینە... جلوبەرگە هەرە جوانەکانم، جلوبەرگە بووکێنییەکانم بۆ بێنن... هەر ئێستا لەبەریان دەکەم، دەچمە دەرێ. شاری بۆڵوو کووچە بەکووچە دەگەڕێم. تا نەبوومە بەبووکی کوڕی وەزیرە کەچەڵ توخوا با تێر و پڕ سەیری خاکی باو و باپیرانم کەم.»

جله هەرە جوانەکانیان بۆ تێللی نیگار هێنا. بۆیان هێنا بەڵام سەریان لەم خۆشی خۆشییە بەجۆش و سەرومڕەی تێللی نیگار بەجارێ سوڕمابوو. چونکە چەند ڕۆژێ لەمەوپێش زاری بەکێرد هەڵنەدەپچڕا. ئەم لەپڕ گۆڕانەی چەندی بەچەندی بوو؟ قوشقی بوون.

ئەسپەبۆرە هات لە پێش شاییەکە، لەپێش تەلاری بەگی بۆڵوو ڕاوەستا، هەرکەسێ دیتی:

«فەرموو ئاشق فەرموو ئاشق.» لە هەموو لایەکەوە خوڵکیان کرد.

گوتیان:

«ئەم شاییە شاییەکە هەزاران ئاشق تێر دەکا. شاییەکە لەوەتا ڕووی زەوی ڕووی زەوییە تا ئێستا شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە. بەسەر شاییەکی چەور و قەڵەودا هاتی.»

رووشەن لە ئەسپەبۆرە هاتە خوارێ، خولام و نۆکەران ویستیان ئەسپەکەی بۆ لە تەویلە داکەن، بەڵام ئەسپەبۆرە دەستی بەسمکۆڵ کرد و غەزری نەچوو. کوێرئۆغڵی ترسا. لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەسپەبۆرە نەناسنەوە...

«ئەم ئەسپە ئەسپێکی زۆر سرک و سەرکێشە. هیزە تووشی شتێکتان دەکا، لێی گەڕێن. با خۆم دای کەم.»

ڕەجەب پاڵەوان هەبوو. چاوی بەئەسپەکە کەوت. تەماشای کرد هەر هێندەی گوێرەکەیەکی ماوەتەوە و بووە بەبارگینێکی سیسەڵەی ڕیوەڵە بۆخۆی.

«های لە ئاشق ئاغا، ئەمە تووشمان دەکا... هەر ئێستا کەحێلەکەت بەکۆڵمدا دەدەم، تا سەر ئاخوڕێی دەبەم، ناوەستمەوە...»

هەموو دایانە قاقای پێکەنین.

ئاشق پاش ئەوەی ئەسپەکەی داکرد، چووە بەر مەیدانێ، لەلای سەرووەوە دانیشت.

مەیدانەکە مەیدانێکی زۆر قەرەباڵغ بوو، کوڕی وەزیرە کەچەڵی دارعاسا ئاسایش لەوێ بوو. بەگی بۆڵووش لەوێ بوو، بڕێ ئاشقی پیر و لاوی لێ بوو. ئەوانی لەوێ بوون تەماشایەکی لاوێتیی کوڕەیان کرد، زۆریان بەشان و باهوویدا هەڵگوت. ئاشق چ لاو چ پیر ڕێزی لێ دەگیرێ... قەت خوا نەکا بکەویە سەرزاری ئاشقان. چ بکەوییە نێو قورتی سازەبۆرە و چ بکەویە سەرزاری ئاشقان هیچ فەرقێکیان نییە. بتەوێ لە دنیادا کارێکی چاک و پەسند بکەی هیچ مەکە بچۆ دڵی ئاشقێکی گەورەی خاوەن بەهرەوە، ئیتر بەستە.

ئاشق لە خۆش و بێشکردندا بوو سەری بڵێند کرد، سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد، بەڵام چ ببینێ. خاتوو نیگار سەرتاپای لە نێو ڕەنگی شیندا لە پێشەوە و کچان لە پشتییەوە بەلەنجە و لار دەڕۆیشت. سینگی وەکو سینگی کۆتر دەچوو... لێوی خۆ ئەگەر بڵێی... کۆێرئۆغڵی زۆری تەماشای تێللی نیگار کرد. ئاگرێ لە ناو هەناوی بەربووبوو هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا نەدەسرەوت و ئۆقرەی نەدەگرت، لە دڵی خۆیدا گوتی، دەک ماڵت کاول بێ نیگار. تومەز هێندەش جوان بوویی. جوانییەکەتم لە بیرچووەتەوە. دەک ماڵت وێران بێ، خانەت خرابێ بۆ خۆت و جوانیت. جارێکی ئاشق بووبوو، بەڵام ئێستا لە نێو ئەم هەموو شینایییەدا هەزار جاری دیکەی ئاشق بوو. گڕێکی وا لە هەزار و شێست دەماری بەربوو مەگەر سووتمانی جەنگەڵ بەو چەشنە بێ. سووتمانێ کە بەڕەشەباوە بێ... کوێرئۆغڵی ئیتر ڕانەوەستا... چ دەبێ با ببێ خوای دەکرد دەیانناسییەوە، دەیانکوشت، نەدەوەستا... خوایە دەستت بەبالای شێت و شوورەکەوەت بێ، ئاگات لە کوێرئۆغڵی بێ...

کوێرئۆغڵی گوتی:

«ئاغایان، بەگان. گوێدێرن، بەندێکم بەسەر زارەوە دەگەڕێ، زارم دەسووتێنێ ئیزنم بدەن بیڵێم.»

سازەکەی لە کیف دەرێنا، یەکسەر هاتە سەر چۆکان. بەمیزرەب بەربووە

تاران، با بزانین چ دەبێـژێ لە بەیت و بەندان. چاکـتـری بلـێین با چاخ بێ دەماخی گوێدێران.

له چۆڵان جوانێکم دیت
ئاڵی بەسەر شیندا دابوو
ئاڵ لەبەر دایک و خوشکمە
تەنیا شین لەبەر شین لەبەر
یەک مرواری بۆ ڕیز دەکا
یەک لە بەستان دەگەڕێ
یەک بەختم دەشێوێنێ
تەنیا شین لەبەر شین لەبەر
کوێرئۆغڵی دەڵێ ئەوی بۆی دەمرم
ئەوی بەگاوگەردوونی بەژنی دەبم
ئەوەیە لەسەر کانی دیتم
تەنیا شین لەبەر شین لەبەر

بەندەکە بڕایەوە، بەڵام تێللی نیگار کە لە دەرێ وەستابوو، گوێی لەو بەیت و بەندە بوو، جەرگ و هەناوی تواوبووەوە خۆی نەگرتبا وەخت بوو دەستی لە ملی کوێرئۆغڵی کردبا. کوڕی وەزیرە کـەچەڵ لە دەرێ چاوی لە تێللی نیگار بوو، کە گوێی لە ساز و بەیتەکەی کوێرئۆغڵی بوو، مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ چی بەسەر هاتبوو، لە ڕکان هەستا زریکاندی:

«قسان داوێ، پلاران داوێ، ئەم سەگە قسان داوێ بۆ تێللی نیگار، دەری کەن، وەدەری نێن. ئەم سەگی لە سەگ بووە کڕ کەن.»

کوڕە وەزیر قیژە قیژی بوو، کوێرئۆغڵی هەستا، بەرەو دەرێ چوو، خەڵکەکە هەڵیان دایێ، گوتیان:

«کوڕە وەزیر، کوڕە وەزیر، تۆ کوڕە وەزیرێکی گەورە و گرانت پێ دەڵێن،

بەڵام سەرت لە هێندێ شتان دەرناچێ، تۆ نازانی زمانی بەرەی ئاشقان لە کۆت و زنجیران نادرێ. دار و بەرد، ئاوی ڕەوان، دەریای بەجۆش دەبەسترێ، بەڵام زمانی ئاشقانت پێ نابەسترێ.»

کوێرئۆغڵی هەرکە زانی کوڕی وەزیرە کەچەڵ سۆسەی شتێکی کردووە، بۆ پێش لێگرتنی لە خوارێڕا بۆی چوو گوتی:

«میرم، گەورەم، ئەمە چۆن قسەیەکە لە زارت دەردێ؟ من ئاشقێکی غەریب و بەلەنگازم. بۆیە هاتووم. چەند قورۆشێکم لە سای سەری مبارەکی ئێوەوە دەس کەوێ.»

پیر و ڕدێن سپییان زۆریان لەبەر گران بوو:

«ئەمە چۆن پیاوێکە... دیارە نازانێ بەرەی ئاشقان نابێ کەس خۆی لە قەرەیان بدا. قەلەڕەشی سەر گووفەکان چوزانێ قەدری گوڵەباخان. لەپاشان ئەوەی دەست بەسەر بەگایەتیدا بگرێ زۆردار دەبێ، قەدری عێل و هۆزان لە کوێ دەگرێ.»

پیرەکان تێکڕا هەموو بەیەک دەنگ گوتیان:

«لە کوێ دەگرێ.»

کوێرئۆغڵی لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ڕاوەستە بۆم کوڕی وەزیرە کەچەڵ، ڕاوەستە بۆم ڕاوەستە نەختێ سەبرکە. جا بزانم چی بەسەر ئەو سەرە هێلکەیەت و لەشە دارعاسایەت بێنم... زەبر و زەنگت تێ دەگەیێنم. جا ئەوسا تا ماوی بەست بێ. سەبرم لێ بگرە تا پەڵێکت بەبن هەنگڵیدا بسرەوێنم تا دەمری بەژان و ئازاریەوە بتلێیەوە. ئەگەر لە بیریشت چوو لە سەرەمەرگ و گیانەڵادا لە بیرت بچێتەوە.»

ئیدی کارەکە بەم جۆرە دیزە بەدەرخۆ نەکرا. تێللی نیگار لەوە ئاگادار بووەوە کە ناپەسندییەک لە ژوورێ ڕووی داوە، بۆ ئەوە شتەکە نەتەقێتەوە لەوێ دوور کەوتەوە.

خەڵکەکە هەموو گوتیان:

«گـوێـی مــەدەیێ ئـاشق، بەگ كــورە وەزیر... ئەو ئـاوازەی تۆ هـەتـە نە بلـبل نەهیـچ پەلەوەرێكی دەنگخـۆش نـیـیـانە. ئاوازت هـێندە بەسـۆزە دار و بەرداون دەتوێنێـتـەوە. ئـەم كـۆشـک و تەلارە زۆری ئـاشـقـان بـەخـۆیەوە دیوە، بەڵام تا ئێستا ئاشقێكی وا دەنگخۆش و دەم و دوو شیرینمان نەدیت لاوۆ. گوێ مەدە كورە وەزیر، لـە داو و دەسـتووری ئەم وڵاتە شـارەزا نییـە. گـوێـی مـەدەیێ زۆر هـەرزەگۆیە.»

تا نیـوەشــەوێ گـۆرانیی چڕی و سـازی ژەند و ڕای بـوارد. هـەمـوو كـەس لە ئاشق مەمنـوون بوو. تەنانەت بەگی بۆڵوو بۆ خۆی بەكیسە زێڕی پـێ بەخشـی. كوڕی وەزیرە كـەچەڵیش كە ئەمـەی دیت خـۆی لە بـەگ بەكـەمـتر نەزانـی، پێنـچ كیسە دراوی هەڵدایە پێش ئاشقی لاو.

كوێرئۆغڵی بوو بەخاوەن دراو و زێڕیش.

هـەركـەسـە بۆ جێگـەی نووسـتنی خـۆی چوو، ژوورێكی گـەورەیان لە تەلاری بەگدا بۆ كوێرەئۆغڵی ڕازاندبووەوە. دۆشەكی نەرم و نۆڵیان لە بۆ ڕاخسـتبوو، بەلێـفـەیەكی بەر ئەتڵـەس دایانپـۆشـی. ئەو سـەردەمـانە ئاشـقـان بەم جـۆرە ڕێزیان لێ دەگیرا.

كوێـرئۆغڵی لە نێـو پێخـەفێكدا ڕاكشابوو، بەعومراتی شـتی وای نەدیتبوو. بەڵام هـێنـدەی نووكــە دەرزییـــەكی خـــەوی نەچووە چـاو، نەنـووست. دەتگوت هـەرچی ئەسپێی برسـی و كێچی هـار هـەبوون چووبوونە ناو لەشییەوە و هـەموو ئازای گـیــانـی ونجـڕنجـڕ دەكـرد. تا سـبـەینـێ ئەم دیـو و ئەودیوی كـرد. بۆ هـەڵگرتن و ڕفاندنی كچە چەندین نەخشـە و ڕێگەی كێشا و هـەڵی وەشـاندنەوە، بۆی جێبەجێ نەكرایە مـانای ئەوەبوو تازە پێوە بووبوو و كاری كرابوو، لەگەڵ خاتوو نیگاری دەرگیستیشـیدا شـاد و شوكور نەدەبووەوە و بەم تەمەنەوە، بەم لاوێتییەوە بەنامرادی دەچووە ژێر خـاكی ڕەشەوە... لە كەسـیش نەدەترسـا، لە ڕەیحـان عارەب دەترسـا، لە ڕەیحـانی بێ ئیمان دەترسـا. ئەسـپەبۆرەی گرتبـا كاری تـەواوبوو. ئەمجـا سێ و دووی لێ نەدەكرد بەكوشـتن دەیكوشت. تۆ وەرە

چی بەخۆی کرد، چ کارەساتێکی بەسەرخۆی هێنا، بلێ ئەوسا بۆچی کابرای وەکو کار سەرنەبڕی و لە خوت و خۆڕایی وازی لێ هێنا. بەڕاستی کۆسپێکی گەورە و هەڵدێرێکی تووشی لەپێش بوو. وەچەنگ ڕەیحان کەوتبا وازی لێ دێنا؟

ملی دەگرت وەک ملی کەڵەشێر هەڵی دەکێشا. باشە ئەو چی گوتبوو کە وازی لێ هێنا... ئایا کابرا خاوەن بەڵێنی خۆی بوو؟ ئایا گفتی پیاوان بوو و بەجێی دەهێنا؟ جارێکی دیکە وەدووی نەدەکەوت؟ ئاخۆ وەدووی کەوتبا و گرتبای بەرەڵڵای دەکرد؟ ڕەهای دەکرد؟

هەرچی دین و ئیمان بێ لەو کابرایەدا نەبوو. دەیشیگرت و دەیشیکوشت. ئای ڕەیحانی زۆردار و زاڵم... خۆ دۆستێکی گیانی بەگیانی باویشی بوو، ئەی نەیویست بیکوژێ؟ لە دڵی خۆیدا بەخۆی گوت، لەگەڵ بەرەبەیاندا، لە مردن مەپرینگێوە، هەرچی لە نێوچاوانی ئازایاندا نووسرابێ دەبێ وەدی بێ.

ڕۆژ بووەوە، ڕۆژی خێر لە هەمووان بێتەوە. خۆر سەری لە چیا بڵێندەکانڕا وەدەرخست. زەرد و ماهان بەرگی ڕەنگاوڕەنگیان پۆشی، تەیروتوو هەریەکە بەزمانی خۆی دڵداری خۆی گاز دەکرد. کوێرئۆغڵی ڕاپەڕی لە نێو جێیان وەدەرکەوت. شەوێ نەنووستبوو. هێند مۆن و درژ بوو، هەرچی لەسەر ڕووی کەوتبا خوارێ هەپروون بەهەپروون دەبوو.

کوێرئۆغڵی هەرکە هەڵستا و هەڵنەستا، مەیتەران سەرلەبەر بەهەڵەداوان هاتن، گوتیان:

«ئاشق ئاغا ئەم ئەسپەی تۆ شێتە؟ چییە؟ خۆ نایەڵێ کەس توخنی کەوێ. ئەوی لە پاشەوە بۆی دەچێ بەجووتە دەیکوژێ، ئەوی لەپێشەوە بۆی دەچێ بەقەپ هەڵی دەدڕێ. ئەسپێکە لە هەزار جانەوەری دڕ دڕترە. لێمان ببوورە. نە توانیمان ئالیکی بدەین، نەتوانیمان ئاوی بدەین ئەسپەکانی دیکەمان هەموو ئالیک دان، ئاو دان، تیمار و دەسماڵمان کردن، بەڵام ئەمەی تۆ نەیهێشت لێی نزیک کەوینەوە. ئەم کەحێلەیەی تۆ نەک ئێمە، یوسفی مەیتەریش بێ ناتوانێ

توخنی کەوێ... هەر هێندەی کەرە گەڕێکیشە، چکۆڵەیە. ئەمە چ دەعبایەکە؟»

کـوێرئۆغـڵی هیـچی نەگـوت. مـەیتـەرەکـانی هەمـوو دەناسـین. بەمـەدا کـە ئەسـپـەبۆرەیان نەناسیـبـووەوە وا دیاربوو، وا خـۆی لێـیان گۆڕیبـوو بەجارێ بووبوو بـە شـتـێکی سـەیر و سـەمـەرە. چووە کن ئەسـپـەبۆرە. جـا بەڕاسـتی ئەسپـەبۆرە هـەر هێندەی بزنێکی مـابوو. کوێرئۆغڵی کە چاوی بەم حـاڵە کەوت ڕاچڵـەکی. شـتی خـراپی بەبیـردا هات. لە دڵی خـۆیدا گـوتی، تۆ بڵـێی ئەسـپـەبۆرەیان دزیبێ و ئەم بزنەیان لە جێ دانابێ؟ تۆ بڵـێی بەگی بۆڵوو ناسیبێتیەوە و خـەریکی داو و دەهۆیەک نەبێ؟ بەم دوودڵی و گومـانەوە چووە کن ئەسـپـەبۆرە. ئەسـپـەبۆرە لـووێکی شـینی بەبنـاگـوێی ڕاسـتـەوە بوو، هەر هێندەی مووروویەک دەبوو و نەدەبوو. لووێکی شین شین، وەک کووژەکەی شین دەبریقـایەوە. کـە چاوی بە لووەکە کـەوت زانی ئەسـپـەبۆرە خـۆیەتی. لێی نزیک کەوتەوە. زۆر بەڕێزەوە هەردوو چاوانی ڕامووسی. ئالیکی دایێ، ئاوی دا.

ئەسـپـەبۆرە لە کـوێرئۆغـڵی بەولاوە نـەیدەهێـشت کـەسی دیکەی لـێ نزیک کەوێتەوە. متمانەی بەکەس نەبوو.

لە پێـشـەوە گـوتمـان، با جـارێکی دیکەشی بڵـێـینەوە. لەم داسـتـانەدا کوێرئۆغڵیمان چەند لە کن زلە دەبێ ئەسپەبۆرەشمان بەو ئەندازەیە لە کن زل و گـەورەبێ. کـوێرئۆغـڵی بەبێ ئەسـپـەبۆرە مـێـردمنداڵێکی هەژاری دەستەپاچەبوو.

ئەسپەبۆرە باڵی هەبوو. جووتێ باڵی پێوە بوو... باڵەکانی بەدەرەوە نەبوون لە بن تووکـاندا دەیشێـردنەوە، هەر کـە غـاری دەدا دەکرانەوە، وەکو خـێوەت دەوروبەری خۆی دادەگرت. پیـاو کە چاوی بەم بـاڵانە دەکەوت سیـحری بەتاڵ دەبووەوە. ئەسپەکە ئیـدی غاری نەدەدا. هەر بۆیەش بوو نەیدێشت کـەسی لێ نزیک کەوێتەوە، نەبادا دوونگەی باڵیان کردبا و پێیان زانیبا.

با زۆر بـەتانی قـسـەدا نەڕۆین. داوەت و شـایی لۆغـان دەسـتی پێ کـرد، هـەرکـەسـە سـواری ئەسـپی خـۆی بووبـوو، بەسـەڵەف و غـاردانێ ئەم سـەر و

ئەوسەری دەکرد. کوێرئۆغڵیش ئیشارەتێکی بۆ ئەسپەبۆرە کرد... ئەسپەبۆرە دەستبەجێ لە کلێشەی کەرەگەڕ هاتەدەر و بووەوە بەئەسپەبۆرەی گۆرین. ئەسپەکەی بەرەو چیاکان ئاژوا. لەو چیایانە لە ئەسپەکەی هاتە خوار و شمەکەکانی خۆی لەبەر کرد. لە جاران چابک و بۆشناختر دەرچوو. بەرگە شوانانەکەشی خستە تای هەگبەکەیەوە و ئەسپەبۆرەی بەرەو مەیدان تاودا... دەوجا ئەگەر ئازای ئەو ئاشقە بارگین گەڕەکەی چووبووە کلێشەی شوانەوە بدۆزییەوە.

کوێرئۆغڵی کەڵەمێردێکی ئازای وابوو کەس چاوی لەبەر هەڵنەدەهات. هەرکە چووە بەر مەیدان و نەچوو خەڵکەکە سەرلەبەر ئاوڕیان لێ داوە و واقیان وڕما... جا بەڕاستی کوێرئۆغڵی سەرەڕای ئەو هەموو قۆزی و ئازایەتییەی لە لکە نەمامی بەهارێ دەچوو. هەندێک سۆسەی ئەم کەڵەمێردەی کرد و ناسییانەوە، لە دڵی خۆیاندا گوتیان، ئەم کوڕە شتێکی بەسەر نەیێ، ئیدی هەر وەخت بوو لە تاوان شێت بن. جا بەڕاستی هاتبا بەگی بۆڵوو بیناسیایەوە سێ و دووی لە کوشتنی نەدەکرد. لە دەستی هاتبا بەو ڕۆژی شایی و زەماوەندە لەو مەیدانە دەیگرت و لەتوپەتی دەکرد. بەڵام بەرەکەت دا قەتی ئەوە بەبیردا نەهاتەوە کە ئەم لاوە شۆڕ سوارە هەتیوەکەی یوسفە کوێرە.

کەژاوەی بووکێ بەتوول و گوڵان ڕازاندرابووەوە و لە پێشەوە دەڕۆیشت. سوار دەوروبەریان وەکو تەیمان و پەرژین تەنیبوو. شاسوار کێیە؟ کوڕی وەزیرە کەچەڵە، هەتیوە دارعاساکەی وەزیرە کەچەڵ لە ترسان خۆی بەسەر ئەسپەکەیەوە نەدەگرت و قوونی لەسەر زینەکە توێتکەی نەدەگرت. هەر بەئاستەم وێی کەوتبای دەکەوت. کوڕە ئاخر هەی سەگی کوڕی سەگ، تۆ چت لە بووکێکی وەک تێللی نیگار. تیشکی ڕووناکی تێللی نیگار خۆ بەجارێ چاوە کوت و کوێرەکانت هێندەی دیکە کوێرەوارتر دەکا. ئاخر تۆ کەی هاولف و هاوتای ئەوی هەی لە دڵ و دەروون بێوەر، هەی لە سەروسوورەت بەری، هەی دەست و پێ سپی، هەی گەڕی لووت بەشۆڕابە... هەی هەی هەی کوڕی هەی

هەی... دەک دنیـا وێران بێ و بەناخی ئەرزا چی، بچی و بچی و بەر تووک و نەفرین کەوی. ئەمە کوڕە وەزیرێک نەبووایە دەیتوانی توخنی تێللی نیگار کەوێ؟ دەیتوانی دەستی لە پەنجەیەکی بکەوێ؟ دەیتوانی بەتیلی چاوان تەماشای دەسگیرانی جوامێرێکی وەک کوێرئۆغڵی کردبا؟

کوێرئۆغڵی بەکاوەخۆ ئەسپەکەی بەرەو نێو شاییی بووکێ ئاژوا. بەگی بۆڵوو لە ناوەندی شایی و زەماوەندەکەی بووکێ دەڕۆیشت. لێی نزیک بووەوە، گوتی:

«بەگی بۆڵوو، بەگی بۆڵوو، ناسیتمەوە؟ من کوڕی یوسفە کوێرم. ناسیتمەوە؟ ئەم بووکەش کە دەڕوا و تێللی نیگاری نێوە، دەرگیستی سەر بێشکەمە. دڵدارێکی گیانی بەگیانیمە لەبیرتە؟ تۆ لە خوا ناترسی؟ لە پێغەمبەر شەرم ناکەی؟ ئەم دەسگیرانەی سەربێشکەی منە بەکوڕی وەزیرە کەچەڵ، بەم لە ئۆمەت نەچووە دەدەی؟ هاتووم دەسگیرانەکەم ببەم. بێ دەمەقاڵی و قڕەوبڕە دڵداری خۆمم بدەیێ بڕۆم. بمدەیێ بڕۆم. نامەوێ لە ڕۆژێکی وادا کە لەگەڵ دڵدارمدا شاد و شوکور دەبینەوە خوێن بڕژێ.»

بەگی بۆڵوو بەجارێ سەری لەم کارە سوڕما. بەچاوێکی تیژەوە سەیرێکی کرد، بەڵام چ ببینێ، جا بەڕاستی ئەم لاوە عەلی رووشەنی کوڕی یوسف بوو... دەسگیرانی خوشکی بەگیش بوو... ڕۆژێکیان بەگی بۆڵوو لە گەرمەی کەیفسازیدا خوشکەکەی بەکوڕی یوسفی مەیتەر دابوو، ئەو یوسفەی کە جوانترین ئەسپ و ماینی بۆ وەدەس هێنابوو و لە ئاهەنگێکی خۆشدا کچەیان بۆ نیشان کردبوو. لە پڕ هەردوو چاوی پڕبوون، بەڵام زوو خۆی گرت. هەرزەکارێکی هێندەی بستێ بەچ هەقێکەوە دەهات لە ناوەندی شایی و زەماوەندا داوای کیژێکی دەکرد کە بۆ کوڕی وەزیری عوسمانلی بەبووک دەچوو! لە تووڕەییان چاوی چووە پشتی سەری، گوتی:

«کوڕە برۆ بەولاوە هەتیوە ڕووتەڵە، خۆ کچ وشتر نییە لە دوو جێیانڕا سەرببڕدرێ. لاکەوە هەی بێ شەرم. کوڕە خۆڵامینە، ئەو بێ ئاکارە بگرن و لە

هەر لێرە لەسەری دەن خێراکەن، دەی بیگرن.»

کوێرئۆغڵی دانەوییەوە، سەری بەبناگوێی ئەسپەبۆرەوە نا و چەند شتێکی بەگوێیدا چرپاند. ئەسپە لەسەر هەردوو پاشووی ڕەپ ڕاوەستا. هەروەکو و تیر لە کەوان دەرچێ بەو چەشنە ڕاپەڕی، جارێ بەلای ڕاستدا، جارێ بەلای چەپدا، هەر کەسێ بەتەنیشت کەژاوەکەی بووکێوە بوو لێی هەڵەنگوت، خستی... هەندێک هەر بەبای باڵی ئەسپەبۆرە پشتەوخواربوونەوە، هەندێکیش لە ترسی نەڕەی ئەسپەکە وەختا بوو زراویان بتەقێ، هەڵاتن. ئەسپەبۆرە کەوتبووە نێو قەرەباڵغییەکەوە، هەندێکی بەقەپ دەگرتن لێرە بۆ هۆ وێی تووڕهەڵدەدان، هەندیکی بەجووتکە لەگەڵ زەویدا مشت دەکرد... ئەوە جگە لەوەی کە هەرچی لە پێشەوە بۆی دەچوو بەچەپۆکان دایدەپاچی و هەرچی لە پاشەوە بۆی دەچوو بەجووتکان دەیکوشت... ئەو ناوە بووبوو بەتۆز و خۆڵێکی وا چاو چاوی نەدەدیت. لە ناکاو ئەو ناوە بوو بەمەیدانی شەڕ. سەرشکاو و دەست و قاچ شکاو لە ژمارە نەدەهات... لەبەر ناڵەناڵ و نکەنکی گلاو لەو مەیدانەدا پیاو بەرپێی خۆی نەدەدیت. حیلەی ئەسپان، هاوار و لرخەی سواری گلاو، رینگ و هۆڕی شیرەشکاو و ڕمبان دنیای پڕ کردبوو... خاتوو نیگاریش وەکو ئەستێرەیەکی گەشی شین لە نێو کەژاوەکەیدا دەچریسکایەوە و لە خۆشییان هەرئەوەبوو شێت نەدەبوو. تەماشای کوێرئۆغڵیی دەکرد چۆن مەیدانی شایی و زەماوەندەکەی پەرێشان کردبوو.

کوێرئۆغڵییە، ڕووانییە کوڕی وەزیرە کەچەڵ، کوڕی وەزیرە کەچەڵ گوتی:

«ئەرێ ئەوە پیاوێکیان تێدا نییە؟ کوڕە پەلامارێکی ئەم ئاشقە شێتە بدەن، بیگرن، بیکوژن...»

کوێرئۆغڵی لەپی بەلەپیدا دا و دایە قاقای پێکەنین:

«کوڕە هەی لالاکەوی و ئەستۆت ورد بێ کوڕی وەزیرە کەچەڵ بۆچی تۆ خۆت پیاو نی؟»

کوێرئۆغڵی لە کەژاوەکە نێزیک بووەوە لە پیلی تێللی نیگار نەوی و

هەڵیداشتە تەرکی ئەسپەبۆرە. بەکەنینەوە گوتی:

«وەرە نیگار، تۆیان بەپیرێژنێ داوە نەک پیاو.» دەوجا خوایە ئەوە کوێرئۆغڵی شێت و هارە و مەگەر خۆت بیسرەوێنی. مامزەیەکی ژەهراویی لە تەنگەی ئەسپەبۆرەوە ژەند، ئەسپی تاین شیری بەر دایکی پڵێت پڵێت لە لووتی هاتەوە. ئەوان بەدوویەوە بوون.

«کورە فڕاندی، کورە بردی، هیزە بیگەنێ، کوڕە هەڵات، کورە پیاوی چاک بن لە دەست دەرچوو.»

هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو ئەسپەبۆرە باڵی کردەوە و لە چاوان ون بوو و ڕۆیشت. سوارەکانی بەگ لەوێدا حەپەسابوون و وەکو بێ زمانان لێکدییان دەنۆڕی. کوڕی وەزیرە کەچەڵیش لەو ناوە هەر دەیگوت و دەیشاتاند:

«کورە بردی، کورە ڕفاندی، کورە هەی واوا لێ کراوینە ئەوە پیاوتان تێدا نییە؟ کورە ئاخر چۆن دەبێ ئاشقێکی شێت لە نێو سەدان سواردا بووکی من بڕفێنێ... کورە دوای کەون، ئەوە بۆ وەستاون... هەتیو بنیشنە سەری... کورە چەنگ لەسەرشان هەڵی بڕن... کورە بەهەزار وەڵڵا وا هەڵات، ڕۆیشت... کورە زووکەن... هەتیو دەستوبردکەن، دەنا نایگەنێ... خێراکەن...»

سوارەکان، بەگی بۆڵوو بۆ خۆی، سەریان لەم کارەڕاتە سووڕمابوو. لەجێگەی خۆیان ڕەق ڕاوەستابوون، بستێ نەدەبزووتن.

کوێرئۆغڵی هەرکە وەسەر چیا کەوت سەیرێکی خوارێی کرد، ڕوانی شاییکەران تەندوورەیان بەستووە و بەدەوری خۆیاندا کۆبوونەتەوە و هێشتا هەر دەنگی های و هووی دەهات و دەوروبەریان بە ها بیگرن کورە بیگرن کەڕ و کاس کردبوو.

کوێرئۆغڵی بابی وەسیەتی بۆ کردبوو: جگە لە چامڵی بێل نەدەبوو لە هیچ جێگەیەکی دیکە مەنزڵ بگرێ... سەری ئەسپەبۆرەی بەرەو چامڵی بێل وەرچەرخاند. خاتوو نیگاری هەڵداشتبووە تەرکی ئەسپەبۆرە، دەوجا ڕێگا بێنە و بەشی ئەسپەبۆرە بکا؟ ڕێگا قات قات چین چین پەی کرا، زۆر ڕۆیشت

کەم ڕۆیشت، کەم و زۆر خوا خۆی دەیزانێ، سبەینانێک لە دووررا چامڵی بێل بەمله و سەرکەلەکانیەوە، بەلێرەواره بەهەشت ئاساییەکانیەوە، بەکانی و کانیاوە پڕ وەنەوشە مۆرەکانیەوە بەدیار کەوت. دەمەدەمی ئێواری بوو. لە سەر کانیاوێکی ساردی پوونگ و نەعنادار دابەزین. کوێرئۆغڵی گوتی:

«جاری با لەسەر ئەم کانیاوە بنووین، بۆ سبەینێ خوا گەورەیە، هەزار دەرووی هەیە. لە چامڵی بێل باروبنەمان دەخەین. لەوێ مەنزڵ دەگرین. تۆڵەی باوم بەتەواوی دەکەینەوە.»

کوێرئۆغڵی ئەسپەبۆرەی لەولاوە بەدارێکەوە بەستەوە، تیماری کرد، ئالیکی دا، ئاوی دا. ئامۆژگارییی باوی بوو، ئەگەر هەردوو دەستی تا ئانیشکانی لە خوێنیشدا بوایە، لە گەرمەی شەڕدابایە، لە ئاشقێنی و شەو ڕامووساندابایە، سەری بەهەزار کێشە و گێچەڵەوە بوایە، دەبوو لە پێشی پێشدا حەسانەوەی ئەسپەبۆرەی دابین کردبا و ئەنجا لە پاشان مشووری ڕەحەتی و حەسانەوەی خۆی خواردبا.

خاتوو نیگار کاتێکی کوێرئۆغڵی بەئەسپەبۆرەوە خەریک بوو، لەسەر کانیاوەکە بەتەنێ مابووەوە، بیری لە بەسەرهاتەکانی دەکردەوە. لەجیاتی ئەوەی ئێستا لە کۆشک و تەلاری وەزیراندا هێوریبا، لەسەر کانیاوێک گیرسابووەوە. وێڕای ئەوەش دەسگیرانەکەی کە لە ڕۆحی خۆی خۆشتر دەویست خۆی تێ نەدەگەیاند و تەنانەت ئاوڕێکی لێ نەدەدایەوە، هەر خەریکی ئەسپەبۆره بوو.

کوڕە لە کارەکەی بووەوە هات، گوتی:

«ئەوە خێرە بەگزادە وا مۆنی و درژی دای گرتووی، خوانەکردە هیچی وامان لە دەست قەوماوە دڵتانی پێ بشکێ؟»

تێللی نیگار بەنابەدڵییەوە گوتی:

«نەخێر، هیچ نەبووە.»

«چۆن هیچ نەبووە؟ سەر و سوورەتت هێند مۆن و درژە هەرچیی لەسەر

هەڵخلیسکێ هەپروون بەهەپروون دەبێ.»

«ئەمن قسە لەڕووم، بەئاشکرا قسان دەکەم کوێرئۆغڵی. بەئاشکراش ڕازی دڵم دەردەبڕم. ئەو ڕەفتارەی ئێستاتم هیچ پەسند نەکرد. بە شیاوی تۆم نەزانی. ئێمە سالانی ساڵە، بەتاسە و خواخوای یەکەوەین، لە پاشان بێینە سەر ئەم چیایە و تۆش لەسەر ئەم کانیاوە دامنێی و بەجێم بێڵی بچی خەریکی ئەسپەکەت بی. ئەوە نەدەکرا یەک دوو دەقیقەیەک دانیشتبای و خۆش و بێشێکمان پێکەوە کردبا و ئەنجا مشووری ئەسپەکەت خواردبا؟ بەڕاستی زۆرت دڵ ئێشاندم کوێرئۆغڵی، ئاکاری وام لە تۆ چاوەنۆڕ نەبوو. پیاوی ئازا لەگەڵ ئازادا، لەگەڵ دڵداری خۆیدا بەئوسووڵ و زیرەکانە دەجووڵێتەوە. پیاو کە ئینسان نەبوو، چاوی جوان، برۆی کەوان بەژنی نەمام بەزۆر کەسانەوە هەن. مرۆ دەبێ بەدڵ و دەروونییەوە، بەعالیجەنابی و ناسکییەوە مرۆ بێ. تۆ جاران وا نەبووی. چیاکان لێیان کردوومی بە کێوی. بەم زووانە لێم نەبی بەگورگی هەردان.

«بەگزادە ئەم قسانە لە ناهەق دەکەی. لە ناهەق ئەم قسانە دەکەی تێللی نیگار. بەبێ ئەوەی لە سۆنگە و بۆنە بپرسی قسەی قورس و گران دەکەی خاتوو نیگار. وەسیەتی باومە: ئەگەر هەردوو دەستم لە خوێندابێ، نەخۆش بم، لەسەر جێگەی مردن بم، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا مشوور و هۆڵی ئەسپەبۆرە بخۆم و حەسانەوەی ئەو دابین کەم، ئینجا مشووری خۆم بخۆم. لە دڵی مەگرە تێللی نیگار، ئەمن بەرامبەر بە تۆ چۆن هەلان دەکەم! چەندم لە دەست بێ، ئەوەندی توانم پێدا ڕاشکێت بەرێزەوە دڵت ڕادەگرم. لەسەر تۆقی سەرمت دادەنێم.

تۆ بینایی دییەکانمی، سۆمای چاوانمی... بێ تۆ هەڵناکەم.»

تێللی نیگار کە لە مەسەلەکە حاڵی بوو دڵی ئاشت بووەوە. کەواتا کوێرئۆغڵی پشتگوێی نەخستبوو، وەسیەتەکانی باوی بەجێ هێنابوو. بزەی هاتێ. کوێرئۆغڵی بەدوو قسان دڵی دابووەوە. هەر بۆیەکا هەستی بەشانازیش کرد.

مانگەشەو بوو. کانیاو قوڵەقوڵی بوو، ئەرز و ئاسمان بەبۆنی گوڵووکان مەست بووبوون. بەرگە شینەکانی تێللی نیگار، قژە کاڵەکەی لەبەر ئەو مانگەشەوە هێندەی دیکە دەبریقانەوە و هەڵدەبوون و دەکوژانەوە.

لەسەر کانیاوەکە ڕاکشان. کوێرغڵی شیرەکەی لە کێلان دەرێنا، لە نێوان خۆی و خاتوو نیگاردا داینا. هەر لە کۆنەوە، لەو سەردەمەیڕا کوێرئۆغڵیی تێدا دەژیا دەستوور وابوو ئەگەر ئازایەک کیژێکی هەڵگرتبا، تا نەیگواستباوە دەستی بۆ نەدەبرد، کاتێکی دەشنووستن، ئەو ئازایە شیرەکەی لە نێوان خۆی و دڵدارەکەیدا بەڕووتی دادەنا و ئەوجا لێی دەنووستن. ئەمە مانای ئەوەبوو: کیژێ دڵنیابە توخنت ناکەوم.

ماندوو بوون. لە پڕ خەویان لێ کەوت. هێندە کفت و کەشەنگ بوون وەک کوتک کەوتبوون. کە وەخەربەهاتن تیشکی ڕۆژیان کەوتبووە سەر. برسیشیان بوو... ئێییییی جا چییان خواردبا؟ نە خاتوو نیگار ئەمەی لە کن کوێرئۆغڵی دەدرکاند، نە کوێرئۆغڵیش باسی برسێتیی دەکرد. تەنانەت تەماشای چاوی یەکدیشیان نەدەکرد... کوێرئۆغڵی لە دڵی خۆیدا بزەی بەم کارە دەهاتێ. ڕاوەستن با بزانین بەگزادە تا چەند دەتوانێ بەرگەی برسێتی بگرێ؟ دوو ڕۆژ بوو پارووی نەچووبووە سەر زار.

تێللی نیگار، بەرگە دەگرێ. لە برسیشان مردبا نەیدەگوت برسیمە. کوێرئۆغڵی بەمەی نەدەزانی. ئەم بەگانە عادەتێکیان هەبوو، کوێرئۆغڵی بەم عادەتەی نەدەزانی. قسەی پێشینانە:

«تری بن گۆم دەنگی نایێ»... ئەم بەگانە هەرچییەک لە نێو خۆیاندا ڕووی بدایە نەیاندەهێشت کەس پێی بزانێ و لە نێوان خۆیاندا دیزە بەدەرخۆنەیان دەکرد. ئەگەر سەریان تێدا چووبایە سری خۆیان بۆ کەس ئاشکرا نەدەکرد. کوێرئۆغڵی ئەو لایەنەی تێللی نیگاری لەکن ڕوون نەبوو.

کوێرئۆغڵی گوتی:

«تۆ نەختێ لێرە چاوەڕێم کە تێللی نیگار، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە،

دوورناکەومەوە.»

خاتوو نیگار بەگوێی کرد. ماوەیەکی زۆری خایاند، تاکو کوێرئۆغڵی بە برێ پۆڕەوە گەڕایەوە. گۆشتی پۆڕ زۆر بەتام و خۆشە. نەختێ لە سوێسکە گەورەترە. باڵدارێکی فێڵبازە. زۆر بەزەحمەت ڕاودەکرێ.

خاتوو نیگار کە چاوی بەپۆڕەکان کەوت زانیی کوێرئۆغڵی بۆ کوێ چووبوو. پۆڕەکانی لە دەست وەرگرت، چوو لە پاین کانیاوەکەوە دەستی بەئاوەڕووتکردنیان کرد، پاکی کردن، شوشتنییەوە.

«نیگارەکەم خوێمان هەیە، بریا نانیشمان هەبوایە.»

پۆڕەکانیان برژاند. دووکەڵی چەور بەری ئاسمانی گرتبوو. هەرچەند نانیان نەبوو، گۆشتی پۆڕەکانیان زۆر بەتاسووقی و ئیشتیاوە خوارد و تێروتەسەل بوون.

ئەم جێگەیەی کە چامڵی بێلیان پێ دەگوت مەڵبەندی کەنعانە کۆسە بوو. کەنعانە کۆسە لێرە ڕێگریی دەکرد. کۆسەیەکی کورتەبنەی تەنگەستوور بوو. چاڵی چەنەگەی تەنیا موویەکی لێ دابوو. موویەکی ڕەقی ئەستووری وەکو داو وا بوو.

لە حاڵی هێمنیدا ئەم داوە مووە لە چاڵی چەناگەیدا لوولی دەخوارد و ڕێک دەنیشت. کاتێکی تووڕەش بوایە ڕەپ دەبوو. لە زەوی دەچەقی و وەکو شیری لێ دەهات. هەنگینێ کۆسە هەنگاوێکی هەڵنەدەهێناوە. ئەو دنیایە تووڕەیەکی دیکەی وەک کۆسەی هەرگیز بەخۆیەوە نەدیتبوو. ئەگەر ئەو داوە مووەی قۆرتی چەنەی لە عاردی نەچەقابا کۆسەی تووڕە دار و پەردووی ئەو دنیایەی بەسەر یەکدیدا دەڕووخاند و چەندین وەجاخی کوێر دەکردەوە. بەرەکەت دا ئەم داوە مووەی لێ ڕاست دەبووەوە و بەری لێ دەگرت و لە زەوی دەچەقی و ئیتر لە جێگەی خۆی نەدەبزووت و برستی لێ دەبڕا. کۆسە لەم داوە مووە ڕزگاربووایە خوا دەیزانی ئەو چیایانەی چۆن ژێر و ژوور دەکرد. بەڵام تا ئەو خۆی بەمووە بۆرەوە خەریک دەکرد تووڕەییەکەی دەنیشتەوە. کۆسە

هەرچەندیش تووڕەبوو، بەڵام پیاوێکی تا بڵێی دڵ و دەروون خاوێن بوو. لەگەڵ دەروون خاوێنیدا زۆریش بەئاوەز و ژیر و وریا بوو. دنیا بەئاوەز و ژیرێکی وەکو کۆسە و فێڵبازێکی وەکو کۆسەی بەخۆیەوە نەدیتبوو. فێڵبازیی هەموو دنیایە لە مێشکی کۆسەدا کۆبووبووەوە.

ئەم کۆسەیە لەوەتی خۆی ناسیبووەوە چامڵی بێلیی داگیرکردبوو، ڕێگری دەکرد، کاروانی ڕووت دەکردەوە، هۆبە و هۆبەساتی دادەمەزراند. کۆسە دڵی وەکو دەزگای ئاسنگەران وا بوو.

ئەم دڵە تەنیا بۆ هەژار و دەستەوسانان لێی دەدا. کۆسە نەبوایە، ئەو چامڵی بێڵی داگیر نەکردبوایە فەقیر و هەژار حاڵیان شڕ دەبوو. تا دەهات بەنێو ساڵدا دەچوو. زۆر چاکی دەزانی ئەگەر ئەو لە چامڵی بێل نەما، مردبا، کوژرابا، کەچەڵەکانی هەر ئەوێ ڕۆژی بڵاوەیان لێ دەکرد و داغان دەبوون. فەقیر و هەژاریش بۆ خۆیان بۆ پەرێشان دەبوون، کۆسەی فێڵباز چ دەکا و چ ناکا با لەوێ بمێنێ، لە پڕێکا لە خوارەوە لە جەنگەڵستانەکەوە دووکەڵێکی بەرچاوکەوت. دووکەڵ چی دووکەڵ هەر دەتگوت سووتمانی جەنگەڵستان و لێڕەوارانە. دەتگوت ئۆردووگایەک لەوێ هەڵیان داوە و ئاگری قەرەوانەیان هەڵکردووە.

کەنعانە کۆسە گوتی:

«بڕۆن تەماشاکەن، بزانن ئەوە چییە؟ چ باسە لە خوارێ؟ ئەم ئاگرە ئاگری چییە؟ چ کابرایەک وەسەر چامڵی بێل کەوتووە و لێرە ئاگری هەڵایساندووە؟ ئەگەر کاروانە ڕووتی کەنەوە... زەلامە بیگرن بیهێنن. بەگژتاندا هات خۆتان دەزانن چیی لێ دەکەن. ئازا و بوێر بوو بەگژیداچن، بۆتان نەگیرا، سەریم دەوێ.»

سێ پیاوی چەکدار لە قەڵاڕا بەغار هاتنە خوار.

بێ ئەوەی بڵێن کێی، چی و چی نیت هەڵیانکوتایە سەر کوێرئۆغڵی. کوێرئۆغڵی خۆشی نەیزانی چیی بەسەرهات، بەڵام گورج وەدەست هات،

هەرسێ پیاوەکەی هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە بەعاردیدا دا و لەسەر یەک کەڵەکەی کردن و باڵیانی بەست و لەولاوە دانیان.

کۆسە سەعاتێ چاوەڕێی کرد، هیچ ئاسەوارێکیان نەبوو، تووڕە بوو: ئەم پیاوانە چییان بەسەرهات بوو؟ تۆ بڵێی ئەم دەستەپاچانە شتێکیان لێ نەقەومابێ؟

کۆسە قیڕاندی:

«هۆ شابازینە، بڕۆن بزانن ئەو دووکەڵە چییە؟ بزانن ئەوانی پێشوو چییان بەسەرهات؟»

گوتیان:

«بەسەر سەرمان ئاغا»

بەغار لە قەڵا هاتنە خوار، هەر کە چوون تەماشایان کرد، هاوڕێکانیان یەکە یەکە بەسەر یەکدا گولۆڵە کراون و باڵبەست کراون و لەو دوورە داندراون.

«کوڕە هەتیو تۆ ئەو کارەت کرد؟»

کوێرئۆغڵی بزەی هاتێ.

«هەتیو مەگەر نازانی ئێرە مەڵبەندی کەنعانە کۆسەیە. ئەو کۆسەیەی لە کاسە سەران قەڵاتی هەڵچنیوە. ئەوە چۆنت وێرا؟ هێشتا هەرزەکاری ئاوەزت بە شتاندا ناشکێ یاڵلا وەپێشمان کەوە.»

کوێرئۆغڵی گوێی نەدانێ، هەر پێ دەکەنی.

هەرسێ زەلامەکان لە سێ لاڕا هەڵیان کوتایە سەری. کوێرئۆغڵی ئەمانی دیکەشی بەسەریەکدا کەڵەکە کرد. باڵی بەستن و هەریەکەی لە ژێر درەختێکدا درێژ کرد.

ئیدی هەر زەلام بوو لە قەلای چامڵی بێلەوە بەهەڵەداوان دەهاتن. کوێرئۆغڵیش بێ وچان دەیگرتن و باڵبەستی دەکردن و هەریەکەی لە بن

درەختێکدا خپ دەکرد.

کەنعانە کۆسە ڕوانی ئەوەی دەڕوا ناگەڕێتەوە، دەبێ چ بێ و چ قەومابێ؟ نەخێر ئەو دوازدە زەلامەی دوایش هەر نەگەڕانەوە. هێندەی نەمابوو عەسر بێ. نوارییە دەوروبەری خۆی، تەماشای کرد جگە لە مەیتەرە کەچەڵ کەسی دیکە لە قەڵادا نەمابوو.

بچێ بۆ ئەوێ نەچێ؟ ئەگەر چووبا لە پێش چاوی پیاوەکانی خۆشی و لە پێش چاوی ئەو پیاوانەش کە نەیدەزانی کێن دەبوو بە پێنج پوولی قەڵب. ناچار خۆی گۆڕی، چەکی هەڵگرت، بەرەوخوار ڕۆیشت، بەڵام چی ببینێ، هەر بن درەختێک زەلامێکی باڵ بەستراوی لێ کەوتبوو. لەولایەشەوە کیژێکی شۆخ و جوانی جوانان لەگەڵ هەرزەکارێکی تازە سمێڵ خەتداودا ڕاوەستاون. کۆسە لە تووڕەییيان چاوی بەجارێ پەرییە تۆقە سەری. تەنیا مووەکەی قۆرتی چەنەی ڕەپ بووبوو. بەڵام هەرکە چاوی بەکوڕە کەوت خۆشەویستییەکی چووە دڵەوە. لە پڕێکا تووڕەییيەکەی خاوبووەوە، مووەکەشی لوولی خوارد چووەوە نێو قۆرتەکەی خۆی.

«ئا وەرە بەم لاوە، بۆ کن من دەمڕووت. تۆ ئەم کارانەت کرد؟ تۆ ئەم هەموو زەلامانەت باڵبەست کردن و بەم دەردەت بردن؟»

کوێرئۆغڵی ملی کەچ کرد، بەشەرمەزارییەکەوە، گوتی:

«ئەوان هەڵیانکوتایە سەر من مامە. من هیچم لەوان نەکردبوو. هیچ وەیەکم بۆیان نەبوو... تۆ بای ئەم هەموو زەلامەت لێ ورووکابان چت دەکرد؟ وایە یان وا نییە؟»

«من چم دەکرد؟ هیییییچ، هەروەکو تۆم دەکرد. وەرە ئێرە...»

«بڕوانە هاپۆ، من بۆ هاتن دێم. بەڵام تۆ لە پیاوخراپ دەچی... سەر و سیمات لە هی کەڵەکبازان دەچێ. لە کەڵەک و دەهۆت دەپرینگێمەوە. ئەگەر مەردی فەرموو وەرە بەر مەیدان تۆش خۆتم لێ تاقی کەوە، وەرە بەشەڕ بێین. ئەگەر کەسی دیکەت لە پشتەوە نییە، با لە کورتی بیبڕینەوە. لە پێشدا پێم

بلێ ناوی خزمەتت چییە؟ تۆ کێی؟ چ کارەی؟»

«کەنعانە کۆسەم پێ دەڵێن. من خاوەنی ئەم چاملی بێلەم.»

«چی ی ی ی ی؟ خاوەنی چی ی ی ی ی؟ ئەوە بەڕاستتە هاپۆ؟ تۆ کەنعانە کۆسەی؟ ئێێێێی؟ تۆ چ دەکەی لێرە؟ مەزرا و بەرەجووتان دەگێڕی لێروکانە؟»

«نە ڕۆڵەکەم، بەرەجووتم نییە، ئا لەم خوارەوە کاروان و ماروان ڕەت دەبن ڕێگەیان لێ دەگرم، کاروان ڕووت دەکەمەوە. لەمە زیاتر هیچ کار و پیشەیەکی ترم نییە. ئەمە چڵ ساڵی ڕێک و خشتە من لێرە کاروانان ڕووت دەکەمەوە. تێ گەیشتی؟»

«لەوە گەیشتم مامە، بەڵام لە شتێ نەگەیشتم. لێم مەگرە، پرسیارە و دەکرێ، تۆ لەگەڵ ئەم زەلامانەدا کاروان ڕووت دەکەیەوە؟ یا پیاوی یەدەکی ئازای دیکەت هەن؟»

«لەگەڵ ئەمانەدا کاروانم ڕووت دەکردەوە، بەڵام لاوۆ... وا دیارە لەم دنیایەدا لەسەرووی زۆر دەستانەوە دەستی دیکەش هەیە. ئەمنیش لە یەکێکی وەکو تۆ دەگەڕام.»

«باشە چۆنت زانی من هاتووم؟ لە چاملی بێل باروبنە دەخەم؟»

«دەمزانی کوڕی خۆم... ئەمە چڵ ساڵە شەیتان بەشەیتانیی خۆی پێی نەهاویشتووەتە ئێرە. هەموو کەسێ دەزانێ چاملی بێل کوێیە. کێ لە چاملی بێل دادەنیشێ، کێ سەرانە و خەرج و باج لە ڕێبوارانی ڕێگەی وەردەگرێ، هەموو کەسێ ئەمە دەزانێ کوڕی خۆم، تۆ چۆنت نەزانیوە؟ فەرموو با بڕۆین بۆ قەڵا لەوێ قسان بکەین. ڕاستت دەوێ زۆر چوویە دڵمەوە. لەوانەبوو تا مردن چاو لەدوو بم، لەوە دەترسام چاملی بێل بەسەرگەردانی و چۆڵەوانی بمێنێتەوە. چاک بوو تۆم بۆ ڕەخسای. یاخوا هەر خۆش بی، لەشت ساغ بێ. کوڕی خۆم. ئیتر بشمرم، بەنامرادی سەر نانێمەوە. یەکێ هەبێ چاملی بێل ئاوەدان کاتەوە تۆ ئاوەدانی دەکەیەوە.»

«مامە.»

«بڵێ کوڕی خۆم»

«بۆ هاتن دێم، بەڵام تۆ پیاوێکی قۆچاخ و ژێهاتووی وا نییە؟ خۆ لە پشتەوە پاشقولم نادەی، فڕوفێڵم لەگەڵدا ناکەی؟ بەتەڵەیەکمەوە ناکەی، نامکوژی؟»

«ناتکوژم»

«مامە تۆ پیاوێکی ئازای وە نییە؟ دەگ و دۆڵابان بۆ کەس ناگێڕی وە نییە؟»

«دەگ و دۆڵابان بۆ هەموو کەسێ دەگێڕم کوڕم، پیاوێ هۆش و فەراسەتی نەبێ لە دوای هیچەوە لۆقە دەکا. پیاو هەرچەندیش بەهێز و دەسەڵات بێ کە ئاوەزی بەکارنەهێنا هەر دەبەزێ. من ئەوە چڵ ساڵە ئەم ڕێگەیەم گرتووە. خۆ خۆت دەمبینی هەر هێندەی نەختۆکەیەکم. ژیریی خۆم نەبوایە، ئەقڵم بەکارنەهێنابا، تەڵە و دەگ و دەهۆم نەبوایە قەت ڕۆژم بەم ڕۆژە دەگەیشت و ئەم قەڵایەم پێ دروست دەکرا؟ وەرە لەگەڵم، بیر لە هیچ خراپەیەک ناکەمەوە، ئەو پیاوانە ڕەهاکە، دەست و باڵیان بکەوە... یەکێکیان ڕەهاکە با ئەو دەستی ئەوانی دیکە بکاتەوە. فەرموو با بڕۆین.»

کەنعانە کۆسە لە پێشەوە تێللی نیگار و کوێرئۆغڵی لە دواوە، بەرەو قەڵای چامڵی بێل دایانکێشا.

کوێر ئۆغڵی تەماشای کرد قەڵا چی قەڵا، هێند بەدیمەن و ڕازاوە و ڕێکوپێک بوو هەر دەتگوت کۆشک و تەلارە. کۆشک و تەلارێکی بە شان و شکۆیش نەک گاڵتە. کوێرئۆغڵی سەیرێکی کۆشک و تەلارەکەی کرد و سەیرێکی کۆسەی کرد.

«مامە... مام کۆسە تۆ خۆت ئەم کۆشک و تەلارەت پێکەوە نا یان لە باوکتەوەت بۆ ماوەتەوە؟»

کۆسە پێ کەنی:

«لاوۆ، وا دیارە بەهیچت نەچوواندم. هیچم لە باوکمەوە بۆ نەماوەتەوە. من هێندەی تۆشم لە باوکمەوە بۆ نەمایەوە. هیچ نەبێ تۆ ئەم ئەسپە، ئەم شیرەت

لە باوکتەوە بۆ ماوەتەوە. من پووشێکی پووش ئاساییم لە باوکمەوە بۆ بەجێ نەما.»

«دە بڵێ دەی لاوۆ، لە کوێڕا دێی و بۆ کوێ دەچی. دایکت کێیە، باوکت کێیە؟ خێرە وا بەم سەرچیا و کەژ و کێوانە کەوتووی. چۆن وەبەر قەپی گورگە هارەکانی کەنعانە کۆسە نەکەوتی، نەترسای لەتوپەتت کەن؟»

هەموو بەم قسانە پێ کەنین.

کوێرئۆغڵی بەسەرهاتەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە، باسی باوی، باسی میل بە چاوباودا هێنانی، هەموو شتێ، هەموو شتێکی ورد و درشت بۆ گێڕایەوە. تەنیا بەسەرهاتی ئەسپەبۆرە و سێ کەفەکانی بۆ نەگێڕایەوە. ئەوانەی تا دنیا خرادەبوو بۆ کەس نەدەگێڕایەوە. ئەمە سڕێکی گەورەی کوێرئۆغڵی بوو. لەخۆی زیاتر نەدەبوو کەسی دیکە پێی بزانێ.

کەنعانە کۆسە بەمەسەلەی بەگی بۆڵوو، بابی کوێرئۆغڵی، تێللی نیگار، بەهەموو شتێکی دەزانی.

کۆسە بەپێکەنینەوە:

«کەواتا ئەم هەموو کارەساتەت بەسەرهات لاوۆ، کەواتا یوسفی مەیتەر باوکتە؟ بەگی بۆڵوو قەدر و نرخی پیاوان چوزانێ، پیاوێ پیاوبێ کردەوەی وا لەگەڵ یوسفی مەیتەر، پیرێکی پیاوچاکی وادا دەکا؟ من یەکێکی وەک یوسفی مەیتەرم بەدەستەوە با تانجم لەسەر دەکرد و دام دەنا. جا ئێستا دوو قسانم پێتە کوڕم. مادەمێکی یوسفی مەیتەر، بێ ئەوەی پێت بڵێ من لێرەم، وەسیەتی کردبێ بێیە ئێرە، بۆ چامڵی بێل، دیارە شتێکی لە دڵدا هەبووە. دەنا لەو پتر کەسی دیکە نازانێ من چامڵی بێڵم گرتووە. دیارە یوسفی مەیتەر شتێکی دەزانی کەواتا ئەمنیش چامڵی بێل بەتۆ دەسپێرم. لەمڕۆ بەپاشەوە من لە ژێر فەرمانی تۆدام. یوسفی مەیتەر لە ژیاندابا و چۆنی رەفتار لەگەڵدا کردبای منیش ئاوهات رەفتار لەگەڵدا دەکەم. تۆ کوڕی منی. هەر پیاوێکی ئەم چامڵی بێلەت بەدڵ بوو بیگرە خۆت، بەدڵت نەبوو دووری خەوە. لەمەوپاش سەرداری

چامڵی بێل ئەتۆی و بەس. ئەتۆ شای چامڵی بێلی.»

کوێرئۆغڵی هەستا دەستی کۆسەی ماچ کرد، گوتی:

«خۆش بی مامە، تا چامڵی بێل بێ فەرمان فەرمانی تۆیە و حوکمڕان خۆتی و ئێمەش هەموو دەبین بەکوڕی تۆ.»

کۆسە پرسی:

«ئەتو قەتت کاروان ڕووت کردووەتەوە، کەست سەربڕیوە لاوۆ؟»

«نەوەڵڵا شتی وام قەت نەکردووە مام کۆسە. وێڕای ئەوەش ئەمن سەربڕ نیم و سەری خەڵکم نەبڕیوە و ناشیبڕم. تێللی نیگار بمبەخشێ، بەڵام تەنیا سەری یەکێک دەبڕم، ئەویش سەری بەگی بۆڵووە. لەو بترازێ سەری کەسی تر نابڕم. مام کۆسە ئەم کارانە چما بێ سەربڕین جێبەجێ نابن؟»

کۆسە گوتی:

«تا ئێستا بێ سەربڕین کاری ناڕەوا و حەرام نەکراوە. ئەم کارانە بێ سەربڕین ناکرێن.»

کوێرئۆغڵی بەجارێ پەشۆکا، گوتی:

«مام م م کۆسە... کەواتا ئێستا من دەبم بەدز و ڕێگر؟»

«ئەی چۆن لاوۆ، سبەینێ دەچیە خوارێ سەر ڕێگا دەگری، کاروان ڕووت دەکەیەوە. ئەی ئەگەر وا نەبێ چۆن ئەم چامڵی بێلە گەورە و گرانە و ئەم هەموو هەژار و بێ نەوایانە و ئەم حەمکە هۆبە و هۆبەساتە دەستەوسانانەت پێ تێر دەکرێن؟»

«کەواتا من دەبمە ڕێگر؟»

«نا لاوۆ، نا! نابی بەڕێگر، دەبی بە پیاوچاک، بە پیر!»

«مام کۆسە، لەمەوپاش کوێرئۆغڵی ڕێگرم پێ دەڵێن، وا نییە؟»

«ئەدی پێت وایە پاتشات پێ دەڵێن؟ چۆن بەمن دەڵێن کۆسەی ڕێگر، بەتۆش

دەڵێن کوێرئۆغڵی ڕێگر.»

«مام کۆسە من نامەوێ ببم بەپیاوکوژ و سەری خەڵک ببڕم. ئەوە کاری من نییە.»

«کەواتا لە نێو ڕەوە گورگی چامڵی بێلدا چ دەکەی و کارت چییە؟ پێت وایە باوت بۆ بەرنوێژێی ناردووی بۆ چامڵی بێل؟ ئەگەر باوت بۆ بەرنوێژێی خەڵکی چامڵی نێلی ناردووی، ئەوە نە مام کۆسەت و نە گورگ گەلی چامڵی بێل، هیچ کارێکیان بە بەرنوێژ نییە و ئیمامیان ناوێ. خوات لەگەڵ. بۆ بەرنوێژی و ئیمامەتی دەرکەیەکی دیکە بۆ خۆت بدۆزەوە، باشە؟»

«مام کۆسە من بەبێ خەڵک سەربڕین کاروانان ڕووت دەکەمەوە، دەبینی مام کۆسە...»

«جا لەوە چاتر دەبێ، دەفەرموو تۆ ئەم دەستوورە تازەیە دابێنە کوڕم... بزانین چۆنی دەکەی. ئەوەش بزانە ڕێگری کارێکی خوێناوییە. ئەوی لە ئاوان بدا قابیلە قولەپێی تەڕنەبێ ڕۆڵەی خۆم. ئەوەی خۆی لە قەرەی ڕێگر بدا شاقەلی هەر خوێناوی دەبێ. ئەگەر ناشتەوێ شاقەلت خوێناوی بێ ئەوە هەر لە ئێستاوە بڕۆ، تا زووە کارێ بۆ خۆت بدۆزەوە، ڕۆڵەی خۆم. بڕوات بەمام کۆسەت بێ، پێم کرابا، بێ خوێن ڕشتن کاروانم پێ ڕووت کرابایەوە من خۆم دەمکرد لاوۆ، ئەوەی تۆ دەڵێی ناکرێ. ئاخرییەکەی هەردوو دەستت، بتەوێ و نەتەوێ، بەخوێنی ئاڵ ڕەنگ دەبن. سبەینێ بچۆ خوارێ سەری ڕێگە بگرە، ئەمە خوایە، خۆ و بەخت، بەشکو پەرجووێک بنوێنی، کاروانێکی چەور و قەڵەو ڕووت کەیەوە، من بڕوام بەوە هەیە کە تا عەرشی ئەعزەمیش لە سەرووی هەر دەستێکەوە دەستێکی بەدەسەلاتتر هەیە و لە سەرووی هەر دەسڕۆیەکەوە دەسڕۆیەکی تواناتر هەیە. بەڵکو ئەم کارە سەردەگرێ و لەمەوپاش دز و ڕێگرانی دیکەش لە خوێنڕێژی قوتار دەکەی. ئەوەشت لەبیر نەچێ، کەس نییە لەم دنیایەدا حەزی بەخوێن ڕشتن بێ. فەرموو لاوۆ ئۆغرت خێر و بەختت یار بێ.»

وەخت و کات تەواوێ بەسەرچووبوو، شەوگار ڕاشکابوو، کۆسە هەیوانی کۆشکی بۆ هەردوو دڵدار جوێ کردبووەوە. لە هەیوانی کۆشک بەولاوە جێگەیەکی دیکە نەبوو بۆ ئەم کوێرئۆغڵییە و بەگزادەیە بشێ. کۆسە مەسەلەی بەبێ خوێن ڕشتن کاروان ڕووتکردنەوەی لێ بووبوو بەگرێکوێرەیەک. کوێرئۆغڵیش، ڕاستت دەوێ، ئەویش هەر بیری لەوە دەکردەوە ئەم کارە چۆن چۆنی بکا؟

تەماشای کۆشکیان کرد چ کۆشک! نە لە سەراپەردەی بەگی بۆڵوو و نە لە سەراپەردەی عوسمانلییاندا کۆشکێکی وا جوان نەبوو... هەموو لایەکی، پێپلیکانەکانی، پەنجەرە و دوودەران، ڕێڕەوەکەی، دیوارەکانی سەرلەبەر لە مەڕمەڕی ڕەنگاوڕەنگ بوون. ژوورەکانی مافوور و ڕایەخی ئێران و چینیان لێ ڕاخرابوو. ئەو ڕایەخ و مافوورانە هەریەکە گەنجی باوە و تەلای دەستەوشاری دێنا. ئەسپ و ماینی ڕەسەن چۆن شەجەرەیان هەیە و ئەم ڕایەخ و مافوورانەیش بەو جۆرە شەجەرەیان هەبوو. سەرین و بالیفەکان سەرلەبەر لەپەڕی ڕووت بوون، بەری لێفەکان ئەتڵەس بوون... موتورفەی وا لە کۆشکەکەدا هەبوون زۆریان لە کۆشک و تەلارەکانی چین و هیندەوە هێندرابوون.

تێللی نیگار و کوێرئۆغڵیش هەردووکیان بیریان لە یەک شت دەکردەوە، چوونە ژوورێ.

کوێرئۆغڵی گوتی:

«دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە تێللی نیگار؟ مام کۆسەیەک چامڵی بێلێکی وای دامەزراندبێ هەروا بەسانایی ئالای تەسلیم بوون بۆ من هەڵناکا. کە ڕوانیی پیاوەکانیم یەکە یەکە قۆڵ بەست کردوون، کە زانیی دەسەڵاتی بەسەرمدا ڕاناشکێت و سەری دەبڕم و چامڵی بێلی وێران دەکەم بیری لەم فێڵە کردەوە. ئەمشەو هەر کە خەومان لێ دەکەوێ هەردووکمان وەک کار سەردەبڕێ. سبەینێ سەرمان لە پێش دەمی پیاوەکانی فڕێ دەدا و دەڵێ ئەوە

سەری ئەو پیاوەیە کە هەمووتانی باڵبەست کرد. کەس بەتەنیا ئەم قەڵای چامڵی بێلەی بۆ دروست ناکرێ و ئەم کۆشک و تەلارە گەورە و گرانەی هەروا بۆ پێکەوە نانرێ. مام کۆسەم هەرچییەکی تا ئێستا کردبێ بەژیری و فێڵبازیی خۆی کردوویە. مام کۆسە لەوەتی هاتووەتە دنیاوە خۆی لە قەرەی هیچ سەرما و گەرمایەک نەداوە و هەموو کار و بارێکی بەفرووفێڵ بەجێ هێناوە.»

تێللی نیگار بەترسێکەوە:

«کوێرئۆغڵی تووشی شوێنێکی خراپ بووین... خۆزیا کۆسەشت باڵبەست کردبایە. کۆسە چامڵی بێلمان هەروا بەخۆڕایی تەسلیم ناکا. ئەگەر دەهۆ و کەڵەکێکی لە بن سەردا نەبێ بۆ ئێرەی نەدەهێناین. کۆسە قەت کۆشکی وای بەئێمە دەدا... چۆن هەروا لە پڕێکا بووین بەدۆستی گیانی بەگیانیی کۆسە...»

«کەواتا تێللی نیگار ئەمشەو بەنۆرە دەنووین. کۆسە لە کوشتنمان بێ، لە کاتی نووستندا دەمانکوژێ. جا تۆ سەرخەوێ بشکێنە، من ئێشک دەگرم، لە پاشان من دەخەوم تۆ ئێشک بگرە. وا باش نییە؟»

ئەوێ شەوێ کوێرئۆغڵی خەوت، تێللی نیگار ئێشکی گرت، تێللی نیگار نووست کوێرئۆغڵی ئێشکی گرت، تا ڕۆژ بووەوە.

ڕۆژیان لێ بووەوە هەمووتان ڕۆژی خێرتان لێ ببێتەوە. ئەو شەوە نەکەسیان بۆ کن هات و نەکەسیان دیت.

کوێرئۆغڵی گوتی:

«تێللی نیگار، کۆسە زۆر کەڵەکچییە، لەوانەیە بەوەی زانیبێ لێی بەگومان کەوتووین و ئەم شەو نەنووستووین؟ دەشێ ئەم شەو نا شەوێکی تر، سێ شەوی تر، دە شەوی تر گومانمان خاو ببێتەوە و بەجارێ لێی دڵنیابین و وەبن دەریای خەو کەوین، هەنگینێ جوان و زەریف وەکو بەرخ سەرمان ببڕێ.»

«کەواتا با لێرە نەمێنین، بڕۆین دوور کەوینەوە کوێرئۆغڵی. مادامێکی

کۆسە هەر لە کوشتنمان بێ بام لێرە دوورکەوینەوە، خۆمان قوتارکەین.»

«نارۆم نیگار، ئەمە وەسیەتی باومە، لە چامڵی بێل مەنزڵ دەگرم. لە بەگی بۆڵوو تۆڵەی باوم بکەمەوە. کاروان ڕووت دەکەمەوە. هۆبە و هۆبەسات ئاوەدان دەکەمەوە. واز لە چامڵی بێل بێنم ئەمانەم هیچیان بۆ جێبەجێ ناکرێ. ئەمنیش بۆ کۆسە بیر لە فێڵێک دەکەمەوە. خۆ فێڵبازی تەنیا لەسەر کەنعانە کۆسە تاپۆ نەکراوە، ئێمەیش تۆزە بەشێکمانی تێدایە.»

لەم قسانە بوونەوە، ئەنجا هەستان چوون بۆ کن کەنعانە کۆسە. کۆسە بۆ بەیانی تاشتێکی چەور و خەستی بۆ سازکردبوون. ئەمانیش بێ ئەوەی سەیرێکی کۆسە بکەن تاشتی خۆیان کرد.

کۆسە گوتی:

«منداڵینە تەماشاکەن، ئێوە شتی منداڵانە دەکەن. شەوێ نەنووستن. بەنۆرە تا سبەینێ ئێشکتان گرت. لە من بەگومان بوون. بیرتان بۆ ئەوە چووبوو کە ئەم شەو کۆسە وەکو کار سەرتان دەبڕێ. کۆسە هەموو جۆرە ناماقووڵییەک دەکا، بەڵام قەت ئەو ناماقووڵییە ناکا شەوێ پیاو لە خرپەی خەودا بکوژێ.

کەنعانە کۆسە ئەگەر سەریشی چووبێ تازە ناپیاویتان لەگەڵ ناکا، نەخاسما لە ماڵی خۆشیدا. دڵنیابن کەنعانە کۆسە بیر لە شتی وا گەمار ناکاتەوە. کەنعانە کۆسە باڵدار و پەلەوەران ناتارێنێ و هێلانەیان لێ ناشێوێنێ. جارێ خۆ ئەوە ئافرەت کوشتن لە قامووسی کەنعانە کۆسەدا نێوی نەهاتووە. کوڕی کوێرە باوت هەموو ئامۆژگارییەکی کردووی، بەڵام وا دیارە ئەم ئامۆژگارییەی لەبیرچووە، قەیناکا مام کۆسەت ئەم ئامۆژگاریەت دەکا، ئی خۆشت و غەیری خۆشت. جا ئێستا هەستە ناوی خوای لێ بێنە و خۆت پۆشتە کەوە و دەست دە چەکی، بچۆ بۆ سەر ئەو ڕێگەیەی خوارێ. هەر کاروانێکت تووش هات ڕووتی کەوە. لەمەوپاش تۆ بەرپرسیاری سەر ڕێگەی چامڵی بێلی. تۆ بەرپرسیاری نان و گوزەرانی ئەم هەموو هەزاران هەزار هەژار و دەستەوسان و هۆبە و هۆبەساتەی. جا خوای دەکرد لە کاسەسەران

قەڵاتت هەڵدەچنی، یا بەکەست نەدەگوت بڕۆت بەپشت چاوەوەیە. بەڵام ئەوە بزانە کە چامڵی بێل ئیدی تۆ بەخێوی دەکەی و ئەم هۆبە و هۆبەساتانە تۆ دەیانژیێنی. بڕۆ ئۆغرت خێربێ، بەختت یاربێ. هەر بەم نزیکانە دەست بەتەدارەکی شاییەکەشت دەکەین. تەدارەکی شاییش ڕووتکردنەوەی کاروانێکی گەورە و گرانی دەوێ.»

کوێرئۆغڵی لەم بەرچاو فەرەحی و دڵفرەوانییەی کۆسە زۆر شەرمەزار بوو. کۆسە چیی گوتبوو، چیی کردبوو وا لێی بەگومان کەوتبوو. بەڕاستی شوورەیی بوو.

«مام کۆسە لێم ببوورە، قسەی پێشینانە: پیاو متمانە بەباوی خۆی ناکا.»

«کوێرئۆغڵی کوڕم، چەند لە خەڵک بەگومان بی دەبێ بۆ وەدیهێنانی کاری خۆت، هێندەش متمانەیان پێ بکەی، دەنا لە هەموو کەسێ بەگومان بی ئەو دنیایەت لێ دەبێ بەشەوەزەنگ و ناتوانی بژی. ئەم قسانەم بکە ئاڵقە و لە گوێیانی کە.»

کوێرئۆغڵی دەستی دا شیری بڕا و گورزی گران، ڕمبی چاردە مووڤکی بەئەسپەکەیەوە قایم کرد. سواری ئەسپەبۆرە بوو. بەرەو خوارێ تاوی دا. ئەسپەبۆرە هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە گەیشتە سەر ڕێگەی چامڵی بێل.

لە چەقی ڕێگاکە بەسەر پشتی ئەسپەبۆرەوە ڕەپ و ڕاست قوت بووەوە. سەعاتێ چاوەڕێی کرد، دوو سەعات چاوەڕێی کرد، نە کەس هات و نە کەس چوو.

بوو بەنیوەڕۆ هەر کەس نەهات، نێزیکی عەسرێ بووەوە، لەدوورەوە تەپ و تۆزێک بەدیارکەوت. ڕاوەستا. پرزەی لە خۆی بڕیبوو. بەهەراسانییەوە چاوەڕێی دەکرد. تەپ و تۆز نێزیک بووەوە، نێزیک بووەوە، کاتێکی بەدیارکەوت کاروانێکی بیست هێستربار دەبوو و نەدەبوو.

کوێرئۆغڵی نەڕاندی:

«کـاروانینـه، ئەو کـاروانە بەجێ بێـڵن و دوورکـەونەوە، دەنا کـارتان شـڕ دەکەم. مـن کەڵەمـێردی چامـڵی بێلم و لە نـاویشم دەپرسن، کـوێرئۆغڵـیم پێ دەڵێن.»

کاروان ڕاوەستا، سەرەک کاروانییەکی ردێن سپیی بەتەنداچووی کەڵەگەت و ڕووخۆش هاتە پێشێ، گوتی:

«لاوۆ، وەرە بۆ ئێرە، وەرە دوو قسـان بکەین. کاروانی من تا ئێستا کەس ڕووتی نەکردووەتەوە، نیازت وایە تۆ ڕووتی کەیەوە؟»

«من ڕووتی دەکەمەوە.»

«فـەرمـووو ڕووتی کـەوە، بەڵام جـارێ وەرە دوو قـسـان بکەین، ئەوجـا چت دەوێ ئەوە بکە.»

سـەرۆک کاروانـی قسـەشی دەکرد و بەرەولای کوڕەش دەهات، هات هات تا گەیشتە کن کوێرئۆغڵی، گوتی:

«لاوۆ، زۆر گـەنج دیاری، دیارە سـەرت لە نەریت و دەسـتووری چامـڵی بێل باش دەرناچێ و لە ئاکار و ڕەفتاری ئازا و کەڵەمێردان ناشی و ناشارەزای. هیچ ئازا و بوێرێک ڕێ لە کـاروانی پێرەمـێردێکی وەکو من ناگـرێ و ڕووتی ناکاتەوە. تێ گەیشتی؟ بەرۆکم بەردە، ڕێزێکی ڕدێنە سـپییەکەم بگرە. ئەگەر کـاروانەکەم ڕووت کـەیەوە خـوا هـەزار بەڵای ناگـەهـانت بەسـەردێنێ و خـێر لە خۆت نابینی.»

کوێرئۆغڵی بیری کردەوە، لێکی دایەوە، فەقیرە چ بکا؟

کاروانی پیرەمێردێکی ڕدێن پێنچ بست درێژ ڕووت دەکرێتەوە؟

«فـەرمـوو برۆ خـوات لەگـەڵ، سـەرۆک کـاروانی برۆ بـەڕێی خـۆتدا، هـەقـتـە، پیاوی ئازا نابێ دەست بۆ کاروانی پیرێکی وەکو تۆ درێژبکا.»

سەرەک کاروانی وەکو نەپیرەمێرد بێ و نەهیچ بەجۆرێ خـۆی هـەڵدایە سەر پشـتی ئەسـپەکـەی هـەر دەتگوت لاوی هـەژدە سـاڵەیە، بەچـەشنێ هـەیـپـێی لێ

کرد و هەڵیکوتایە غار ئەو دەوربەرەی بەتەپ و تۆز تاریک کرد. وای غار دەدا بەردی قۆچەقانیی پێ ڕانەدەگەیشت.

هێندەی نەخـایاند کـاروانیش و سـەرەک کـاروانیش لە چاو ون بوون. کـوێرئۆغـڵی پاش ئەوەی سـەرەک کـاروانیی بەرەڵڵا کـرد، دیسـان دەسـتی بەچاوەنۆڕ کـردەوە. کـەنعـانی کـۆسـەش لە تێـزەیەکی قـەڵای چامـڵی بێلەوە سـەیری کـەین و بەینەکـەی دەکرد و لە دڵی خـۆیدا دەیگوت ئەم کـوڕە شـێت و شووره چ دەکا؟ ئیتر هەروا سەری سوڕمابوو و تەماشای دەکرد.

لەولاوە چەرچییـەک هات. هەردوو لاتەنیشتی ئەسـپەکەی شـووشـەبەند بوون، شووشـە بەندەکان پڕ بوون لە مـتومووروو و زەنگیانە و پۆپلە و سڵسـڵـە و پلْپلْە و پووڵەکـە. چەرچییـەکـە زۆر بەکەیف خـۆشـییـەوە ڕێشـمـەی بارگـینەکـەی بەدەستەوە بوو لە پێشیەوە دەڕۆیشت. وا پێ دەچوو زۆری قازانج کردبوو.

«ڕاوەسـتـە چەرچی... چەرچی ڕاوەسـتـە...» چەرچی پشـوویەک ڕاوەسـتـا، بەسـەرسـامـیـیـەکـەوە سـەیرێکی کـوڕەی کـرد، دەتگوت ڕۆسـتـەمـە بەسـەر ڕەخشەکەیەوە.

«چییـە، بۆچی وا دەخـوڕی کورِم، چت دەوێ؟ نـاکرێ داوخـوازییـەکـەت بەبێ خوڕین و نەڕاندن بێ و لەسەرخۆ و بەهێمنی داوا بکەی؟»

کوێرئۆغڵی دیسان تێی ڕاخوڕی:

«ڕاوەستە لەوێ، بارگینەکەت بەجێ بێڵە و برۆ، بۆ چامڵی بێلی دەبەم.»

«چی چی، بارگینەکەم بەجێ بێڵم؟ کێ ئەم فەرمایشـتەی پێ ڕاسپاردووی؟ تۆ شێت بوویی؟»

«دەڵێم بارگینەکەت بەجێ بێڵە، برۆ، با سەرت وەک گزگل نەپەڕێنم.»

چەرچی کردی بەقیژە و هەرایەک مەپرسە:

کوڕە هەی هەتیـوی لاساری مەندەبوور، هەی شێت و شـوور، لاچۆ، گەڕت لە گەڕم مـەئـاڵێنە، با نەیەم لە هـەردوو لاقت بگرم و هەڵت قڵـیشـێنم. کێ فێری

کـردی ڕێگەی چـەرچییـان بگری؟ چمـا چەرچی کـاروانییـە ڕووتی کـەیەوە؟ تفـوووو... بڕۆ لاکـەوە هـەی نەحلەتی کوڕی نەحلەتی، شەرم نـاکەی؟ شـوورەیی ناکەی؟ تۆش لە چاملّی بێلڕا هاتووی؟ چاملّی بێل شتی وەک تۆ ناگرێتە خۆی و پاروویێک نانت ناداتێ. تۆ تەماشا تەماشـا، کوێرئۆغـلّی دەسبـەجێ لەسـەر ڕێگەی لاچوو و ڕەهای کرد.

تەمـاشـای ئەم ڕەخـشـە جـوانەی ژێریشـی کـەن! کەسـێک ئەسـپی وای لە ژێردابێ چۆنی لـەڕوو دێ چەرچی ڕووت کـاتەوە؟ هـەتیـو کێ ئەم ئـەسـپـەی داویتێ؟ تفـووو. سـالانی سـالّە بەم ڕێگەوبانەدا دێم و دەچم بـەبیری کـەسـدا نەهات من ڕووت کاتەوە. کوڕە ڕێگەم بەردە مـەندەبوور. تفـوو... لە خۆشت و کەلّەمێردیشت...»

چەرچی هێند تووڕە بووبوو، لە ڕکان سـووڕ هەلّگەڕابوو و هەر ئەوەبوو هار و شێت نەدەبوو. بووبوو بەپڵنگێک خۆی بۆ نێچیر تەیار کردبێ.

کـوێرئۆغلّـی خۆشی نەیدەزانی چیی بەسـەرهـاتووە. خـۆی بەخۆی دەگـوت کوڕە ئاخر چۆن دەبێ یەکێکی تۆزێ لە ئۆمەت بچێ بەم ڕێگەیەدا نەیەت؟ ئەمە چ سەمەرەیەکە؟ بەس نەبوو چەرچی تێروپڕیشی لێ نەدام.»

سـەری بلّیند کرد تەمـاشـای کرد کاروانێکی گەورە و گران دێ. تەپ و تۆز دنیای داگرتووە. کوێرئۆغلّی دلّی خۆش بوو.

لە دلّی خۆیدا گوتی: مەلّێ هەر ئێستا بەگژ کـاروانییاندا دەچم و رووتیـان دەکـەمـەوە بەبێ ئەوەی یەکیـشیـان لێ بکوژم، هەمـوویان بـالّبـەست دەکـەم و وەپێش خـۆمیـان دەدەم و بۆ کن مـام کـۆسـەیان دەبەم، پێی دەسـەلمێنم کـە کاروان ڕووتکردنەوە بەبێ کوشتن و خوێن ڕشتن لە شان سووکە و دەکرێ.

«سـەرەک کـاروانی، سـەرەک کـاروانـی، دەسـتت لە کـاروانەکـەت هـەلّگرە و سـەرت بکرەوە و بەڕێی خۆتدا دای کێشـە و بڕۆ. ئەم کاروانە بـەشی چاملّی بێلە. واز لە کاروان بێنە، بڕۆ.»

لە پڕ سوارێک بەئەسپێکی ئالّی جوانەوە هاتە پێشی گوتی:

«کوڕە تۆ کێی ڕێ لە کاروانی دەگری؟ لە کوێڕا پەیدابووی؟ پێیان نەگوتووی ڕێگە لە کاروانی من ناگیرێ؟ ئەگەر پیاوە با کەنعانە کۆسە خۆی بێ ڕێ لە کاروانی من بگرێ... لاکەوە، برۆ بەڕێی خۆتەوە.»

کوێرئۆغڵی لە شۆخی سەرەک کاروانی مات و سەرسام بوو. تا ئێستا، ژنێکی جوان ببێ بەسەرەک کاروانی، نە دیتبووی و نەبیستبووی.

«فێریان نەکردووی کە ئازایەک خۆی بەئازا و مەرد بزانێ بەگژ ژناندا ناچێ و کاروان ڕووت ناکاتەوە. بەڕاستی منداڵێکی بێ شەرم و شکۆی. لاچۆ لەسەر ڕێگەم.»

کوێرئۆغڵی دەنگی نەکرد، ڕێگەی بۆ ئەمیش چۆڵ کرد، لێی دا ڕۆیشت.

ئێ‌یێی ئەمە چییە و چی پێ دەڵێن؟ ئەمە چ ئیشێکە، لە ئەقڵ و ئاوەز بەدەرە؟ هەرکەسێ بێرەدا دێ بالۆرەیەک بۆ خۆی هەڵدەبەستێ. یەکیان ژنە، یەکیان پیرەمێردە، هەمووشیان هەر وەکو بەسەر کوڕی باویاندا بخوڕن، بێ پەروا و بێ باک دەخوڕن و دەڕۆن.

ئێوارە بوو، ڕۆژئاوا بووبوو، کوێرئۆغڵی بەلۆژە لۆژ بۆ چامڵی بێل گەڕایەوە.

کەنعانە کۆسە بەبزەیەکی فێڵبازانەوە بەپیرییەوە چوو.

«ئەوە چییە لاوۆ؟ هەوەڵ ڕاوشکارت پیرۆز... چت دەس کەوت؟»

«مام کۆسە ئەمڕۆ کەس بەو ڕێگەیەدا نەهات و نەچوو.»

«چۆن دەبێ ڕۆڵەی خۆم، ئەمڕۆ ڕێگە لەبەر کاروانان یەکی دی نەدەگرت. یاخۆ، خوانەخواستە، ئەتۆ چاوت شتێکیەتی؟»

کوێرئۆغڵی بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژەی یەکە بەیەکە سەرلەبەر بۆ کەنعانە کۆسە گێڕایەوە. کۆسە هیچی نەگوت.

نەیگوت دەبوو وات کردبا، ئەمەت کردبا...

بۆ ڕۆژی دواییێ کوێرئۆغڵی دیسان سواری ئەسپ بوو، چووە سەرڕێگە.

ئەمـڕۆش هـەروەک دوێنـێ برێ کـاروانـی تووش هـاتن، برێ چەرچی و ڕێبـواری سـەڵتـە زەلامـی تووش هـاتـن. یەکێ کـوێر، یەکێ کـەڕ، یەکێ شـەل... هەرکەسێکیشی تووش دەهات فەسڵێکی مزری پێ دەکرد.

کوێرئۆغـڵـی ئەوێ ڕۆژێش هـەروا بەدەسـتی ڕووت گەڕایەوە. کۆسـە هـەرکە کوێر ئۆغڵی بەدەستی ڕووت دەگەڕایەوە بۆ چاملی بێل مـتەقی نەدەکرد، هەر سووکە زەردەی دەهاتێ.

کـوێرئۆغـڵـیش هـەر پیـشی دەخـواردەوە. پیـاوێکی ئازا و ڕێکوپێکی تووش نەدەهات. ئەوی تووشـی دەهات، یا کـوێر، یا شـەل، یا شـێت بوو، زۆربەشـیـان لەوانەبـوون کـە وەکـو دەرۆزەکـەر دەپاڕانەوە. پیـاوێ خـۆی بەپیـاو بـزانـێ ئەم جـۆرە کـەسـانـە چۆن ڕووت دەکـاتـەوە؟ کـاری وا لە پیـاوی ئازا و مـەرد دەوەشێتەوە؟

تازە شـەبەقی دابوو، کـوێرئۆغـڵـی دیسـان هـاتبـووە سـەر ڕێگە، هەر وەک جاری جاران سەرەک کاروانیی بەبڕوبیانوو و دەم و دەست بەپاڕانەوەی بەڕێ دەکرد. لە نکاو، کاکی برای، کاروانێک لە دووررا بەدیارکەوت، بەڵام کاروان چ کـاروان، نەسـەری دیاربوو و نەدوای. کـەڵەمـێـردێک لە نوای کـاروانەکـەوە دەڕۆیشت هـەروەکو ڕەیحـان عارەبەکەی لەمـەڕ بەگی بۆڵوو دەچوو. ئەسپـەکەی تا بلێی زل و زەلام بوو، دوو سێ هێندەی ئەسـپـەبۆرە دەبوو. سـوارەکە هێندە بەسام بوو، هێند بەسام بوو... کە تەماشای دەکرد ڕۆڵەم دەویست خۆی لەبەر بگرێ. بەڵام ئەمە ئەو نێچیرە بوو کە لەمێژبوو کوێرئۆغڵی چاوەنۆڕی بوو.

زۆری پێ خـۆش بـوو. خـۆ ئێـشـەڵڵا ئەم زەبەللاحـە دێوەزمـەیەش دەست بەپاڕانەوە نـاکـا؟ بشـپـاڕێتـەوە، بشکـڕووزێتـەوە، ئەم جـارە چـار ناچارە، دەبێ ئەم کـاروانە ڕووت کاتەوە. بـرادەر ئینسـانـی ئەم دەوروبەرە جـۆرێکی تایبـەتن. ئەمانە چ جۆرە مرۆیەکن؟ کوڕە خۆ پیاوێکی پیـاو ئاساییان تێدا نییە. هەموو هـەر دەپاڕێنـەوە، دەکڕووزێنەوە. کـاروانەکـە لە کەل هـات بەم دیوا، لە چامـڵـی بێل نزیک بووەوە. کوێرئۆغڵی نەڕاندی کەژ و کێوی لەبەر لەرزی.

«سـەرەک بازرگـان، سـەرەک بازرگـان کـاروانەکـەت بەجێ بێڵـە و بڕۆ. دەنا کارت کراوە...»

ئەسپەبۆرەی تاودا، هەڵی کوتایە سەر کاروان...

سـەرەک بازرگـان گورزێکی بەدەستـەوەبوو بۆ کوێرئۆغڵـیی ڕاوەشـاند، پەنا بەخوا سێ هێندەی کوێرئۆغڵی دەبوو.

کەنعانەکۆسـە کە لە تێزەی قەڵاوە چاوی بەم دیمەنـە کەوت هەناوی هاتە نێو زاری.

«ئەی هـاوار بـەمـاڵم هـەی، هەی هـاوار هەی... کـوێرئۆغـڵی تیـا چوو. کـوڕە کـەوت، وەبـەر چەنگاڵی هەرە چاونەترس و بێ بەزەترین پیـاوی ئەم دنیـایە کـەوت. وەبەر چەنگاڵی ئـەم داڵە دڕە کەوت. ئـیدی قـوتاربوونی بۆ نـییـە. ئەی هـاوار هەی... دەسـتـم کـەوت و لە دەسـتم چوو، گـوتم دەنگ مـەکـە سـا چامـڵی بێلم بۆ ئاوەدان دەکاتەوە و یەکێ هەیە لانی شێران بپارێزێ.

ئەی لاوی بێ یەغباڵ... ئەی هـاوار هـەی...»

کۆسـە چ بکا، ئەگەر سـواری ئەسـپـەکەی دەبوو، دەچـووە سـەرڕێگە، تا ئەو دەیگەیشتێ شەڕ دەبڕایەوە... نەشدەگەیشتێ.

کـۆسـە ئـیـدی دەسـەپاچە وەکو کـونـدی سـەروێرانە لە قـەڵای چامـڵی بێل مایەوە.

«ئەی هـاوار هـەی... سەت حەیف، سەد مخابن...»

لە پـڕێکا سـەرەک بازرگـان و کـوێرەئۆغـڵی پێکیـان دادا. کـۆسـە چاوی بەگـورزڕاوەشـاندنی سـەرەک بـازرگـان کـەوت. هەردوو چاوی گـرت. هەر کـە چاوی کـردەوە هیـچی نـەدیت. هەمـوو شـتێ، کـاروانەکـە، سـەرەک بازرگـان، کوێرئۆغڵی، هـەمـوو شـتێ نوقمی نێـو تـەپ و تۆز بووبوو. کۆسـە لە تاو ئەوەی کە هیچی نەدەبینی بەخەفەتەوە دەتلایەوە.

لە ناکـاو تـەپ و تۆزەکـە نیشـتـەوە، ئەسـپـەبۆرە بـەدیارکەوت. کوێرئۆغـڵـیی بەسـەر پشتەوە بوو، سەرەک بازرگانیش بۆ خۆی لە زەوی کەوتبوو.

کـوێرئۆغـڵی خـۆی لـەبەر گورزی سـەرەک بازرگـان لادابوو و بەگـورز هەڵی کـــوتابـووە ســـەری، هـەر هـێندەی یـەک و دوو بڵـــێی بـەعـــاردیدا دابـوو و ئەسـپـەبۆرەش کـەوتبـووە ئەو نـاوە هـەرچی بەردەکـەوت بەقـەپ و گـاز هەڵی دەدڕی، هـەرچی لە پاشـەوە بۆی دەچوو بەجووتە دەیکوشت، ئیدی ئەسپی تاین شـێت و هـار بووبوو. هـیچ شـتـێ خـۆی لەبـەر نەدەگرت. لـە بنیـادەم و ئەسپ و ماین، لە دار، لە درەخت، هەمووی ژێر و ژوور دەکرد.

نامـەخـوا ئەو ناوە لەپڕێکا ڕووناک بووەوە و هەمـوو شـتـێ تەواوبوو. تەنیـا ناڵەی سەرەک بازرگان نەبێ کە دار و بەردی دەهەژاند.

کـوێرئۆغـڵی کـاروانیـیـەکـانی سـەرلـەبەر باڵ بەست کـردن، ســەرەک بازرگانیشی بەسەر ئەسپەکەیەوە بەست و گەڕایەوە بۆ چامڵی بێل.

کـەنعـانە کـۆسـە کوێرئۆغڵـیی لە ڕێگەی چامـڵی بێل تووش هات. هەردوو چاوی ماچ کرد.

«لاوۆ، تۆ نابی بەڕێگر و جەردە. تۆ دەبی بەپاتشـای چامڵی بێل. من ئەمە چەند ڕۆژە لـە دوورەوە سـەیرم دەکـردی. دەسـتت بۆ زەعـیف و پیـرەمـێـرد و ترسنۆک و هەژار و ئافرەت نەبرد. بەگژ یەکێکدا چووی لە خۆت زۆر بەهێزتر بوو. خـۆت وەکـو شـەهێن بەیەکـێکدا دا هاوسـەنگی نەبووی. ئەم سـەرەک بازرگـانە ئەمـە بیـست سـاڵی ڕێکە بەڕێگەی چامـڵی بێلدا هـاتوچۆ دەکـا، ئێستـاش کەسێک نەیوێرا بەرەنگاری بێ. تەنانەت من خـۆشم زاتم نەدەکرد بەرەنگاری ببم. پیرۆزت بێ. جا با من بڕۆم، سەیرێکی سەرەک بازرگان بکەم، پیاوێکی ئازایە با پەرێشان نەبێ.»

ئـەم کـاروانە گـەورەترین کـاروانی ڕۆژهـەڵات بوو، سـەرەک بازرگـان بەجـەرگـترین پیـاو بوو. باروبـارخـانەکـەی زێڕ و زێو و ئـەتڵـەس و ئاوریشـم و قوماش و شـاڵی لاهـوور بوو. هـەزار هۆبە و هۆبەسـات بەکوتـاڵی ئەم کـاروانە ئاوەدان دەکرایەوە.

تێللی نیگار ئەم ڕاووشـکارەی لە کـوێرئـۆغـڵی پیـرۆزبایی کـرد و هـەردوو

چاوانی ماچ کرد.

کەنعانە کۆسە خەریکی سەرەک بازرگان بوو و جەڕاحی بۆ تیمارکردنی برینەکانی پەیدا دەکرد، گوتی:

«سەرەک بازرگان هیچی نییە. سبەی نا دووەی چاک دەبێتەوە و وەکو گوێزی ساغی لێ دێ، سوار دەبێ و دەڕوا، ئیدی جارێکی دیکە بەئاوەزبێ بەم چامڵی بێلەدا تێ ناپەڕێ. جا گوێت لە مامی خۆت بێ لاوۆ... سبەینێ ئالای داوەت و شـایی هەڵدەکەین و دەست بەتەدارەکی شایی دەکەین. من دەعوەتنامەکانم هەموو نووسیوە. دەعوەتنامەیەک بۆ بەگی بۆڵوویش دەنێرم. گوتم سەرداری چامڵی بێل ژن دەگوێزێتەوە، پادشای عوسمانلیشم بانگ کردووە. نووسیومە پاتشای چامڵی بێل ژنی دێنێ، ئەوی حەزی لێ بێ دێ، ئەوی حەزیشی لێ نەبێ نایێ. سێ سەت و شێست بەگی سێ سەت و شێست بەرە هۆزم بۆ داوەتەکە بانگ کردوون. هەموویان دێن. بەسەدان بەگە دووردەستەکانی عوسمانلیشم بانگ کردوون. هەرچی ڕێگر و یاخی ئەو چیایانەش هەن ئەوانیشم هەموو بانگ کردوون. مام کۆسەت بڕیاری داوە چل شەو و چل ڕۆژان لە چامڵی بێل شایی و زەماوەند بگێڕی. بڕیارم داوە شایی و زەماوەندێ لەم چامڵی بێلە بگێڕم نە پاتشای عوسمانلی، نە شای ئێران، نە قڕاڵی فەرەنگ، نە مەهراجای هیندستان شتی وایان بینیبێ و بیستبێ.»

کۆسە هەرچییەکی بڕیار دابوو بەدیی هێنا. شاییەکی چل شەو و چل ڕۆژەی وای گێڕا مەگەر پاتشای پەرییان لە قوللەی قاف گێڕابێتی. دار و بەردی چامڵی بێل چل شەو و چل ڕۆژان سەرلەبەر بووبوو بەئاگر و چراخان. خشڵ و زێڕ و زێو بەلێشاو دەهات. هەر میر و بەگێک دەهات بەدیارییەکی واوە دەهات مەگەر هەر شیاوی بووکی کوێرئۆغڵی بێ...

ڕێگر و یاخیی چیاکانیش هەرچی زێڕ و زێوێکیان وەچەنگ کەوتبوو بۆ تێللی نیگاریان بەپێشکێش هێنا.. تێللی نیگار ئەم هەموو زێڕ و زێوەی بەخۆیدا کردبا دەبوو بەژێرییەوە و نەدەبینرا.

دیاره نه له پادشـای عوسـمانلی و نه له بهگی بۆڵوورِا سـهروسـهدایهک بهدیارنهکهوت. له شـهوی ههینیدا کوێرئۆغڵییان دهپهرده کرد... دوو دڵداری دڵ بهپهرۆش و بهتاسـهوه بهیهک گـهیشتن. کـهسی برای دوو دڵدار پێکهوه نووسـان، بهڵام چۆن پێکهوهنووسـانێ، وهکو نهخۆشـی تینوو بهجامه ئاودا، وهکو وشـتر بهوشـترخواردا بنووسێن بهو ڕهنگهبوو. وهکو کۆتر یهکتریان هەڵمژی. لهسـهر دۆشهکی قوتنی گهیشتن بهمرازان، کۆزەرەکهشی بۆ خهم و کهسهران.

ئینجا کوێرئۆغڵی له چامڵی بێل بوو بهسـهردار، ههرچی له دایکی یاخی بووبوو، ئهوی له باوی ئاسێ بووبوو، ههرکهسێ له خوا نهدهترسا، ههرچی له بهندهی خوا شـهرمی نهدهکرد له دهوری کوێرئۆغڵی کۆبوونهوه، کوێرئۆغڵی ڕێگهی گرت، باج و سـهرانهی له دهوڵهمهندان ساند، لات و لهوارانی تێرکرد، ههژار و دهسـتـهوسـانانی حـاواندهوه، ناوبانگی بهئێـران و توورانـدا بڵاو بووبووهوه، پاتشـای عوسـمانلی، شـای ئێـران ترسـیان ڕێ نیشت. ههر سـهفهرێکی بوو بهداسـتانێک و ههر داسـتانێکی وهسـهر زاری دهیان ئاشق کهوت.

گوێدێرینه ئێوهش ههمیشه بهختهوهربن، خهم پهژارهتان لێ بهدووربێ، ئاکام و سـهرهنجامی ههمووتان بهخێر بگهڕێ، جارێکی دیکه ئهم داستانه بهمهزهتر بگێڕنهوه، دهماخی گوێدێرانی پێ چاخ بێ، بهرۆکی مـهردانهتان نهکهوێته دهستی نامهردان. مامۆستامان نێوی خدر بوو، ئهوهی ئهم جارهمان له دهست هات ههر ئهوه بوو.

# فەرهەنگۆک

**ئ**

ئاژۆت: ڕانی، لێ خوڕی

ئاوەز: عەقڵ، هۆش

ئاورینگ: تیشک

ئاشق: بەو کەسانە دەڵێن خۆیان بۆ بەیت و بەندخوانی و داستانبێژی تەرخان دەکەن و بەگوندانەوە دەگەڕێن و داستان و بەیت و بەندان بەتارژەنینەوە دەگێڕنەوە.

ئاغەڵ: تەویلە و پشتیر.

ئاکام: ئەنجام، عاقیبەت.

ئاتاج: ئیحتیاج

ئەزموون: تەجرەبە

ئیدی: ئیتر

ئەستوورک: کولێرەنان

ئێرەیی: حەسوودی

**ب**

باندوور: نیر، کۆت

بژیو: دەرەتان و گوزەران

بوونەوەر: مخلوقات

بتوون: تەواو، پێکەڵ، (کامل)

بەرۆک: یەخە، پێسیر

بڕا: بڕندە، تیژ

بڕیە: بڕیار، گفت

بەیان ئەنگوت: بەیانی دا

بەدەو: جوان، شۆخ

**پ**

پەنام: نهێنی

پێور: ستێری بچووک

پێل: شەپۆڵ

شاپێل: شەپۆڵی گەورە

**ت**

تەرک: پاشەوەی ئەسپ، سەرسمتی

ترۆپک: لووتکە، تەپڵەسەری چیا

تخووب: سنوور، کەوشەن

تۆرەوسۆرە: تۆرەمە، زورپیەت
تێزە: ئەو کون و کەلێنی شەڕکەر له قەڵاڕا تیریان لێ داوێن.

**چ**

چاکبوون: پەڕینی ئەسپ
چاخ: خۆش، ساز

**د**

دزێو: ناشیرین
دوونگەکردن: سۆسەکردن
دەرگیستی: دەزگیران
دەسـمـاڵکردن: ڕنەک کـردن، قاشاویش کردن.
دۆژ: دۆزەخ، جەهەننەم
دەرۆزەکەر: سواڵکەر
داخاوت: قسەی دەکرد

**ر**

ڕامان: ڕووانین
ڕەنێوهێنان: بەرهەمهێنان

**ز**

زایمان: زاوزێ
زێد: نیشتمان
زەنوێر: سازگار و بەدەرامەت
زریان: بای قایم

زۆری بـه تـانـا نـەڕۆیـن: زۆر لـه سـەر قـسـه نـەڕۆین. (کنایة)یه.

**ژ**

ژی: ژیان

**س**

سۆبایی: مەلەوانی
سەڵەف: غار
سۆنگە: هۆ، سەبەب
سانایی: ئاسانی
سپێدە: بەرەبەیان

**ک**

کوور: قووڵ
کرێت: خراپ، دزێو
کۆتان: ئاموورێک پێنج تا شەش گاسنی پێوەبێ
کەپوو: لووت
کەپک: قوتکەی سەر ڕەشماڵان
کەنین: پێکەنین
کەڵەوەکێشی: سەرکێشی
کووژەکە: پیرۆزە
کەسەر: خەم
کەلاخستن: بواردن

## گ

گەمار: گلاو

گوێدێر: گوێگر

گاوگەردوون: قوربانی

لاوەگەر: ئەو ژنەی بۆ مردوو دەلاوێتەوە، سازلێیان.

لێ: بەڵام

## م

ماە: چیا، کێو

مقاو: پەسبوی هەسپان

مارۆ: قەش و چوارپەل سپی

مەیتەر: سایس، ئەو کەسە ئەسپ و ماین بەخێو دەکا.

موعەممادار: لەغزاوی

مامزە: مامێز، ئەو پوولەکە ددان ددانەیە لە ئاوزەنگیدا بەپشت گوێزینگی سوارەوە لە تەنگەی ئەسپ و مایناندوە دەژەندرێ بۆ ئاژۆتن و غاردان.

مشتن: مژین

منەیی: لێگەڕان، سۆراخکردن

مەڵێ: توومەز

میرغەزەب: سەربڕ، جەللاد

## ن

نێی پەڕی: لە بڕشت کەوت

نامەخوا: پەنا بەخوا

نەخاسما: نەخوازەڵڵا

## ه

هەڵبڕان: جوێبوونەوە

هەمبەر: بەرانبەر

هیشک: وشک

هەمدیس: هەمیسان

هەتوان: مەڵحەم